سەمیرە بەحر

# دەروازەیەك بۆ ناسینی کێشەی کەمینەکان

وەرگێڕانی
خەلیل عارف جەرجیس

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
سلێمانی ٢٠٠٧

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان

دەزگایەکی کەلتورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی نێو دەوڵەتانو ئابوریو مەسەلە ستراتیجییەکانو مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەنو بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.

Fered1956@yahoo.com


- سەمیرە بەحر
- دەروازەیەك بۆ ناسینی کێشەی کەمینەکان
- وەرگێڕانی خەلیل عارف جەرجیس
- بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
- سلێمانی ٢٠٠٧
- ژمارەی سپاردن (٣٥٣)ی ساڵی ٢٠٠٧
- ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی سەنتەر: ٢/٤٥/٧

# پێشەکیی چاپی کوردی

لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو کتێبانەی باس لەکێشەی کەمینەکان دەکەن ژمارەیان کەمەو زۆربەشیان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی نەوەدی سەدەی رابردوو. یەکێ لەو هۆیانەی وای کردوە لەناوچەکەدا کەم بایەخ بەکێشەی کەمینەکان بدرێ پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەبەشێکی زۆری دەوڵەتانی ناوچەکە کێشەی کەمینەیان هەیەو هیچ سیاسەتێکیش بۆ سەلماندنی مافی ئەو کەمینانە بەدی ناکرێ. سیاسەتی فەرمیی دەوڵەتانی ناوچەکە هەمیشە خۆی لەبونی کەمینەکان بێ ئاگا کردووەو لەزۆربەی ئەو دەوڵەتانەشدا بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵ دراوە بتوێنرێنەوە یاخود لانی کەم تێکهەڵکێشی کۆمەڵە گەورە بکرێن بەجۆرێك کەتایبەتمەندییە خۆیی‌یەکانی خۆیان لەدەست بدەن‌و هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەتی دەوڵەت نەبێ.

لەناوچەکەدا لەکاتێکدا کەباس لەبونی کەمینەکان کراوە، زیاتر وا باس کراوە کەئەو کەمینانە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ دەوڵەتدا نیەو هەمو مافەکانی هاوولاتیبوونیان پێ دراوەو بەهیچ شێوەکیش بەشێکی جیا لەتەونی کۆمەلایەتیی ولاتەکە پێکناهێنن. بەجۆرە، بەشێوەیەکی گشتی. دوو هێڵی هاوتەریب سەبارەت بەکێشەی کەمینەکان لەئارادا بوە یەکێکیان بریتی‌یە لەدانەنان بەبونی کەمینەو ئەوی تریان نکوڵی کردنە لەبونی کەمینە. لەڕەوتی یەکەمیاندا دەوڵەت دانی بەوەدا ناوە کە وڵات

چەند کەمینەیەکی تێدایە بەڵام هیچ مافێکی یاسایی تایبەتی بۆ ئەو کەمینانە نەسەلماندووەو هەمو مەسەلەکەی خستۆتە قاڵبی مافی هاووڵاتیبوونەوە کەمافێکە بەتەنها هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ. دیارترین نمونەش لەم روەوە دەستوری ساڵی ١٩٢٥ی عیراقە کەخاڵی شەشی دەڵێ((عیراقییەکان لەڕوی مافەوە لەبەردەم یاسادا هیچ جیاوازییەکیان نیە هەرچەند لەڕوی نەتەوەو ئاینو زمانەوە جیاوازیشیان هەبێ))کەئەمەش داننانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆو بەبێ ناوهێنانی هیچ گروپێکی دانیشتوان بەبونی رەگەزی جیاواز لەوڵاتدا. میسریش بەهەمان شێوە، لەکاتێکدا دان بەبونی کەمینەی قبتیدا دەنێ، لەدەستوردا جگە لەمافی ئازادیی پەرستن هیچ مافێکی تایبەتیان بۆ ناسەلێنێو هەوڵ دەدا مەسەلەکە لەچوارچێوەی مافەکانی هاووڵاتیبووندا چارەسەر بکات. دەستوری ئێرانیش بەهەمان پێودانگی دەستوری ساڵی ١٩٢٥ی عیراق دان بەپێکهاتەی جیاوازدا دەنێو ئەو مافەش بۆ کەمینەکان(یاخود نەتەوەکان) دەسەلێنێ کەسود لەزمانی تایبەتی خۆیان وەرگرن، بەڵام بەکردەوە هیچ کەمینەیەك لەئێراندا ناتوانێ بەزمانی خۆی لەخوێندنگە بخوێنێ. لەئێران لەکاتێکدا دەستور ناوی کەمینە ئاینییەکانی وەك زەردەشتیو ئەرمەنو جولەکە دێنێ، ناوی نەتەوە گەورەکانی وەکو کورد ئازەرو عەربو بلوچ ناهێنێ، ئەویش لەو روانگەیەوە کەئەوانە هەمویان موسڵمانو پێویست بەناوهێنانیان ناکا.

لەڕەوتی دووەم دا بەشێکی دەوڵەتانی ناوچەکە باسکردنی بونی کەمینە بەهەڕەشەیەکی ترسناك بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانو بەهیچ شێوەیەك مافە مرۆییەکان بەشێوەیەکی یاسایی بۆ کەمینەکانیان ناسەلێنن. دیارترین نمونە تورکیایە کە تائێستا

دەستورەکەی دان بەبونی کورددا نانیّ‌و سەرەرای هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر زمانی کوردی، تائێستا کورد لەروی دەستورییەوە هیچ مافێکی بەمسۆگەری بۆ دابین نەکراوە. سوریاش لەسایەی رژێمی حزبی بەعس جگە لەمافی ئازادیی پەرستن بۆ کەمینە مەسیحییەکانی، هیچ مافێکی بۆ کەمینەکانی تر نەسەلماندووەو سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت باسکردنی هەمو جۆرە مافێك بۆ کەمینەکان بەکارێکی نایاسایی لەقەڵەم دەدا. لەهەردوو دەوڵەتدا هەمیشە وا باس لەپێکهاتەی گەل دەکریّ کەپێکهاتەیەکی یەکپارچەیەو هەر هەوڵێك بۆ داواکردنی مافی تایبەت تێکدانی یەکپارچەیی گەلە. لەعەرەبستانی سعودیش کە تا ئێستا دەوڵەتێکی بیّ دەستورە بەو بیانووەی کەدەستوری دەوڵەت قورئانەو دەستور بیدعەیەکی ئەوروپاییە، هیچ گرەنتییەکی یاسایی بۆ مافەکانی کەمینەی شیعە مەزهەب نیە.

بایەخدان بەکێشەی کەمینەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا زیاتر لەسالآنی نەوەدی سەدەی رابردووەوە دەستی پیّ کرد، ئەویش لەبەر دوو هۆ: هۆیەکی دەرەکی کەپەیوەندیی بەپەرەسەندنی کێشەی کەمینەکانەوە هەیە لەسەر ئاستی هەمو جیهان پاش روخانی جیهانی دوو جەمسەری‌و سەر ئاو کەوتنی کێشە لەبەرچاو ونەکان، لەوانە کێشەی کەمینەکان بەتایبەتی لەروسیاو یۆگسلاڤیای جاران. هۆکەی تریش هۆیەکی ناوخۆیییەو پەیوەندیی بەپەرەسەندنی خەباتی کەمینەکانی ناوچەکەوە هەیە کەسالآنێکی دورو درێژە بەشێوەی جیاواز هەوڵی بەدەستهێنانی مافە یاساییەکانی خۆیان وەکو کەمینە دەدەن‌و پێیان وایە نکوڵی کردن لەکێشەکانیان یاخود سەلماندنی مافی هاوولاتیبوون بەتەنها نەیتوانیوە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکانیان بدۆزێتەوە.

**عیراق ولاّتێكی فره دانیشتوانەو دانیشتوانەكەی لەڕوی زمانو مێژوو و ڕەچەڵەكو ئاینو مەزهەبەوە جیاوازییان لەنێوان دایە. هەمو گروپەكانی دانیشتوانی عیراق جگە لەشیعە، كەمینەنو تایبەتمەندێتیی عیراق لەوە دایە كە بەدرێژاییی ماوەی نێوان ١٩٢١-٢٠٠٣ كەمینەیەك كەعەرەبی سوننەیە، حوكمڕانیی كردوە. عیراق هەمیشە كێشەی كەمینەی هەبوەو جێی سەرنجە كەچینی سیاسیی عیراق لەبەر گەلێك هۆ كەگرنگترینیان زاڵبونی بیروباوەڕی پانعەرەبیزمە بەسەر بیركردنەوەكەیدا، نەیتوانیوە چارەسەری گونجاو بۆ كێشەی كەمینەكان بدۆزێتەوەو بەردەوام كەمینەكانی بەهەڕەشە بۆ سەر دەوڵەت زانیوە.**

**لەلایەكی ترەوە، كوردستان خۆی ولاّتێكە چەندین كەمینەی تێدا دەژی كەهەندێكی ئەتنیكیی‌یە وەكو توركمان و عەرەب و هەندێكی ئاینیی‌یە وەكو ئێزدییەكانو كاكەییی‌یەكانو هەندێكی ئەتنیكی-ئاینیی‌یە وەكو ئاشورییەكانو كلدانەكانو هەندێكی مەزهەبیی‌یە وەكو شیعەكان. لەم سۆنگەیەوە، بایەخدان بەكێشەی كەمینەكانو تێگەیشتنی كرۆكی كێشەكە بۆ كوردستانیش بایەخی خۆی هەیە.**

**وەك چۆن كتێبخانەی عەرەبی، فارسی، توركی لەڕوی ژمارەی ئەو كتێبانەوە كەباس لەكێشەی كەمینەكان دەكەن، بەكتێبخانەی دەوڵەمەند ناژمێردرێن، كتێبخانەی كوردیش لەم ڕووەوە هەژارە. لەوانەیە ئەم كتێبە یەكەم كتێب بێ بەزمانی كوردی دەربارەی كێشەی كەمینەكان. بەلاّم ئەمە نكوڵی لەوە ناكا كە بەزمانی كوردی چەند لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی كەمینەكانو كێشەكانیان هەیە بەتایبەتی لەدوتوێی لاپەڕەكانی((گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی))كە لەساڵی ١٩٩٢ـەوە دەردەچێو گۆڤاری((سیاسەتی نێودەوڵەتان))كە تائێستا حەوت ژمارەی لێ دەرچووە.**

ئەم کتێبە یارمەتیی ئەوە دەدا کە شارەزایی‌یەکی تیۆریکی سەبارەت بەکێشەی کەمینەکان پەیدا بکرێ. بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بەم کتێبەوە هەیە ئەوەیە کەکتێبەکە زیاتر بایەخ بەکێشەی کەمینەکانی ئەوروپاو ئەمریکا دەداو کەمتر خۆی لەقەرەی کێشەی کەمینەکانی رۆژهەڵات دەدا بەڵام سەرەڕای ئەمە، ئەو لێکۆڵینەوە وردەی کەنوسەر سەبارەت بەپەیوەندییەکانی نێوان زۆرینەو کەمینە ئەنجامی داوە، سودێکی زۆری بۆ هەموو ئەوانە هەیە کەسەرگەرمی توێژینەوەن دەربارەی چۆنێتیی رێکخستنی پەیوەندیی نێوان زۆرینەو کەمینەکان.

لەکۆتاییدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کەزمانی نوسەر زمانێکی قورسەو هەست بەوە دەکرێ کەخودی عەرەبییەکەی نوسەر لەژێر کاریگەریی زمانی ئینگلیزیدایە. ئەمەش کاریگەریی لەسەر شێوەی وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی بەجێ هێشتووەو لەکاتی وەرگێڕاندا بوەتە مایەی دروست کردنی هەندێ کێشە.

وەرگێڕ

هەولێر ٢٢/٤/٢٠٠٧

# پێشەکیی نوسەر

## ناسینی کەمینەکان

دانانی پێناسەیەکی نەگۆڕ بۆ هەمو ئەو گروپانەی کە بەکەمینە یان بەکەمایەتی دادەنرێن، کارێکی دژوارە، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە:

١-کەمینەکان بەپێی جیاوازیی چەمکەکانی فەرامۆشکردنو پەراوێزخستنو بەپێی پەیوەندییان بەگروپە کۆنترۆڵکەرەکانی کۆمەڵو هەروەها بەپێی هەڵوێستیان بەرامبەر بەهەلومەرجی کۆمەڵ، لێك جیا دەکرێنەوە. لەبەر ئەوە تاوتوێ کردنی کەمینە ئیتنیکییەکان[1] لەتاوتوێ کردنێکەوە بۆ تاوتوێ کردنێکی تر جیاوازە، ئەویش بەپێی هۆکانی چەوساندنەوەی ئەو کەمینانە لەسۆنگەی رەگەزو ئاینو نەتەوەو کەلتورەوە.

٢-پەیوەندیی جێگیری نێوان گروپە زۆرینەکانو گروپە کەمینەکان لەژێر کاریگەریی چەندەها فاکتەر دایە:

---

[1] گروپی ئیتنیکی گروپێکی مرۆییە لەچەندەها تایبەتمەندیی کەلتوریدا هاوبەشە وەك زمان یان ئاین وەك رەگەزی فەرەنسی یان رەگەزی جولەکە. ئەم جۆرە گروپە لەو گروپانەی تر جیایە کەچەند تایبەتمەندییەکی ئۆرگانیکیی سروشتیی لەگۆڕان بەدەریان هەیەو ئەو تایبەتمەندییانە بەشێوەیەکی ریشەیی پەیوەندییان بەتواناو کارامەییە نائۆرگانیکییەکانەوە هەیە کە لەسەر بنچینەی کەلتور دەکرێ لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە دەستنیشان بکرێن.

ا-ئەو بارەی کەتێیدا یەك کەمینە هەیە، جیاوازە لەو بارەی کەتێیدا چەند کەمینەیەك لەیەك کۆمەڵدا هەیە. ئەگەر کۆمەڵ یەك کەمینەی لێ بوو، ئەو کەمینەیە دوچاری جۆرەها چەشنی نیگەرانیو دڵەڕاوکێ دەبێو گروپی دەستڕۆیشتوو هەمو جۆرە هێزێك لەدژی بەکار دێنێ بەڵام کاتێك کۆمەڵ چەندەها کەمینەی لێ بێ- وەك ئەوەی لەئەمریکادا باوە-تاك بەئاسانیەیەکی ریژەیی دەتوانێ خۆی لەباری خۆی راپسکێنێو بەرەو باشتر گەشە بکا، جگە لەوەی کەکاتێك کۆمەڵ چەندەها کەمینەی تێدا بێ، دەشێ گروپی زۆرینە کەمینەکان بەشەڕ بێنێو بیانکا بەگژ یەکتریدا. دیارە ئەمەش کار دەکاتە سەر ریوشوێنو چۆنێتی هەڵسوکەوتی هەر کەمینەیەك بەرامبەر بەیەکتری.

ب-جیاوازیی ئەندازەی کەلتورو زمانو نژاد فاکتەرێکی ترە. چەند ئەو جیاوازییانە قوڵتر بن، ئەوەندەش هەلومەرجی لەئارادابوو وشکوبرینگتر دەبێ.

٣-بایەخدان بەشیکردنەوەی کارلێکی نێوان زۆرینەو کەمینە دەبێتە هۆی بایەخدان بەئاسەوارە جیاوازەکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە زۆروزەبەندە جیاوازەکان. هەر بۆ نمونە:

ا-پەیوەندییە رەگەزییەکان لەکۆمەڵێکدا کەبنەماکەی پێشبڕکییە (واتە کۆمەڵەکە کۆمەڵێکی شارستانیی پیشەسازیی بەژمارە زۆرو بەچین هەمەجۆرەو ئایدیۆلۆژیاکەی ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵی لیبرالی دیموکراتی کراوەیە) بەچەشنێك پەرە دەسێنن کەجیایە لەپەرەسەندنی هەمان پەیوەندی لەکۆمەڵێکدا کەبنەماکەی بنەمایەکی پاتریارکیەیە (Paternalistic) (واتە کۆمەڵەکە کۆمەڵێکە ئابورییەکەی پشت ئەستورە بەکشتوکاڵو دابەشکردنی کار لەسەر بناغەیەکی نژادیو گروپە دەستڕۆیشتووەکەشی گروپێکی بەژمارە کەم دەبێ).

ب-پەیوەندییە رەگەزییەکان بەپێی گۆڕانی شێوەکانی کۆلۆنیالیزم‌و ڕێوشوێنە جیاجیاکانی دەگۆڕێن.

ج-پەرەسەندنی پەیوەندییە رەگەزییەکان لەو کۆمەڵانەی کە لەسەر بناغەی کۆچ دامەزراون، جیایە لەپەرەسەندنی هەمان پەیوەندی لەو کۆمەڵانەی کەدانیشتوانی رەسەن، چ وەك بڕو چ وەك چەشن، تۆخمی دەستڕۆیشتوو پێك دەهێنن[٢].

بەپێی جیاوازیی نێوان کەمینەکان، چ ئەو کەمینانە کەمینەی جیاخواز بن چ پەراوێزخراوو چ گۆشەگیر، وەك(بۆ نمونە)جیاوازی لەڕووی ریشەو نژادەوە لەباشوری ئەفریقیاو رۆدیسیاو جیاوازیی ئاینی لەهیندو جیاوازیی نەتەوەیی لەقوبرس‌و کەنەداو جیاوازیی زمان لەبەلژیك، بەپێی ئەو جۆرە جیاوازییانە، پێناسەکردنی کەمینە جیاواز دەبێ:

لویس ورت(wirth)پێی وایە کەمینە گروپێکی خەڵکە بەهۆی چەند تایبەتمەندییەکی ئۆرگانێکی یان کەلتورییەوە، بەشێوەیەك لەشێوەکان جیایە لەباقی تاکەکانی کۆمەڵ‌و لەو کۆمەڵەدا بەشێوەیەکی جیاوازو نایەکسان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ. بۆیە، ئەم گروپە وای دادەنێ کەجیاوازیی لەگەڵدا دەکرێ.

بەپێی ئەم بۆچونە، بونی کەمینە لەکۆمەڵدا بەو واتایە دێ کەئیتر گروپێکی دەستڕۆیشتوش هەیە کەئاستە کۆمەڵایەتییەکەی بالاترەو

---

[٢] بۆ لێکۆڵینەوەی زۆرتر، بەتایبەت بچۆرە سەر ئەم سەرچاوانە:

-Blue Jr, John, Patterns of Racial Strafication: A Catc goric Typoiogy" ,Phylon, 1959. pp. 364-371.

-Berghe, Pierre Vanden, "Dynamics of Racial Prejudice", Social Forces CSF), Dec, 1958, pp.141.

-Lieberson, Stanely, "A Social Theory of Race and Ethnic Relation" ,American Sociologcal Review(ASR).

مافەکانی زێدەترە. هەر بەپێی هـەمان بۆچـون، کەمینـە لێـرە بێبەشـە لەبەشداریی تەواو لەژیانی کۆمەڵ دا[٣].

لەئەوروپا مەبەست لەوشەی(کەمینە)گروپێکی دانیشتوانە تاکەکانی لەسەر خاکێك دەژین کەدەمێکە داگیریان کـردوە بـەڵام لەگـەڵ گـۆڕانی سنوردا بون بەملکەچو پاشکۆی گروپێکی تـر. ئـەم چەشـنە کەمینانـە بێبەشن لەسـەربەخۆیی سیاسـی[٤]و هەسـت بـەوە دەکـەن کـە لـەڕوی تایبەتمەندیی کەلتوری یان نژادییەوە، لەتاکەکانی قەوارەیەکی سیاسـیی دیـاریکراو جیـاوازن. کەمینــە لەبــەر هەســتکردن بــەجیاوازی، چــەند داوایەکی دەبێ ئەویش بۆ بەدی هێنانی یەکسانی لەگەڵ زۆرینەدا یـاخود بۆ دابین کردنی هەڵسوکەوتێکی تایبـەت لەسـەر بنـەمای داننـان بـەو جیاوازییانـەدا یـاخود بـۆ بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنـۆمی یـاخود- لـەکاتی ئەوپەڕی توندڕەویدا- بۆ جیابونەوە.

کۆمیســیۆنی لاوەکیــی پاراســتنی کەمینــەکانی ســەر بەنەتــەوە یەکگرتوەکان[٥] ئاوەها کەمینەی پێناسە کـردوە کەگروپێکـە لـەنێوخۆی گـەلێکی تـردا دەژیو تایبەتمەنـدیو سـیمای ئیتنیکـی یـا ئـاینی یـا زمانەوانیی دیاریکراوی وای هەیە کە بەڕونی لەتایبەتمەندیو سیماکانی بــاقی دانیشــتوان جیــاوازەو ئــەو گروپــە ئــارەزووی پاراســتنی تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە.

---

[3] -In Linton, Ralph(ed). The Science of Man in the World Crisis (Colombia, 1945),p.347.

[4] -Sekermerhorn, Richard, Minorities, Minorities Europe and American" , phylon, Summer, 1959, p.179.

[5] Year Book On Human Rights for 1950 U.N. 1952.P.490.

لەم بوارەدا هەر یەك لەچارلس واگلیو مارڤن هاریس[٦] وایـان دانـاوە کە کەمـینە پێنج تایبەتمەندیی هەیە:

١-بەشێکە لەکۆمەڵی ئەو دەوڵەتەی کە لەسایەیدا دەژی.

٢-تایبەتمەندیی ئۆرگانیکیو کەلتوریی تایبەتی هەیەو لـەو بڕوایـە دایە کەبەشە دەستڕۆیشتووەکانی ئەو کۆمەڵەی لەنێویـدا دەژی، هـەوڵی کەم کردنەوەی بەهاو سەنگی دەدەن.

٣-تەنانەت ئەگـەر تایبەتمەنـدیی کـەلتوریو بیۆلـۆژیی تایبـەتیش نـەبێ، ئەندامـەتیی نێـو کەمینـە، نـەوە لـەدوای نـەوە، پشتاوپشـت دەمێنێتەوە.

٤-سیما تایبەتە هاوبەشـەکانی نێـوان تاکـەکانی کەمینـە چەشـنە هەست کردنێك بەکـەموکوڕی یـا چەشـنە هەسـت کردنێـك بەبچـوکی دروست دەکەن کەدەبێتە هـۆی پەیـداکردنی هەسـت بـەخۆکردن لـەنێو ریزەکانیاندا.

٥-تاکەکانی کەمینە بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە یـاخود بـەپێی ژنو ژنخوازی لەنێو ریزەکانی کەمینەدا دەمێننەوە.

دیارە پەسندکردنی ئەوەی کەکەمینە گروپێکی بچوکی ئەو خەڵکەیە کە لەنێو گروپێکی گەورەتردا دەژیـن، قسـەیەکی زۆر سـادەیە، ئـەویش لەبەر دو هۆ:

هۆی یەکەم ئەوەیە کەدەشێ گەلانێك کـە لەرەگـەزو نەتـەوەو ئـاینو زمانی جیاواز پێکدێن، بۆ چەندەها نەوە لەنێو رەگەزو نەتەوەو ئاینی تردا بژین بەبێ ئەوەی وەك گروپـی جیـاواز خۆیـان بنـوێننو بـەبێ گوێدانـە

---

[6] Wagley, Charles and Harris, Marvin, Minorities in the New World (Colombia, 1958), p, 10.

توانــەوەو نەتوانــەوە. لێــرە کەمینــە کەمینەیــە چــونکە لــەم بارەیــەوە کۆمــەڵێك رەوەنــدی ســایکۆلۆژیو هەڵســوکەوتی کردارەکــی هەیــە چ لەلایەن کەمینەکەوەو چ لەلایەن زۆرینەکەوەو زۆربــەی جــاریش لەلایــەن هەردوکیانەوەیە.

هۆی دووەمیش ئەوەیە کــەژمارە، چ لــەناوخۆی گروپــی کەمینــەدا چ لەدەرەوە، گرنگــیو بایــەخی ئــەو گروپــە دیــاری ناکــا. بــۆ نمونــە، رەش پێستەکانی ئەمریکا لەناوچــەکانی مەسەســیپیو ئالاباممــاو کارۆلینــای باشور بەکەمینە دەژمێردرێن ئەگەرچی لەچــاو ســەرجەمی دانیشــتوانی ئەو ناوچانە بــەژمارە زۆرینــەی دانیشــتوان پێکــدێنن. پانتۆکــانیش کــە لەسەردەمی رژێمی ئاپارتایددا دەوروبــەری ٨٠٪ی دانیشــتوانی باشــوری ئــەفریقیایان پێکــدەهێنا، بــەگروپێکی کەمینــە دەژمێــردران چــونکە لەئاستێکی لاوەکیدا بون. بەم پێیە، دەســتەواژەی(زۆرینــە)مانــای هێــزو باڵادەســتیو دەســەڵات بــەگروپی ((دەستڕۆیشــتوو))نــاداو دەســتەواژەی کەمینەش بەشێوەیەکی رەها بەمانای گروپێکی(پاشکۆ)نایە.

بــەڵام ئەمــە نکــوڵی لــەرۆڵو کاریگــەریی قــەوارەو ژمــارەی گروپــە ئیتنیکییەکان بۆ بەدەستهێنانی دەســەڵات ناکــا. بۆیــە دور نیــە گروپــە بــــەژمارە بچـــوکەکانی زۆربـــەی هـــەرە زۆری کۆمەڵــــەکان لــــەڕوی سایکۆلۆژییەوە کەمینە بنو گروپــە بــەژمارە زۆرەکــان لــەڕوی ژمــارەوە گروپی دەستڕۆیشتوو بن، بەڕەچاوکردنی ئەوەی کەدەســەڵاتی کۆمەڵایــەتی تەنها پشت بەفاکتەری چەندایەتی نابەستێ بــەڵکو جگــە لــەو فاکتــەرە چەندەها فاکتەری تــر هەیــە وەك هێــزی ســوپایی، کارامــەیی لــەبواری رێکخستن دا، توانای رێبەرایەتی، داهات، ئاستی خوێندنو هتــد. هــەمو ئەم فاکتەرانە دەشێ سەنگی هێزی ژمارە بگــۆڕن بەچەشــنێك کــەگروپی

بەژمارە زۆر، بکەن بەکەمینە لەڕوی سـایکۆلۆژییەوەو گروپـی بـەژمارە کەم بکەن بەزۆرینە لەڕوی سایکۆلۆژییەوە.

ئەو هەلومەرجەی کەئەندامانی گروپی کەمینـە- وەك تـاك- تیێـدا دەژین، سروشتیێکی چینایەتیی وەهای تیێدایە کەدابەشکردن‌و دابەشـبون بەسەر چەند ئاستیێکدا پەسند دەکا، بگرە ئەندامـەتی لـەریزی گروپـی زۆرینە یان کەمینە ریێ لەوە ناگرێ کەکەسیێك سیمایەکی وای تیێـدا بـێ کەهەم لەنیێو زۆرینەدا بەرچاو بێ‌و هەم لەنیێو کەمینەدا. هەر بـۆ نمونـە، رەش پیێستەکانی ئەمریکا بەکەمینەیەکی رەگـەزی دەژمیێـردریێن کەچـی لەهەمان کاتدا هەندێ لەسیمای سپییەکانیان تیێـدا بـەدی دەکـرێ وەك ئـەوەی کەئـەوانیش پرۆتسـتانتن‌و بەرەگەزنامـە ئـەمریکایین‌و بـەزمانی ئینگلیـزی دەئـاخڤن‌و شارسـتانن. بۆیـە، تـا رادەیـەکی زۆر وەك گروپـە دەسترۆیشتووەکان هەڵسوکەوت دەکەن‌و کەیفیان بەسامیزم و کاتۆلیـك‌و لاتین‌و بیێگانەو ئەو کەسانە نایە کەلەنیێو کۆمەڵی ئەمریکیـدا بـەزمانی ئینگلیزی قسە ناکەن.

# بەشی یەکەم

## چەمکە تایبەتەکانی پەیوەندیی نێوان زۆرینەو کەمینە

# تەوەری یەکەم

## هەنجەتگەرایی* Prejudice

زۆربەی ئەو توێژینەوانەی لەمەسەلەی هەنجەتگەرایی‌یان کۆڵیوەتەوە بایەخیان بەو رەهەندانە داوە کە لەنێو ریزەکانی زۆرینەو گروپە دەستڕۆیشتووە سەردارەکاندا باون‌و بایەخی پێویستیان بەوە نەداوە کەبارودۆخی کەمینە تێ بگەن. رەنگە هۆی ئەمە ئەو بۆچوونە باوە بێ کەگوایە شیکردنەوەکانی کە بەکەڵکی زۆرینە دێن بەکەڵکی کەمینەو رەفتاری کەمینەش دێن. لەڕاستیشدا پەیوەندییە تێکەڵ‌و ئاڵۆسکاوەکانی چەمکی سوکایەتی، پەیوەندییان بەچەند هەڵوێستێکەوە هەیە وەك: نیگەرانی Anxiety، وشك‌و برینگی rigidity، پارێزگاری Conservatism، نەریتگەرایی Conventioralism‌و هەروەها پەیوەندیی بەچەند باکگراوندێکەوە هەیە وەك ئاستی زانستی، پیشە، ئاین، ئەندازەی کرانەوەی کۆمەڵایەتی‌و ژینگە. بەڵام زۆر لەو هەڵوێستانە تێکهەڵکێشی یەکتری دەبن بەجۆرێك کەلێکۆڵیار لەهەوڵی تاوتوێ کردنی هۆکانی دیاردەکەدا بەئەستەم‌و بەزەحمەت لێکیان جوێ دەکاتەوە، بۆیە لێرە رێککەوتن لەسەر رادەی باشی‌و گونجانی نمونەیەکی دیاریکراوی رەفتار بۆ تاوتوێ کردنی ئەو هەڵوێست‌و فاکتەرە گۆڕاوانە دەبێ بەئەرکێکی نا ئاسان[1].

---

* هەنجەتگەرایی: التحامل (وەرگێڕ).

[1] Blalock, J.R. Hurbert M., "Towards A Theory of Minority group Relations" (New York, London, Sidney: John Wiley and Sons, Inc., 1967), P.2.

بۆ نمونه، هەندێ توێژینەوە کەئاستێکی بەرزیان نیە، لەمەسەلەی هەنجەتگەرایی دەکۆڵنەوەو هەروەها ژمارەیەك تاقیکردنەوەش هەیە بۆ پێوانی هەندێ گریمانە کەهەوڵ دەدەن قۆناغی لێکۆڵینەوەی ئادگارگەرایی‌و خشتەی پۆلین تێپەڕێنن‌و فاکتەرە گۆڕاوەکان پێکەوە ببەستنەوە. لەئەنجامی ئەمەدا، هەندێ لێکۆڵینەوەی بەنرخ‌و سودبەخش پەیدا بون بەلاَم دەشێ ئاکامی هەندێکیان لەگەڵ ئاکامی هەندێ لێکۆڵینەوەی دیکەدا وێك نەیەنەوە. بەلاَم ئەگەر توانرا بەیارمەتیی دەرونناسەکان پێوانەیەکی یەکگرتوو یاخود دوو پێوانەی وا بخرێنە بەردەست کەخەسڵەتە زۆرو زەوەندەکانی پێوانەکانی رەهەندی سایکۆلۆژییان تێدا بەرجەستە ببێ‌و[2] بەپێی توانا خاڵی لاوازو چەوتیان کەم بێ، دەکرێ بگەین بەسەرەنجامی وردترو لەئاکامی ئەمەدا هەندێ لەو دوراییانە پشت گوێ دەخرێن کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندییان بەبابەتی لێکۆڵینەوەکەوە نیەو ئیتر دەتوانرێ وردە وردە وەربچەرخێینە سەر لێکۆڵینەوەی کۆمەلاَیەتی‌و تاوتوێ کردنی بابەتەکانی خودی دیاردە سیاسییەکان.

[2] لەوانە، بۆ نمونە، ئەو توێژینەوانەن کەفۆتیادۆس‌و بیگەر دەربارەی پەیوەندیی نێوان گۆڕانی رەوتە سایکۆلۆژییەکان ئەنجامیان داوە. ئەم توێژینەوەیە لەچەندەها فاکتەری گۆڕاوی کۆڵیوەتەوە کەهەر هەموی پەیوەندیی بەدەمارگیرییەوە هەیە. توێژینەوەکە گوزارشت لەرەوتە سایکۆلۆژییەکان دەکا بۆ پاساودانی دیاردە کۆمەلاَیەتییەکان. لەو توێژینەوەیە سەرنجی ئەوە دەدرێ کەدەسەلاَتی توندوتیژ ئەوەندەی بەدەمارگیرییەوە بەستراوەتەوە ئەوەندە بەهیچ فاکتەرێکی گۆڕاوی دیکەوە نەبەستراوەتەوە. لەسەر ئەم بنچینەیەش دەتوانرێ زنجیرەیەك توێژینەوە ئەنجام بدرێ کەتێیدا ئەوە بەگریمانە دابندرێ کەدەسەلاَتی توندوتیژ دەبێ بەهۆی پەیدابونی چەند رەوتێکی سایکۆلۆژیی ناکۆمەلاَیەتیی گۆشەگیرو لەکۆمەڵە خاوەن کەلتورە پێشکەوتوەکاندا دەبێتە هۆی سەردەرهێنانی ئاستێکی وەهای ناڕەزایی کەخۆی لەقەرەی شۆڕشگێڕی دەدا.

سمپسۆن و ینگەر بەجۆرە هەنجەتگەرایییان ناساندوە کە (ڕەهەنـدێکی سـۆزداریی وشـكو بـرینگ (یـاخود داشـکاندنێکی پێشـوەختە بـەلای پەسـەندکردنی هەنـدێ فاکتـەرو هۆکـاری وروژێنـەری دیـاریکراو بەشێوەیەکی دیاریکراو) بەرامبەر بـەگروپێکی دانیشـتوان کەسـەرەڕای کـەمیی لێکچـوونو کـارلێکی نێوانیـان، بەسـەر هەنـدێ چوارچـێوەی دیاریکراودا پۆل پۆل دابەش دەکرێن)[٣].

بەپێی ئەم پێناسەیە، هەنجەتگـەرایی پەلەپـەلیی لەبڕیاردانـدا پێـوە دیارە بەلاّم ڕێبازی هەنجەتگەرا سیفەتێکی سۆزداریی هەیـە کـە لـەجۆرە ڕەهەندەکانی تردا بەدی ناکرێ.

چـەندەها نوسـەریش جـەختیان لەسـەر ئـەم تایبەتمەندییـەی هەنجەتگەرایی کردۆتـەوە. ئۆگبـۆرن پێـی وایـە هەنجەتگـەرایی هەنـدێ لەڕاستییەکان هەلّدەبژێرێو بایەخیان پێ دەداو لەهەمان کاتدا چـەندەها ڕاستیی تر پشت گوێ دەخـا. هـەروەها والتـەر لیپمـان لەشـیکردنەوەی چەشنەکانی لاسایی کردنەوەو چاولێکەریدا، یـاخود ئـەوەی نـاوی نـاوە Stereotypes، ئـەوەی ڕون کردۆتـەوە کەچـۆن هەنجەتگـەرایی وەهـا لەخاوەنەکەی دەکا بەو جۆرە تەماشای تاکەکانی گروپێکی دیاریکراو بکا وەك ئەوەی بەتەواوی هاوشێوەو لێکچوو بن.

لەئەنجامی خەسلّەتی سۆزداریی ڕەهەنـدەکانی هەنجەتگەراییـدا ئـەم ڕەهەندانـە نـاتوانن خۆیـان بگـونجێنن. بەمـەش هەنجەتگـەرایی دەبێتـە هەلّوێستێکی سۆزداریی وشكو برینگ بەرامبەر گروپێکی دیـاریکراوی خەلّکی. دەشێ خەسلّەتێکی سـێیەمیش بخرێتـە پـالّ هەنجەتگەراییـەوە

---

3 Simpson, George Eaton and Yinger, Milton, "Racial and Cultural Minories" (New York and London: Evanston, 1965), P. 10.

ئەویش خـراپ بڕیاردانـە، واتـە بیرکردنـەوە بەشـێوەیەکی یەکلاکـەرەوە کەڕاسـتییەکان خـراپ لێـك دەداتـەوە یـاخود بەشـێوەی گریمانـە ئاسـا هەڵوێست بەرامبەر بەتاکەکانی گروپێکی دیاریکراو وەردەگریّ[4]. گـۆردن ئالپۆرت لەم رووەوە بۆچونێکی هاوشـێوەی هەیـەو وای بـۆ دەچـێ کەئـەو کەسـەی بڕیارەکـانی پەلەپـەلییان پێـوە دیـارەو ئەوەنـدە توندوتیـژو بەکێشمەکێشە کەپرنسیپو بنەما گشتییەکان دەشـێوێنیّ، بەکەسێکی هەنجەتگەرا دەژمێردریّ. بەڵام باسی ئەوەش دەکا کەبڕیارە پێشـوەختەکان تەنها لەو کاتەدا دەبنـە جـۆرە هەنجەتگەراییـەك کەخاوەنەکـەیان لێیـان پاشگەز نابێتەوە ئەگەر زانیاریی تازەشـی چـنگ کـەوت. ئـەم پێـوەرەی هەنجەتگەرایی شـتێکی ناواقیعیـیە چـونکە ئەگەرچـی بەپەیـداکردنی زانیاریی تازە هەنجەتگەرایی نابڕێتـەوە، بـەڵام نـاتوانریّ وەهـا دابنـدریّ کەنەمانی هەنجەتگەراییەك بەهۆی پەیدابونی زانیاری تازەوە، هەڵوێستە نوێکەش بەنۆرەی خۆی ناکاتە هەنجەتگەرایی [5].

هەر لەم سەروبەندەدا رۆبن ولیامز جۆرەکـانی هەنجەتگـەرایی بـەپێی جیاوازیی ئەرکەکانی سیستمی کۆمـەڵایەتیو جیاوازیی بەهاکانو بـەپێی هێماکان لێك جیادەکاتەوە چونکە هەنـدێ لـەجۆرەکانی هەنجەتگـەرایی جەخت لەسەر هێمایەکی دیاریکراو دەکەنەوە وەك رەنگی پێسـت کـەهیچ بایەخێکی لەبواری کاروباردا نیە. ئیتر بـەپێی ئـەم لێـك جیاکردنەوەیـە ئەگەر کەسێکی دیموکرات لەکۆمۆنیستێك یان لەفاشسـتێك بەهەنجـەت

[4] Vickery, William & Opler, Morris, "A Redifinition of Priadice for Parposes of social seienee reseatch, HR, 19٤٨, Vol, PP. 419-428.

[5] Alport, Grodon W., "The Nature of Prejudice" Readings Mass: Addison Wasiey, 1954. P. 9.

بێ، ئەوا ئەم هەنجەتەی جیایە لەهەنجەتی بەرامبەر بەژاپۆنییەك. ئەم هەنجەتگەرایی‌یە ئەگەرچی زۆر جیاواز نیە بەڵام بەسە بۆ گەڕان بەدوای لێك جیاکردنەوەی چەشنە جیاوازەکانی هەنجەتگەرایی‌دا.

ولیامز جیاوازییەکانی لەسەر بنچینەی شیکردنەوەی هۆو ئەرکەکانی هەنجەتگەرایی لێك جیا کردەوە. دیارە ئەمەش بۆ تێگەیشتن‌و کۆنترۆڵ کردنی ئەم دیاردەیە شتێکی پێویستە. لەبەر ئەوە شیکردنەوەو ناساندنی ئەم دیاردەیە دەبێ ئەم فرە جۆرییەی تێدا رەنگ بداتەوە(ئەوەش لەو لایەنەوە کەئایا فرە جۆرییەکە فرە جۆرییەکی میانڕەوە یان توندڕەوەو ئایا ئەم بەهەنجەت گرتنە لەدژی هەندێ گروپە کەکەسی بەهەنجەت پەیوەندیی شەخسی‌ی پێوە هەیە یان نا یاخود پەیوەندیی نێوانیان فراوان‌و هەمیشەیی‌یەو ئایا هەنجەتەکە نەتەوەیی‌یە لەدژی هەمو نامۆو جیاوازو بێگانەیەك یان هەنجەتێکە لەدژی خەڵکە خۆشگوزەرانەکەی وڵات‌و ئایا هەنجەتگەرایی‌یەکە بنەماکەی هەوڵدانە بۆ خۆ سازاندن لەگەڵ نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی گروپە بیانوو پێ گیراوەکەدا یاخود هەنجەتگەرایی‌یەکە پەیوەندیی بەپێداویستییە شەڕانگێزییە قوڵەکانی دەرونەوە هەیەو وەك ئەنجامی گوشارەکانی گروپە دەردەکەوێ‌و ئایا هەنجەتگەرایی‌یەکە مەبەستەکەی بەدی هێنانی هەلی هەلپەرستانەیە لەبواری ئابوری‌و سیاسەت یاخود دەمارگیرییەکە سەرچاوەکەی دەچێتەوە سەر مەیلی ئاینی یان شارستانی‌و ئایا هەنجەتگەرایی‌یەکە تایبەتە بەبیرۆکەیەکی تایبەت سەبارەت بەگروپێکی دیاریکراو یاخود هەنجەتگەرایی‌یەکە گوزارشت لەبەقێزەوەن دانانی تێکڕای گروپە دەرەکییەکان دەکا. تەنانەت ئەو هەنجەتگەرایی‌یەش کەهۆیەکەی لەبنچینەدا دەچێتەوە سەر فاکتەرە سایکۆلۆژییەکانی تاك جیاوازیی

هەیە: چونکە هەندێکی دەچێتەوە سەر رق و قینەی قوڵ و هەندێکی دەچێتەوە سەر چەندەها پاساوو پاکانەو بەهانەی شاراوەو هەندێکی بۆ خۆ گەورەکردنەو هەندێکی وەك بەرگری وایە لەچەند هۆکارو پاڵنەرێکی سێکسیی کپکراوو مت و هەندێکیشی هەوڵدانێکە بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندیی گروپەکە... هتد)[٦].

هەندێ لەنوسەرەکان پێیان خۆشە چەند جیاوازییەك سەبارەت بەدیاردەی هەنجەتگەرایی لێك جوێ بکەنەوە ئەویش لەرێی بەکارهێنانی دەستەواژەو گوزارەی جیاوازەوە لەبری سەپاندنی نمونەو ئەندازەکانی هەنجەتگەرایی. هەر لەم بوارەدا ئاکیرمان و جۆهادا، بۆ نمونە، رەفتاری بەهەنجەت لەرەفتاری رۆتینی جیا دەکەنەوە، ئەوەش لەسەر ئەو بنچینەیەی کەدەشێ گشتاندن بەپشت بەستن بەزانیاریی ناتەواوو بەبێ گوێدانە جیاوازییە تاکە کەسییەکان بەهەنجەتگەرایی دابندرێ، لەکاتێکدا رەفتاری رۆتینی جیایە لەپەلەکردن لەبڕیاردان کەیەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی هەنجەتگەرایی چونکە لێرە رادەی سەقامگیریی و نەگۆڕان رادەیەکی زۆرترە. ئەمەش یەکێکە لەجیاوازییەکان. جگە لەمە، جیاوازیی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە کەبڕیاردانی پێشوەخت لەو کاتەدا روو دەدا کەراستییەکان بەئەندازەی پێویست لەگۆڕێدا نابن، لەکاتێکدا نمونە رۆتینیەکە کەمتر بایەخ بەراستییەکان دەدا تەنانەت ئەگەر ئەو راستییانە لەبەردەستیش دا بوون.

بەڵام هەنجەتگەرایی لەلایەك لەبڕیاردانی پێشوەخت کەم رۆشنترەو لەلایەکی تریشەوە رەفتاری رۆتینی پیادە دەکا بەڵام یەکێ لەم دوو شتە نابنە نیشانەیەك بۆ جیاکردنەوەی. لەرووی سایکۆلۆژییەوە، هەنجەتگەرایی

[6] William, Robin Jr., "The Reduction of Inter-group Tensions, The Social Science Research Council(SSRC), 1947. PP. 37-38.

شێوەیەکە لەشێوەکانی دوژمنایەتیی نێوان تاکەکان لەدژی گروپێکی ناو نیشتمان یان لەدژی تاکەکانی ئەم گروپەو ئەرکێکی دیاریکراو بۆ خاوەنەکەی بەدی دێنێ کەوەسف دەکرێ بە نائەقلانیو خۆبەزلزانی. هەر ئەم رستەیەی دواییشە کەسەرنج بەلای خۆیدا رادەکێشێ چونکە مانای هەنجەتگەراییە بەشێوەیەکی وردتر لەزۆربەی پێناسەکانی پێشوو، بەچەند فاکتەرێکی تایبەتگەرای ناژیرانەو کرچوکاڵەوە دەبەستێتەوە. هەردو لێکۆڵیار ئاکیرمانو گۆهادا ئەم پێناسەیەی خۆیان لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بەدوژمنایەتی کردنی سامیزم پراکتیزە کردوە[٧].

بەڵام ئۆلیڤەر کۆکس بۆچونێکی تەواو جیاوازی بۆ پەیوەندیی نێوان هەنجەتگەراییو دژایەتیی سامیزم دەربڕیوەو وای بۆ چوە کەهۆکارە بنچینەییەکانی دیاری کردنی پەیوەندییەکانی ناوخۆی گروپێك هۆکاری ئابورینو لەم بوارەدا بەشێوەیەکی بنچینەیی بایەخی بەپەیوەندییە نژادییەکان داو بەهۆی ئەمەوە دەستەواژەی(هەنجەتگەرایی)ی بەکار هێنا وەك ئاماژەکردنێك بۆ ئەو هەلوێستو بارودۆخانەی کەتێیدا پراکتیزەکردنی هۆکاری ئابوری بەسەر کەمینە نژادییەکاندا ئاسان دەبێ.

بەپێچەوانەی نوسەرەکانی پێشوەوە، کۆکس پێی وایە دژایەتی کردنی سامیزم بەهەنجەتگەرایی ناژمێردرێ بەڵکو نەنواندنی لێبوردنێکی کۆمەڵایەتییەو لەسەر ئەو بنچینەیە کرۆکەکەی دیاری دەکرێ کەبریتییە لەئامادە نەبونی گروپە زاڵەکە بۆ لێخۆشبون لەبیروباوەڕو چالاکییەکانی گروپە بندەستەکە چونکە گروپی زاڵ لەو بڕوایە دایە کەئەم بیروباوەڕو هەڵسوڕانە یا هەڕەشەیە بۆ سەر ئارامیی یا مەترسییە بۆ سەر بەردەوامبونی ئەو هەلومەرجەی کە لەئارادایە. لەسەرێکی ترەوە، ئەو

---

[7] Ackerman, Nathan & Johada. Morie, "Anti-Semetism and Emotional Disorder" (Haper & Row, 1950), PP. 3-4.

هەنجەتگەرایی‌یەی کەبناغەکەی لەسەر نژاد یان بنەچە دامــەزراوە، بــەو واتایە دێت کەبیروباوەڕێکی کۆمەڵایەتیی وەها لەنێو کۆمەڵانی خەڵکیدا بڵاو دەبێتەوە کەگروپێکی دیاریکراو بەگروپێکی سوك‌و چـروك دادەنــێ‌و بەم شێوەیە پاساوێك بۆ چەوساندنەوەی ئەندامەکانی ئەم گروپە بەســوك‌و چروك دانراوە یان پاساوێك بۆ سود وەرگـرتن لــەداهاتی ئــەو گروپــە یــا پاساوێك بۆ هەردو مەبەست دەدۆزێتەوە.

چەوساندنەوەو زوڵم کردن دو لایەنی رەفتــاری بــێ لێبــوردنن‌و لــەدوا جاریشــدا بــەپێی ئــەم بۆچــونە بــەجۆرە هەنجەتگەرایی‌یــەکی رەگــەزی دادەنــدرێن. واتــە لێــرە ئــەو هەنجەتگەرایی‌یــەی کەبنەماکــەی نــژادە، پرۆسەیەکە رەوشێکی کۆمەڵایەتیی هەیە بۆ ئاسان کردنی هێنانــە دیــی ئادگــارێکی تایبــەتی ســود وەرگـرتن لــەکار، لەکاتێکــدا نــالێبوردەیی رەوشێکە گوزارشــت لەپەرچــە کردارێــك دەکــا کەپشــتیوانی لەهــەوڵی کۆمەڵ دەکا بۆ خۆ پاك کردنەوە لەو گروپانەی کــە لــەڕوی کەلتوریـیــەوە بەرهەڵستیی دەکەن[8].

لێرەدا ئەگەرچی لێکدانەوە ئابورییەکە ئادگارێکی گرنگی پەیوەندییە تایبەتەکانی زۆرینەو کەمایەتی نیشان دەدا بەڵام کۆکس لەڕەوتی بــەگوڕ پشتیوانی کردنی لەهۆیە ئابوریــەکانی رەفتــاری مــرۆڤ، تایبەتمەندییــە لێکچووەکانی شێوە جیاوازەکانی پەیوەندیی نێوان زۆرینــەو کەمایــەتی تێکەڵاو کردو زیاد لەپێویست هۆیــە ئــاڵۆزو ئاوێتــەکانی بەشــێوەیەکی سادەو ســاکار تەماشــا کــردو لەئــەنجامی ئەمــەدا هەنــدێ ســەرەنجامی نادروســتی بەدەســت هێنــا کــەزۆر بەســادەیی وەری گــرت وەك ئــەوەی کەگوتویەتی((دوژمنایەتی کردنی ســامیزم هەڵوێســتێکی راســتەوخۆیە

[8] Cox, Oliver G., "Caste, Class and Race" (Doubleday, 1948), P. 393.

لەدژی جولەکە لەبەر ئەوەی کەجولەکەن‌و هەروەها دەمــارگیریی رەگــەزی هەڵوێست نواندنێکی راســتەوخۆیە دژ بــەرەش پێســتەکان چــونکە رەش پێستەکان حەزیان بەوە دێ کەرەش پێست نەبن)).

هەر لەم بوارەدا سمپسۆن‌و ینگەر رونتر هەردوو گوزارەی نــالێبوردەیی‌و هەنجەتگەرایی پشت ئەستور بەرەگــەز یــان نــژاد لێــك جیــا دەکەنــەوە ئەویش لەسەر بنچینەی ئەوەی کەگروپی نالێبوردە هــەم نەســازان‌و هــەم لێکچــونی تێدایــە، لەکاتێکــدا گروپــی بەرەگــەز هەنجەتگــەرا لــەرێی تواندنەوە(Assimilation) دەوروژێنرێ‌و هــان دەدرێ‌و شــەرانگێزییەکەی دەردەکــەوێ، واتــە ئــەم گروپــە بەتواندنــەوە رازی نابــێ. لــەم بوارەشــدا چەوساندنەوەی ئایینی‌و کۆنترۆڵی رەگەزپەرستانە دو راستیی کۆمەڵایەتیی هەرە لێك جیاوازن. لێرە دوو نوسەرەکە دەگەنە ئەو ئاکامەی کــەگوزارەی هەنجەتگەرایی- بەشێوەیەکی گشتی- بریتییــە لەســەرجەمی پەلــەکردن لەهەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بەگروپەکان‌و بەم پێیــە پێویســتە بایــەخ بەجیاوازییــە هەمەچەشــنەکانی جۆرەکــانی هەنجەتگــەرایی‌و ئاســتە جیاوازەکانی بدرێت.

## تەوەری دووەم

# ململانێو گرژییەکانی ناو گروپی کۆمەڵایەتی

رۆبـــن ویلیـــامز دوراییـەکی تــری بــۆ پەیوەنــدیی نێــوان زۆرینـــەو کەمایــەتی پێشــکەش کــرد ئــەویش ململانێــی نــاو گروپــەو وای دانــا کەسەرەڕای پەیوەندیی پتەوی هەمو تو‌خمەکانی ئەم پەیوەندییــە بــەژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەڵام ئــەم پەیوەندییــە هەمــە جۆرییــەکی فــرە گرنگــی تێدایە. بــۆ نمونــە دەشــێ لــەو رژێمــەی کــە لەســەر بنــەمای تایفــەکان دامــەزراوە، بڕێکــی زۆر هەنجەتگــەرایی هــەبێ بــەڵام بڕێــك ململانێــی ئاشــکراو راشکاویشــی تێدایــە. لەلایــەکی تــرەوە، دەشــێ ئــەو هــەوڵو کۆششەی بۆ کەم کردنەوەی توندوتیــژیی هەنجەتگــەرایی- لایــەنی کــەم لەمەودای کورتدا- ببێ بەهۆی تەشەنە ســەندنی ململانــێ یــاخود ئــەو رەنجەی بۆ خۆلادان لەململانێ دەدرێ، روخساری نمونەکانی هەنجەتگەرایی وەرگرێ[٩].

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێ بوترێ کەململانێی نــاو گروپەکــە دەبێتە هۆی زیادکردنی هەنجەتگەرایی. لــەو کۆمەڵەشــدا کەچــینەکانی کراوەن، ئەگەری سەرهەڵدانی ململانێ بەشێوەیەکی تایبەت لەئارادایــەو لــەم گێژەنگــەدا چــینە بێبەشــەکان بەئومێــدی چــاکبونی بــارودۆخی خۆیانەوەنو هــەر لــەم بوارەشــدا گروپــی دەستڕۆیشــتوو نیگــەران دەبــێ

[٩] Williams, Robin Jr Op. Cit., P. 36.

لەپێشکەوتنی کەمینەکانو لەهەمان کاتیشدا هەست بەحەتمیـــەتی ئـەو پێشکەوتنە دەکا.

پەیوەنــدیی نێـــوان هەنجەتگــەراییو ململانـــێ لــەژێر کاریگـــەریی بارودۆخــە هاوبەشــەکانی تــری کۆمــەڵ دایــە وەك ئەنــدازەی پابەنــدبون بەیاسا، رەت کردنەوەو رەت نەکردنەوەی بێگانــەکان، بـونی هــەلی کــاری ئەلتەرناتیڤ، بەهێزیو بێهێزیی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت. بەهەر حــاڵ، دەبێ هەندێ چەمکی تایبەت بەململانێی کۆمەڵایــەتی دابڕێــژرێت کــە بەپێچەوانەی چەمکە تایبەتــەکانی هەنجەتگەراییــەوە بــێ، بەتایبــەتی کەئەم دوراییە هێشتا لــەبواری پەیوەندییــە رەگەزییەکانــدا لەشــوێنی شایستەی خۆیدا دانەنراوە. جاران زیاتر بایەخ بەهەندێ چەمکی تر دەدرا وەك رێککــەوتن، ســازان، گونجــان، هاوســەنگیو یــەکتری تــەواوکردن. وشەی(ململانێ) خۆی لەخۆیدا بەوشەیەکی خراپو قێزەوەن ناوزەد کراوە. هەندێ لەنوسەرەکانیش ویستویانە لەبواری کۆمەڵناسیدا رێز بۆ تیۆریی ململانێ بگێڕنەوە. لەبەر ئــەوە چــەمکە مارکسیســتەکەی تایبــەت بــە بەرهەڵستیی دیالەکتیکییانەی نێو گروپــە ناتــەباکان بەسەرچــاوەیەکی گرنگی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێو دەشێ لەبواری تاووتوێ کردنــی پەیوەندییە رەگەزییەکاندا سودبەخش بێ[١٠].

لەم رووەوە زەبروزەنگی کۆمەڵایــەتی بریتییــە لــەهێرش کردنــە ســەر تاکەکان یان ســەروەتو ســامانیان لەبــەر هــیچ نــا هــەر لەبــەر ئــەوەی ئەندامی گروپێك یان چینێکی کۆمەڵایــەتیی دیــاریکراون. بــەم مانایــە

---

[10] Berge, Pierre L. Vanden, "Race and Racism, A Comparative Perspective" (New York, London, Sydney, John Wiley & Sons, 1967), P. 36.

زەبروزەنگی کۆمەڵایەتی مــەرج نیــە هاوتــای هەنجەتگــەرایی بــێ. لــەم بارەیەوە گرمشاو وا تێگەیشتبوو کەزەبروزەنگ مەرج نیە گوزارشــت بــێ لـــەگرژیی کۆمەڵایـــەتیو لـــەم روەوە نـــاوبراو گرژیـــی کۆمەڵایـــەتیی بەفاکتەرێکی گۆڕاوی دیکــە ژمــاردبوو. لەوانەیــە مەبەســتی لــەگرژیی کۆمەڵایـــەتی، بـــونی بڕێکـــی زۆری ترســـی هاوبـــەش بـــێ لەقـــەومانی ململانێیـــەکی کۆمەڵایـــەتیی وا کەببێتـــە هـــۆی لەدەســـتدانی ســـەنگی کۆمەڵایـــەتی لـــەنێو تاکـــەکانی گروپـــە دەسترۆیشـــتووەکەداو تـــرس لەتەقینەوەی ململانێی کۆمەڵایەتی لەناو ریزی کەمایەتییەکاندا. بـەڵام ئەم هۆکارە گۆڕاوانە (واتــە هەنجەتگــەرایی، گــرژی، ململانــێ، جیــاوازی کــردن) ئەگەرچــی دەتــوانرێ لــەڕوی تیۆریکییــەوە بەچــەندەها شــێواز بەیەکترییەوە ببەسترێنەوە بەڵام بــەکردەوە ئەگــەری رودانیــان ئەگــەرێکی لاوازە[11].

[11] Grimshaw, Allen "Relationship Among Prejudice. Discrimination, Social Tension and Social Violence", Journal of Integroup Relations (JIR) Autumn, 1961, PP. 303-305.

## تەوەری سێیەم

## جیاوازی کردن Discrimination

یەکەم شت سەبارەت بەپێناسەکردنی ئەم وشەیە ئەوەیە کەئەستەمە ئەم وشەیە بەکورتی پێناسە بکرێ، بگرە زۆرێك لەکتێبو توێژینەوەکان هەر نەیانتوانیوە هیچ پێناسەیەك لەم رووەوە دابڕێژن، سەرباری ئەگەری سەر لێشێوانی لێکۆڵیار لەڕونکردنەوەی خودی پرۆسەی جیاوازی کردن(رەفتار یان هەڵسوکەوتی پڕ جیاوازی کردن)و ئەو سەرەنجامانەی لەو پرۆسەیە دەکەونەوە. ئیتر بەم پێیە، پێویستە بەناخی چەندەها پێناسەدا شۆڕ ببینەوە:

هانکنس بەمجۆرە جیاوازی کردنی پێناسە کردوە: (جیاوازی کردن هەڵسوکەوتی نایەکسانە لەگەڵ کەسە یەکسانەکاندا). ئەمەش خۆی لەخۆیدا پرسیارێك دەوروژێنێ سەبارەت بەمانای یەکسانی. کرۆکی چەمکەکە لەم بوارەدا ئەوەیە کەئەندامانی کەمینە لەبەر ئەوەی تایبەتمەندیی کەمینەیان هەیە نەك لەبەر هیچ تایبەتمەندییەکی تر، وەکو ئەندامانی زۆرینە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ناکرێ. هانکنس دیدی خۆی ئاوەها رون دەکاتەوە کەئەگەر هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پزیشکێکی سپی پێست دا جیاواز بوو لەچۆنێتیی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پزیشکێکی رەش پێست یا گەنم رەنگدا، ئەوا یەکسەر دەچینە سەر ئەو باوەڕەی کەئەم هەڵسوکەوتە هەڵسوکەوتێکی یەکسان نیە ئەگەرچی هەردو لایەن یەکسانن[١٢]. بەڵام ئەگەر چاو بەم نمونەیەدا بگێڕینەوە،

[12] As quoted iln Blalock, Op. cit., P. 15.

دەردەکـــەوێ کەئـــەم دو پیـــاوە بـــەپێی یـــەك تایبەتمەنـــدی- ئـــەویش پیشەکەیانە- بەیەکسان دانراون. کەواتە چۆن هەڵدەکـەوێ بەشـێوەیەکی راستو دروست ئەوە بزانین کە ئـەم دوو کەسـە لەهـەمو رویـەکی تـرەوە یەکسانن؟ گومان لەوەدا نیە ئەوسا بەدیار دەکەوێ کە لەهەمو شـتێکدا یەکسان نین، بۆیە زۆر ئاساییە بگوترێ کەئـەم دو کەسـە، لەڕوانگـەی قازانج بۆ هەلومەرجێکی دیـاریکراو بەیەکسـان دادەنـدرێن. بـۆ نمونـە، ئەگەر هەردوکیان لەهەمان ناوچەدا دەژیان، ئەمە بەمانای ئـەوە نایـەت کە بەقەدەر یەکتری لەبواری پزیشکیدا شـارەزاو کارامــەو دەسـترەنگینن. هەروەها ئەمە تایبەتمەندییەکانی سەبارەت بەڕەوشـتو رەفتـارو بـەهرەو پێشینەی خێزانیو پەیوەندییان بەژینگەکەیانەوە، دەرناخات. جـا ئەگـەر هاتو وەها رەفتاریان لەگەڵدا کرابێ کەیەکێکیان لەسەر حیسـابی ئـەوی دیکە جیاوازیی لەگەڵدا کرابێ، ئـەوا زۆر زەحمەتـە هـۆی ئـەم جیـاوازی کردنە تەنها ببردرێتەوە سەر جیاوازیی رەگـەزی هـەردوکیان، بگـرە هـەر لەبنەڕەتدا بڕیاردان لەسەر ئەوەی کەجیاوازی لەنێوانیاندا کراوە شـتێکی جێی شكو گومان دەبێ.

لەم روەوە رۆبن ویلیامز پێناسەیەکی تر پێشکەش دەکاو وای بۆ دەچێ کە جیاوازی کردن((هەڵسوکەوتێکە بۆ لێك جـوێ کردنـەوەی کەسـانێك کەسەر بەگروپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراون))[١٣]. وەك لەیەکەم نیگـادا دەردەکەوێ، ئەم پێناسەیە ئەوەندە سەرتاپاگیرە کەزەحمەتە بتـوانین سـودی لێ وەربگرین چونکە زۆربەی کـات هـەر کەسـێك دەشـێ سـەر بەچـەند گروپێکی پیشەییو وەرزشەوانو کۆمەڵایـەتیو هتـد بـێ. جگـە لـەوەی

[13] Williams, op. cit., P. 39.

کەهەڵسوکەوتی هەمو خەڵکی بەپێی بارودۆخ‌و هەلومەرج لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازیی هەیە. لەوانەیە ئامانجی ئەم پێناسەیە ئەوەبێ کەبیرۆکەی جیاوازی کردن تەنها ئەو دۆخانە بگرێتەوە کەتێیدا لەسەر بنچینەی پەیوەندییان بەگروپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەوە، کەسەکان جیاوازییان لەگەڵدا دەکرێ. بەڵام- تەنانەت لەم بوارە تەنگەبەرەشدا- زەحمەتە ئەوە دیاری بکرێ کەئایا پەیوەندیی کەسەکە بەگروپێکی دیاریکراوەوە هۆی سەرەکیی جیاوازی کردنە یان نا چونکە ئەمە پێویست بەوە دەکا کەهەمو تاکەکان لەتەواوی گۆڕانکارییەکانی تردا بەیەکسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ. ئەمەش تێڕوانینێکی پرەگماتیکی یان دیدێکی هۆگەرای گرتۆتە خۆ.

ئالپۆرت وای بۆ دەچێ کە ئەفزەلیەتدان لەسەر بنچینەی هەندێ سیماو تایبەتمەندیی تاك نابێ بەجیاوازی کردن بژمێردرێ[١٤]. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە سەر پرسیارکردن سەبارەت بەچۆنێتیی زانینی ئەوەی کەئایا ئەو چەشنە هاوکێشەیە دەرهاوێشتەی سیماو تایبەتمەندیی تاکرەوانەیە یان دەرهاوێشتەی سیماو تایبەتمەندیی بەکۆمەڵە. وەك لەمەوبەر گوتمان، هەرکەسێك زۆر تایبەتمەندیی جیاوازی هەیەو سەر بەچەندەها گروپی کۆمەڵایەتیی هەمەجۆرە، بۆیە لێرە بەکارهێنانی رێوشوێنی ئامار دەبێ بەشتێکی پێویست بۆ دەرخستنی سەرچاوەی جیاوازی کردنەکەو دەستنیشانکردنی رەگ‌و ریشەکەی. بۆ نمونە، هەمو لەوە دڵنیاین کە لەبەشێکی زۆری ناوچەکانی ئەمریکادا جیاوازی دەکرێ لەگەڵ رەش پێست‌و گەنم رەنگەکاندا. بەڵام کاتێك هەوڵ دەدرێ رادەی ئەو

---

[14] Alport, op. cit., pp. 51-52.

جیاوازی کردنە بپێورێ، پێویستمان بەوردەکارییەکی زانستییانە دەبێ، بەتایبەتی کەفاکتەرە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە تێك هەڵکێشی یەکتری دەبن و تا رادەیەکی زۆر لق و پۆپیان لێ دەبێتەوە. جگە لەوە، هەوڵدان بۆ رەچاوکردنی نمونەی ئەو جولەکەیەی کە لەدوکان و ریستۆرانتە گرانەکان دور دەکەوێتەوەو دیراسەکردنی وەك دیاردەیەك کەگوزارشت لەداشکاندنی گروپە جووەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەلای هەست کردن بەسوکایەتیی رەگەزی دەکا، سەرباری زەحمەتیی دیاری کردنی ریشەکانی ئەو دیاردەیە، روبەڕوی هەمان گرفتەکانی پێوانەکردن دەبێتەوە.

کاتێك دەچینە سەر پێوانەی جیاوازی کردن، سەرنج دەدەین کەجیاوازی کردن بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوانە دەکرێ و پرۆسەکەش پێویستی بەچەردەیەك گریمانەی تیۆریکی هەیە کەرەنگە زۆرێکی شیاوی تاقیکردنەوە نەبێ. لێرەدا ئیدی رونکردنەوەی چەمکەکان و دەرخستنی سیماو رواڵەت و تایبەتمەندییە ماتماتیکییەکان بەس نیە. لەو دیدەشەوە کەپرۆسەی پێوانەکردن پرۆسەیەکی راستەوخۆ نابێ، پێوانەی جیاوازی خستن پێویستی بەتیۆرییەك دەبێ سەبارەت بەهۆگەرایی کۆمەڵایەتی. ئیتر بەهۆی ئەمەوە پرۆسەی پێوانەکردنەکە تێکەڵ و پێکەڵ دەبێ و لەگەڵ چەند لایەنێکی تیۆریکیدا بەشێوەیەکی خراپ تێکهەڵکێش دەبێ. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەچەمکی جیاوازی خستن- وەك لەپێناسە هەمەچەشنەکانی پێشودا دەرکەوت- دەچێتەوە سەر کۆمەڵێك چەمك کە لەڕوی تیۆریکییەوە پەیوەندییان بەچەند فاکتەرێکەوە هەیە کەبۆ پێوانەکردن بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەکەڵك نایەن و زۆربەی جاریش

پێناسەکردنی جیاوازی خستن بیرۆکەی نیاز یا نیەتی گرتۆتە خۆو پێویستی بەڕۆشن کردنەوەی هۆکانە.

یەکێ لەگرنگترین گرفتەکانی پێوانەی جیاوازی کردن چۆنێتی ناسینی یەکەی پێوانەکراوە: ئایا یەکەکە کردەوەو ژمارەی جیاوازی کردنە یاخود ژمارەی ئەو کەسانەیە کەدەستیان لەجیاوازی کردندا هەیە یاخود ژمارەی ئەو کەسانەیە کەدەکەونە ژێر کاریگەریو ئاسەواری کردارەکە؟[15] تەنانەت هەندێ کەس چەمکی جیاوازی کردن لەچوارچێوەی کارو کردارو کردەوەی مرۆڤ دەردێنێو دەیباتەوە سەر هەستی خۆڕسکی خۆبەبچوك زانیو خۆ بەکەم زانیو نەبونی سۆزو گەلاڵە نەبونی ویژدانی هەندێ کەس. لەبەرچاوگرتنی ئەم چەشنە هۆیە سروشتیو خۆڕسکانە- ئەگەرچی ئەمە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ورد هەیە- بەرەو پرۆسەیەك هەنگاو دەنێ کەشیکردنەوەی زانستی پێی ناوێرێ، بەتایبەتی ئەگەر پرۆسەکە فاکتەرە میتافیزیکییە روحییەکانی لەبەرچاو گرت. لەبەر ئەم هۆیە زۆربەی توێژەرانی ئەم بوارە دەچنە سەر تاوتوێ کردنی پێوانەکانی دیاردەی جیاکردنەوە(Segregation) واتە چەوسانەوەی رەگەزی نەك جیاوازی کردنو داوا دەکەن بەیەکجاری دەست لەم بابەتە هەڵبگیرێت چونکە، وەك وتمان، دیاردەی جیاوازی کردن بەهیچ شێوەیەك مل بۆ پێوانەکان نانێ.

بەڵام بلالۆك وای دەبینێ کەباشترە بیر لەفاکتەرە گۆڕاوەکانی جیاوازی کردن بکەینەوە با مل بۆ پێوانەکردنی راستەوخۆش کەچ نەکەین چونکە

---

[15] بۆ بەقووڵی تاوتوێ کردنی پێوەرە هەمەجۆرەکانی نایەکسانی، بڕوانە:
Aker, H.R. and Russett, B.M., "On Measuring in Equality, Behavioural Science. 9 July (July 1964), PP. 207-218.

فاکتەرە گۆڕاوەکان ئەوەندە گرنگن کەهەر دەبێ لێیان بکۆڵدرێتەوە. لەتاقیکردنەوە پراکتیکییەکانداو لەڕیزبەندیی زانستیدا تاوتوێ کردنی ئەم چەشنە فاکتەرانە خۆی لەخۆیدا مەبەستو ئامانج نیە ئەگەرچی سودیان نکوڵیی لێ ناکرێو ئەو فاکتەرانە تیشك دەخەنە سەر دیاردە لێکۆڵراوەکان بەتایبەتی بۆ تێگەیشتنی ئەم چەشنە فاکتەرانە بەشێوەیەکی هەمەگیرتر[16].

## پەیوەندیی نێوان هەنجەتگەراییو جیاوازی کردن

هەنجەتگەرایی رەوتێکە یاخود تەوژمێکە یاخود داشکاندنێکە بەلای خۆنواندنداو کردارێکی راشکاو بەرامبەر بەتاکەکانی کەمینە ناگرێتە خۆ چونکە هیچ هەڵوێستێکی وا لەئارادا نیە کەئەم جۆرە کردارە بسەپێنێ یاخود چونکە رەهەندەکانی تر کۆتاییان بەگوزارشت کردنی ئاشکرا لەدژایەتی کردنی ئەو هەڵوێستانە هێناوە کەدەشێ رقێك یان بەرهەڵستی کردنێکیان تێدا دەرکەوتبێ، ئەویش بەشاردنەوەی هەستی راستەقینە یاخود بە بەخشینی گوزارشتێکی ناڕاستەوخۆ بەو هەستە.

بەم جۆرە دەشێ هەنجەتگەرایی شانبەشانی جیاوازی کردن بڕوا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دو دیاردەیە هەمو جار پێکەوە نین چونکە جیاوازی کردن بەو مانایە دێ کە بەشێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانێکدا بکرێ کە بەڕیشە دەچنەوە سەر یەك گروپی کۆمەڵایەتی.

ولیامز وای دەبینێ کەجیاوازی کردن تا رادەیەکی زۆر نەختێك شەڕانگێزیشی تێدایە، بۆیە (( لەم قۆناغەدا دەردەکەوێ کەتێیدا هەمو

[16] Blalock, H. M., "Causal Inferences in Non-experimental Research" (Chapell Hall: Univ. of North Carolina press, 1964) Chap. 3.

تاکەکانی گروپێکی دیاریکراو بەپێی یاسا گشتییە جێگیرە ناسراوەکان هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ناکرێ))[١٧].

لەم بوارە ئانتۆنۆڤسکی پێناسەیەکی نزیك لەپێناسەکەی ولیامز بەکار دەهێنێو دەڵێ دەشێ جیاوازی کردن وەها پێناسە بکرێ(هەڵسوکەوتێکی زیانبەخشە کەکار دەکاتە سەر تاکەکانو وەهایان نیشاندەدا کەئەمانە لەڕوی مەعنەوییەوە پەیوەندییان بەهەلومەرجی باوەوە نیە)[١٨].

هەروەها دەتوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کەجیاوازی کردن((سیستمێکە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان))و هەڵسوکەوتێکی تاکڕەوانە نیەو هەندێ فاکتەری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە وەك دابو نەریتی باو، پیشەی تاك، سزا کۆمەڵایەتییەکان، بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیو رادەی ملکەچیی ئەو کەسانەی کە دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، چونکە جیاوازی کردن((تواناو هۆشیاریی قوربانییەکانی پەك دەخات))و ئەمەش دەبێتە هۆی تۆکمەکردنی ئەو سیستمەی کە لەئارادایە.

واژەی(جیاوازی کردن) مانایەکی دوو لایەنەی هەیە کەیەکێکیان پۆزەتیڤەو ئەوی تریان نێگەتیڤە. جیاوازی کردن بەمانا پۆزەتیڤەکەی ئەو هەڵسوکەوتەیە کەخۆشەویستییەکی کەمتری بۆ هەمو کەمینەکان تێدایە، ئەگەرچی هەر هەمویان وەکو یەکترن. جیاوازی کردنیش بەمانا نێگەتیڤەکەی پەی نەبردنە بەجیاوازیی نێوان کەسێکی خۆشەویستو کەسێکی ناخۆشەویست، نێوان کەسێکی سەرنجڕاکێشو کەسێکی

---

17 Williams, op. cit., p. 39.
18 Antonovsky, Aron, "The Social Meaning of Discrimination", Phyton, Spring, 1960, p. 81.

قیــزەوەن، نێــوان زیــرەكو دەبــەنگ لــەنێو ریــزی تاكــەكانی گروپــە كەمینەكاندا. لەلای نوسەرانی سالآنی ئەم دواییەیــەدا جیــاوازیی نێــوان داشكاندن بەلای رەفتارێكی دیاریكراوداو نێوان رەفتارێكی یەكلاكــەرەوە یاخود جیاوازیی نێوان هەنجەتگەراییو جیاوازی كردن، بەچــاكی چەســپ دەبێ. ئــەم جیاوازییــە رۆلێكــی گرنگــی هــەبو بەتاییــەتی لــەلای ئــەو كەســانەی كەهــەوڵ دەدەن دوژمنایــەتیی نــاو گروپــە شــیكراوەكە كــەم بكەنەوەو ئەوانە وایان بۆ چوون كە بەگشتی دەتوانرێ وا بكــرێ جیــاوازی كردن نەمێنێت ئەویش بەوەی كەبكرێتە شتێكی بەئێشو ئازار یــان دوور لەحەز، یاخود بەواتایەكی ساكارتر بەوەی كەبكرێتە شــتێكی نائاســایی، ئەوەش بەبێ كەم كردنەوەی رادەی هەنجەتگەرایی بەشێوەیەكی راستەوخۆ.

سەرباری ئەمــە، شــیكردنەوەی پەیوەنــدیی نێــوان جیــاوازی كــردنو هەنجەتگەرایی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی كە وا تێبگەن كەگوایــە هــیچ پەیوەندییەك لەڕوی هۆكارەوە لەنێوانیاندا نیە. زۆرێك لەلێكۆڵینەوەكانی سەبارەت بەكەسایەتیی هەنجەتگــەرا تیۆرییــەكیان لەپشــتەوەیە كــە وای دانــاوە ئــەو دڵــەڕاوكێو تــرسو لــەرزەی كــە بەشــێوەی هەنجەتگــەرایی گوزارشت لەخۆی دەكا، هۆیەكی سەرەتاییی جیــاوازی كــردن پێكــدێنێ. بەڵام بەڵگەیەكی رونیش لەسەر ئەوە هەیە كەهەنجەتگەرایی ئــەنجامێكی لاوەكیی جیاوازی كردنەو هۆیەكیشە بۆ پاكانــەكردن بــۆ ئــەو هەســتەی خۆبــەتاوانبار زانــین كــە لــەو كاتــەدا ســەر دەردەهێنــێ كــە كەســێك بەشێوەیەكی زاڵمانە هەڵسوكەوت لەگــەڵ كەســێكی تــردا دەكــا لەبــەر ئەوەی بیروباوەڕو بۆچونی تایبەت بەخۆی هەیــە. تێگەیشــتنی كــارلێكی نێوان هەنجەتگەراییو جیــاوازیی كــردن بــەوە دێتــە دی كەســەیری ئــەو ململانێیانە بكەین كە بۆ بەدەست هێنانی دەسەلآت یان سامان یــا هــەر

ئامانجێکی تر لەئارادانو هـەروەها بەرەچـاوکردنی ترسـەکانی تـاك کـە لەناواخنی هەنجەتگەراییدا خۆیان مەلاس داوە.

جگـە لەمـە هەنـدێ تێبینیـی تـریش هەیـە سـەبارەت بـەوەی کەهەنجەتگـەرایی تاکـە بناغـەی پەیوەندییـە نژادییـەکان نیـە بـەڵکو ئەنجامێکی ئەو پەیوەندییانەیەو لـەژێر کاریگـەریی چـەندەها هۆکـاری تریشدایە. بۆ نمونە، روداوە مێژوویییەکانی گەلی ئەڵمان نەیانتوانی پاساو بۆ ئەو روداوانـە بێننـەوە کـە لـەماوەی نێـوان ١٩١٨-١٩٣٩دا بەسـەر جولەکەی ئەڵمانیادا هاتو تەنانەت ئەو کەسانەش کە بەخەستی لـەژێر کاریگەریی دژایەتی کردنی سامیزم دان ناتوانن هۆی ئـەوە رون بکەنـەوە کەبۆچـی پزیشـکە دانسـازە جولەکـەکان نـاتوانن لەهەنـدێ دەوڵـەتی رۆژئاواییـدا خـەریکی ئیشـی خۆیـان بـن. جگـە لەمانـە، چـەمکە کۆمەلایەتییەکانی تایبەت بەتێگەیشتنی پەیوەندییە نژادییەکان ناتوانن ئەوە رون بکەنـەوە کەبۆچـی هەنـدێ گروپـی دیـاریکراو بۆیـان دەلـوێ دەسەلاتی خۆیان بەسەر گروپی تر بپارێزن[١٩].

بەم پێیە، دۆزینەوەی شێوەی دیـاری کردنـی هـۆی جیـاوازیی نێـوان هەنجەتگـەراییو جیـاوازی کـردن پێویسـت بەجـەخت کـردن لەسـەر گۆڕانکارییـە تاکییـەکانو ئەنـدازەی ئـەو گۆڕانکارییانـە دەکـا لەچـاو گۆڕانکارییەکانی هەیکەلی کۆمەلایەتیو رادەی کارلێکی نێوانیان.

لەڕاستیدا لەبەر یەکێ لەم ئەگەرانەی خوارەوە ناتوانرێ بەشـێوەیەکی گونجاو گوزارشت لەپەیوەنـدیی نێـوان هەنجەتگـەراییو جیـاوازی کـردن بکرێ:

---

[19] Williams, Cary Me, "Brothers Under the skin", rev. ed., (Little Brown, 1951), pp. 315-317

١-لەوانەیە هەنجەتگەرایی هەبێ بەڵام جیاوازی کردن نەبێ.
٢-لەوانەیە جیاوازی کردن هەبێ بەڵام هەنجەتگەرایی نەبێ.
٣-لەوانەیە جیاوازی کردنەکە یەکێ لەهۆکانی هەنجەتگەرایی بێ.
٤-لەوانەیە هەنجەتگەراییەکە یەکێ لەهۆکانی جیاوازی کردن بێ.
٥-زۆربەی جاریش‌و ئەوەی زۆر ڕێی تێدەچێ ئەوەیە کەهەنجەتگەرایی‌و جیاوازی کردن کار دەکەنە سەر یەکتری.

بێگومان زۆر پێویستە وردتر ئەو هەلومەرجە کەسایەتی‌و کۆمەڵایەتی‌یە دیاری بکرێ کە لەسایەیدا ئەم پەیوەندییە هەمەجۆرانە هەڵدەسوڕێن. بەمەش هەنجەتگەرایی‌و جیاوازی کردن لەهەمو لایەنەکانی تری پەیوەندیی ناوخۆیی هەر گروپێک زیاتر بەبابەتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە دادەنرێ.

## تەوەری چوارەم

## چەوسانەوە( Segregation )

زۆرێـك لەتوێژینــەوە كۆمەڵایــەتی‌و ئــەنترۆپۆلۆژی‌و مێژوویی‌یــەكانی سەبارەت بەپەیوەندییەكانی گروپە كەمینەكان وەك گێڕانەوە وان. هەر بۆ نمونە سەدان توێژینەوە ئاماژەیان بۆ چەندەها چەشنی چەوســانەوە كــردوە بەڵام ژمارەیەكی كــەمی ئــەو توێژینەوانــە هەوڵیانــداوە ئەنــدازەی ئــەو چەشنە چەوسانەوەو لێك جیاكردنەوەیە دەستنیشان بكەن یاخود ئەندازەی چەوسانەوەكە (بۆ نمونە ) بەشێوەیەكی سەرەتایی دیاری بكەن.

بۆ نمونە ، بــێ شــومار توێژینــەوە هەیــە دەربــارەی رەش پێســتەكانی ئەمریكا بەڵام كەس لەئەنجامی ئەو توێژینەوانەی نەكۆڵیوەتەوە. تا ئێستا چەندەها توێژینەوە دەربارەی زۆر بابەت كراوە وەك پرۆژەكــانی نیشــتەجێ كردنی رەگــەزە جیاوازەكــان بەهاوبەشــی، ئەندامــەتیی رەش پێســتەكان لەكەنیســــە پرۆتســــتانتەكان، رادەی بەشــــداریی رەش پێســــتەكان لەڕێكخســـتنەكانی پـــارتی كۆمۆنیســـتی ئـــەمریكا، پەیوەنـــدیی رەش پێستەكان بەپیشە جیاوازەكان‌و كرێكاری‌و خاوەن كارەكانەوە، هتد. بــەڵام ئەو تیۆری‌و بۆچونە گشتییانەی لەم توێژینەوانــە كەوتۆتــەوە زۆر كــەم‌و دانسقەن. هەمان شت ئەو توێژینەوانە دەگرێتــەوە كەتایبــەتن بــەتاوتوێ كردنی كەمینەكانی چەند كۆمەڵگایەكی تر، چەند توێژینەوەیــەكی لــێ بـــترازێ كـــە لەدەوڵەتـــە ئەوروپایی‌یـــە خـــاوەن كـــەلتورە تێكـــەڵ‌و تێكهەڵكێشەكان ئەنجام دراون كەئەمانەش ژمارەیان زۆر كەمە.[20]

[20] لەگرنگترین ئەو توێژینەوانە: Wagley,G. & Harris, M. Op. cit.

دژواریی پێوانی رادەو ئەندازەی چەوسانەوە بەو ئاکامە گەیشت کە گریمانەی وردو قوڵو تاقیکراو کە بەکەڵکی توێژینەوە بەراوردکارەکان بێ، نەهاتە بەر دەست. لەکاتێکدا تاوتوێ کردنی چەوسانەوە لەبنچینەدا جەخت لەسەر گروپەکان دەکا نەك تاکەکان وەك یەکەی گونجاو بۆ شیکردنەوە، توێژینەوەی بەراوردکار توشی ئاستەنگو لەمپەرو تەگەرەی کارا دەبێ چ توێژینەوەکە پەیوەندیی بەبەراوردکردنی دوو کۆمەڵی جیاوازەوە بێو چ پەیوەندیی بەو یەکەی ناو یەك کۆمەڵەوە بێ. گرنگترینی ئەو دژوارییانە دژوارییە ماددییەکانە وەك تێچووی زۆری توێژینەوەکەو درێژیی ئەو ماوەیەی کەتوێژینەوەکەی تێیدا ئەنجام دەدرێ، لەکاتێکدا مەسەلەکە بەنیسبەت تاقیکردنەوەکانی تری سایکۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیا بەو رادەیە دژوارو زەحمەت نیە.

## پێوانەکردنی چەوسانەوە

ئەمریکا، جارانو ئێستاش، لەباشترین شوێنەکانی تاوتوێ کردنی ئەم بابەتەیە. ئەم چەشنە تاوتوێ کردنە بەزنجیرەیەك گۆڕانکاریو پەرەسەندن دا تێپەڕیو چەندەها توێژینەوەی نابەراوردکاری لەسالآنی سییەکانو چلەکانی سەدەی رابردوودا بەخۆوە بینیو[٢١] بەو ئاکامە گەیشت کەچەندەها بەراوردکردنی تێدا ئەنجام درا کە تا ئەمڕۆ ئەو دژوارییە میتۆدییانەی کە لەمەوپێش ئاماژەمان پێدان، تەنگیان پێ هەڵچنیو

[21] Dollard, Drake and Cayton David and Gardner. In Blalock, op. cit., p. 11.

دوچاری دژوارییان کرد، واته روبەڕوی ئەو پێوەرانە بونەوە کە بەکەڵکی ئەم چەشنە توێژینەوە بەراوردکارانە نایەن.

راستە کۆمپیوتەر بەوەی کە لەبوارەکانی توێژینەوەی ئامارکاردا گۆڕانکارییەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە گۆڕێو دەرفەتی چێتری بۆ ئەنجامدانی ئەم چەشنە توێژینەوانە رەخساندوە، بەلاّم دژواریی دیاری کردنی چەمكو زاراوەکانی ئەم چەشنە توێژینەوانە کاریگەرییان لەسەر توێژینەوەکان بەجێ هێشتووە.

یەکێ لەنمونەکانی ئەم هەولاّنە، ئەوەیە کەدوو لێکۆڵیار بەناوی دەنکان دیو دەنکان بی[22] لەساڵی ١٩٥٥دا بەشێوەی کەوانەی چەوسانەوە(وەك لەوێنەکەدا دیارە) پێشکەشیان کردووە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی دا رێژەی کەمینە لەهەر گەڕەکێك بەجیا دیاری بکاو پاشان گەڕەکەکانی بەپێی رێژەکە ریز کردو دواتریش رێژەی دانیشتوانە سپی پێستەکان بەرامبەر بەدانیشتوانە گەنم رەنگەکان(س ج/ج ص) وەك لەدیاگرامەکەدا دیارە، دەستنیشان کرد.

هێڵە راستەکەی ج/د ئاماژە بۆ نەبونی چەوسانەوە دەکاو هەر دورکەوتنەوەیەك لەو هێڵە گوزارشتە لەئەندازەی چەوسانەوە کەهۆکەی جیاوازیی رەنگی پێستی دانیشتوانە.

---

[22] Duncan, D. and Duncan, B. "A Methodological Analysis of Segregation Indexes", American Sociological Review, 20 (April, 1955), pp. 210-214.


ص
ء
کەوانەی چەوسانەوە
ع
نەبوونی چەوسانەوە
ج
س
ڕێژەی دانیشتوانی سپی پێست

# بەشی دووەم

## شێوازو ڕێوشوێنەکانی هەڵسوکەوتی نێوان زۆرینەو کەمینە

# تەوەری یەکەم

## هەڵسوکەوتی کەمینە لەگەڵ زۆرینەدا

هەندێ کەس ویستویەتی کەمینەکان بەپێی ئامانجی کۆتاییان پۆل پۆل بکات. لەم بوارەدا لویس ورت(wirth) چوار نمونەی هێناوەتەوە[1]. ناوبراو ئەگەرچی ددان بەوەدا دەنێ کەکەمینە نیە شێلگیرو هۆمۆجین بێ و لەنێو ناخی هەر کەمینەیەکدا تەوژمو رەوتو دابەشبونی ناوخۆیی تایبەت هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وای دادەنێ کەهەر کەمینەیەك لەهەمو ئەگەرەکاندا یەکێ لەم چوار ئامانجەی هەیە وەك رەوتێکی جیاکەرەوەو بزاوتێکی کۆمەڵایەتی:

١-مۆدێلی فرەیی(pluralistic Model)

ئەم مۆدێلە بەوە دێتە دی کە کەمینەیەك بیەوێ بەشێوەیەکی ئاشتییانە، شانبەشانی زۆرینەو کەمینەکانی تر(ئەگەر هەبن)، بژیت، ئەم فرەییە رێ بۆ پەیدابونی شارستانێتییەکی دینامیکی خۆش دەکا چونکە هەلی کارکردنە سەر یەکتری دەرەخسێنێ و زۆربەی کاتیش لەهەوڵی ئەوەدا دەبێ کەیەکێتییەکی سیاسیی و ئابوری، شانبەشانی سەلماندنی لێبوردنی کەلتوری یان زمانەوانی یان ئاینیی هەمەجۆر، پێك بهێنێت.

رابونی کەمینە ئیتنیکییەکان لەرۆژهەڵاتی ئەوروپا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەشێوەیەکی سەرەکی، بەبوژانەوەیەکی کەلتوری دەژمێردرێ و لەهەمان کاتیشدا گۆرانێك بوو لەخۆ بەکەمزانییەوە بەرەو بەخۆوە نازینو شانازی بەخۆوە کردن. کاتێك یەکسانیی سیاسیی و ئابوری

---

[1]Wirth L.,The problem of Minority Grops. In Linton(ed), (New York, 1954).

دێته دی یاخود کاتێك بەمسۆگەری دێته دی، ئەم رابونە پەرە دەستێنێ‌و شێوەی بەکۆمەڵ وەردەگرێ. بەڵام ئەگەر هەمەچەشنیی کەلتوری سەرکوت بکرێ، کەمینەکان روو دەکەنە مۆدێلی جیابونەوە. چەمکی فرەیی لەئەزمونێکەوە بۆ ئەزمونێکی تر جیاوازیی هەیەو لەهەندێ کۆمەڵدا ئەم چەمکە مانای لێبوردن لەخۆدەگرێ ئەویش بەهاوکارییەکی کەم کاریگەرەوە لەلایەن گروپە کەلتورییەکانەوە یاخود دەشێ یەکەیەکی سیاسی‌و ئابوری بگرێتە خۆی بەپەیوەندییەکی کزو بەشدارییەکی گشتیی لاوازو سنوردارەوە لەبوارەکانی تردا. ئەمەش ئەوەیە کە لەئەوروپای رۆژهەڵاتدا باو بوو. هەروەها دەشێ فرەییی کەلتوری چەشنە یەکێتییەکی بەجۆش‌و خرۆشتری لەنێوان گروپە جیاوازەکاندا تێدا پەیدا ببێ بەجۆرێك کەئەو گروپانە هەوڵی وەدەست هێنانی ئامانجی گشتیی هاوبەش بدەن. ئەم دۆخەش زۆربەی کات لەلای گروپە رەگەزییەکانی ئەمریکا بەشێوەی کاردانەوە خۆی نواندوە[2]چونکە ئەو گروپانە پاش ئەوەی کەبەیەکجاری لەو وڵاتەدا نیشتەجێ بوون، کەمتر لەجاران شانازییان بەمیرات‌و کەلتوری خۆیان کردو بەمەش هۆکانی دابەشبون کۆتاییان هات بەتایبەتی کەئەو گروپانە ئارەزویەکی واشیان نیشاندا کەدەیانەوێ بەتەواوی بەشداری لەژیانی ئەمریکادا بکەن.

٢-مۆدێلی لێك چواندن(Assimilationist) یاخود مۆدێلی توانەوە:

لەوانەیە کەمینە حەز بکات لەناو گروپی دەسترۆیشتوودا بتوێتەوەو لێرەدا تەنها لەو کاتەدا کەمینە دەتوێتەوە کەزۆرینە بیەوێ. بەڵام لەوانەیە ئەم بیرۆکەیە خۆی بەسەر کەمینەکەدا بسەپێنێ‌و ببێ بەئامانجێکی بنەڕەتی تەنانەت ئەگەر زۆرینەش بیرۆکەکەی بەدڵ نەبێ، هۆکەش ئەوەیە کەلێرەدا کەمینەکە دەیەوێ بەتەواوی بەشدار بێ

[2] Horace M.Kallen, “Cultural pluralism and the American Idea” University of Pennsylvania press, 1956.

لەژیانی کۆمەڵگا گەورەکەدا. بێگومان لەنێو کەمینەکانی ئەمریکادا خۆتواندنەوە تەوژمێکی زاڵە بەڵام گروپەکان بەرامبەر بەئارەزوی بەدی هێنانی فرەیی‌و خۆتواندنەوەدا رای جیاوازیان هەیە. بۆ نمونە، ئەو جولەکانەی کەبنەماڵەکانیان نەوە لەدوای نەوە لەئەمریکا ژیاون، توانەوە شتێکە زۆرتر پەسەندی دەکەن، لەکاتێکدا کۆچکەرە تازەکانی جولەکە زیاتر حەزیان لەمۆدێلی فرەییە. رەش پێستەکان زۆربەی کات توانەوەیان بەلاوە شتێکی ئاساییە چونکە حەز دەکەن بەشدار بن لەکۆمەڵگای ئەمریکاییدا ئەویش لەو تێڕوانینەوە کەئەوان‌و کۆمەڵگای ئەمریکا یەك کەلتوری گشتییان هەیە بەڵام هەندێ جاریش تاڕادەیەك مۆدێلی فرەیی‌و خۆجیاکردنەوەیان بەلاوە پەسەندە.

لێرەدا دەبێ کەلتورگەرایی[*](Acculturation) و توانەوەی کۆمەڵایەتی لێك جوێ بکەینەوە. کەلتورگەرایی واتە پرۆسەی پێشوازی کردنی کەمینە لەرێوشوێن‌و بەهاو شێوەکانی ژیانی رۆشنبیری کۆمەڵێکی گەورەتر، لەکاتێکدا توانەوەی کەلتوری بەشێوەیەکی سەرەکی گوزارشت لەناسنامەی هەست بەخۆکردن دەکاو لەگەڵ توانەوەی یەکجارەکیدا دوراییی بەهاکان یاخود ئەو هەلومەرجەی کە لەسەر بنەمایەکی ئیتنیکی دامەزراوە، لەناو دەچێ‌و نامێنێ.

لەلایەکی ترەوە، ئەو ئەندامەی گروپە ئیتنیکییەکە کەمل بۆ پرۆسەی کەلتورگەرایی کەچ دەکا، مەرج نیە هەستی خۆی بەرامبەر بەو گروپە کەمینەیە لەدەست بدات کەریشەی دەچێتەوە سەر، چونکە مەرج نیە هەست بەتوانەوەی خۆی بکات، واتە مەرج نیە هەست بەوە بکا کەکەسایەتییەکەی بەتەواوی لەنێو کۆمەڵە گەورەکەدا تواوەتەوە.

[*] کەلتورگەرایی(Acculturation) واتە ئەو گۆڕانەی کە بەسەر کەلتورێکی سەرەتایی یا دواکەوتو یا لاوازدا دێ لەئەنجامی کارلێکی لەگەڵ کەلتورێکی پێشکەوتوترو بەهێزتردا (وەرگێڕ).

کۆمەڵەکەش دانی بەوەدا ناوەو خودی خۆیشی رزگاری بوە لەهەستکردن بەجیاوازیی نێوان خۆی‌و نێوان کۆمەڵەکە. لەوانەشە ئەمە لێکدانەوەیەك بێ بۆ دەستەواژەی(بەئەمریکایی بونی تەواو)و نەمانی مۆدێلی فرەیی لەلای سپی پێستەکان، لەکاتێکدا ئەوانە بەکردەوە باس لەکەلتورگەرایی‌و توانەوە دەکەن. بونی هەندێ گروپی ئیتنیکی کەنەتوانەتەوەو توشی کەلتورگەرایی نەبون، بەلای سیاسەتمەدارانەوە پاکانەیەکە بۆ تێگەیشتنی هۆکانی بەردەوام بونی شێوازە ئیتنیکییەکان بەدرێژاییی ئەم ماوە دورو درێژەی سیستمی سیاسیی ئەمریکا[٣].

مۆدێلەکەی ورت بۆ دەستنیشانکردنی کەمینە ئەوروپییەکان تارادەیەك سودی لێ وەرگیرا[٤]. پێش کۆتایی هاتنی سەدەی هەژدەهەم، کاتێك نەتەوایەتی بوو بەگرفتێکی بەربلاو، زۆربەی کەمینەکانی ئەوروپا لەمۆدێلە فرەییەکە بون‌و زۆربەشیان ئامانجەکەیان لەبنەڕەتدا فرەیی کەلتوری بوو. بەلام لەگەڵ هاتنی سەدەی نۆزدەهەم‌و جێگیربونی پرنسیپی نەتەوەکان، کەمینەکان جولەکەی لێ دەرچێ هەر هەمویان بوون بەکەمینەی جوداخواز بەلام پاش ئەوەی زایۆنیزم لەکۆتاییی هەمان سەدەدا سەری دەرهێنا، جولەکەش هەستی نەتەوەییان تێدا پەیدا بوو. ئەوی راستیش بێ جولەکەکانی ئەڵمانیا پێش هتلەر لەو چەشنە بون کەبەپێی چەمکەکەی ورت تێکهەڵکێشێ کۆمەڵ بوو بوون‌و دەستیشیان دەڕۆیی، ئەگەرچی لەولاتێکی تردا دۆخێکی فرەییی کەلتورییان هەبوو. ئەستەمە جگە لەجولەکە هیچ کەمینەیەکی تر لەئەوروپا بدۆزینەوە کە لەو ماوەیەدا مۆدێلی فرەیی بەسەردا بڕبڕێ چونکە جولەکە وای دانابوو کەمادامەکێ زمان‌و کەلتورو نەریتی مێژوییی دیاریکراوی خۆی

---

[3]Edgard Litt, Beyond pluralism, Ethic politics in America,, (USA)Scott, Foresman & Co,. 1970),p.15
[4] Wirth, Op.cit,. pp. 6-7.

هەیە، ئەوا هەر دەبێ هەوڵ بدات بارێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ خۆی دروست بکات بەچاوپۆشین لەقەوارەی ئەو گروپە ئیتنیکییە[5].

گروپە دەستڕۆیشتووەکانی زۆرینە زیاتر حەزیان لەمۆدێلی فرەیی یە. زۆربەی جاریش دەستەواژەی توانەوە- لەڕوی سایکۆلۆجییەوە- ئاماژە بۆ رادەی تێکهەڵکێشبونی دوو کەلتور دەکا بۆ ئەوەی بەشداربوانی پرۆسەی تێکهەڵکێشبونەکە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتریدا نەبێ. بەلاَم یەکێ لەرێوشوێنەکانی تواندنەوە بەکارهێنانی هێزە لەلایەن گروپی دەستڕۆیشتووەوە بۆ سەپاندنی شێوازی ژیانی خۆی بەسەر ئەندامانی گروپە لاوازەکە لەو روانگەیەوە کەگروپی دەستڕۆیشتوو دەستبالاَیی یەکی کەلتوریی هەیە. لەم بارەیەوە ل. کلاود ئەم واتا ئەوروپایی یە ئاوەها دەردەبڕێ: (توانەوە پێویست بەوە دەکا کەکەمینەکان رەزامەندی نیشان بدەن لەسەر وازهێنان لەسیمای رەگەزی‌و کەلتوری‌و زمانەوانیی خۆیان کە لەزۆرینەی دانیشتوانیان جودا دەکەنەوەو بەوە رازی بن کە بەتێکهەڵکێشراوی لەکۆمەڵگا تاك نەتەوەکاندا لەگەڵ زۆرینەدا بژین)[6].

هەوڵی کۆمەڵەی گەلان بۆ پاراستنی کەمینە نەتەوەیی یەکان سەرەتایەکی باش بوو بۆ ئەو بارە نمونەیی یەی کەکەمینەکان هەوڵیان بۆ دەداو دەیانویست بەکەسایەتییەکی پارێزراوەوە لەمۆدێلی فرەییدا یاخود لەمۆدێلێکی فرە کەلتوردا بژین. واتە ئەو کەمینانە ئەوەیان بەلاوە بەس بوە کەزمان‌و دامودەزگاو سیستمی خوێندن‌و دەستەی تایبەتی خۆیان هەبێ.

لەهەمو بارو دۆخەکاندا، پەیوەندیی نێوان گروپی زۆرینەو کەمینە لەدەوڵەتە ئەوروپایی یەکاندا لەماوەی هەردوو سەدەی نۆزدەهەم‌و بیستەم

---

5 Barron, op.cit,.p7.

6 Claude, lnis, National Minorities, An lnternational problem(Cambridge, Mass,1955)p,79.

دا، چەشنە ململانێیەکی بەردەوامی تێدا بوو و دواتریش جیاوازیی نێوان کەلتورو نەریتە جیاوازەکان لەزۆر لاوە گەیشتە رادەی پێکدادانی سیاسی. هەوڵی بەزۆر تواندنەوە لەو ململانێیەدا چەکێك بـوو کەزۆرینـە لـەدژی کەمینەی بەکار هێنا.

٣-نمونەی جیابونەوە(Secessionist Model):

لەوانەیە کەمینەکە داوای سـەربەخۆیی کـەلتوری‌و سیاسـی بکـاو ئەگەر نەیتوانی بونی خۆی لەسەر بنچینەی مۆدێلی فرەیی بەشـێوەیەکی ئاشتییانەو بەخۆشی بسەلمێنێ، لەوانەیـە بکەوێتـە خـۆ بـۆ ئەنجامـدانی چالاکییەکی چڕ بۆ بەدەست هێنانی تەواوی سەربەخۆیی خـۆی‌و ئەوسـا رازی نابێ بەفرە کەلتوری‌و لەهەمان کاتیشـدا دەسـت دەکـا بەدژایـەتی کردنـی پرۆسـەی تواندنـەوە. ئـەم نمونەیـەش لـەنێو هەنـدێ لـەڕەش پێسـتەکانی ئـەمریکادا بەرچـاو دەکـەوێ کەهەوڵیانـداوە نەتەوەیـەکی سـەربەخۆو جیـاواز دروسـت بکـەن‌و هــەروەها لــەنێو رەش پێســتە موسڵمانەکاندا بەرچاو دەکەوێ کەهەستی جیابونەوەیان تێدایە.

٤-مۆدێلی تێکۆشان( Militant Model)[٧]:

لەوانەیە کەمینەکە لەهەوڵدانیدا بۆ بەدەست هێنانی یەکسـانی بـەو رادەیە بگات کەهەوڵی خۆسەپاندن بەسەر ئەوانی تردا بدات بەمەبەستی کـۆنترۆڵ کردنیـان بەڕادەیـەك کەئـەم هەوڵـە دەبـێ بـەو ئامانجـەی کەکەمینەکـە تێکۆشـانی بـۆ دەکـا. ئەمـەش هـەمو هەلومەرجەکـە هەڵاوگێڕ دەکا چونکە کەمینەکە باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە لەوانی تر باڵادەسترە. کاتێك هتلەر چیکسلۆڤاکیای گـرت، ئەڵمانـەکانی هـەرێمی سوودیت ویستیان خۆیان بەسەر چیك‌و سـلۆڤەکاندا بسـەپێنن. هـەروەها

---

[٧] بۆ زانیاریی پتر سەبارەت بەم مۆدێلە بڕوانە:

Wirth, op.Cit, pp.348-363

**کاتێك بریتانیا لەفەلەستین کشایەوە، جولەکەکان کەوتنە خۆ بۆ دروست کردنی قەوارەیەکی دەستڕۆیشتوو بۆ خۆیان. هەروەها لەگـەڵ پەیـدابوونی دەوڵەتی تـازە لەئاسـیاو ئـەفریقیا گـۆڕانێکی زۆر رویـدا چـونکە ئـەو دەوڵەتانە ویستیان ئەم مۆدێلە بەدی بێنن.**

## تەوەری دووەم

## هەڵسوکەوتی زۆرینە لەگەڵ کەمینەدا

شەش جۆر سیاسەت سەبارەت بەهەڵسوکەوتی گروپە دەستڕۆیشتووەکان بەرامبەر بەئامانجەکانی کەمینە هەیە کەهەندێ جار هاوتەریبی ئامانجەکانەو هەندێ جاری تریش دژێتی. ئەم شەش سیاسەتەش ئەمانەن:

١-تواندنەوە(Assimilation)چ بەزۆرو چ بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە.

٢-فرەیی یان پلورالیزم(pluralism)

٣-پاراستنی یاسایی کەمینەکە.

٤-راگواستنی دانیشتوان چ بەشێوەیەکی ئاشتییانەو چ بەزۆر.

٥-ملکەچ کردنی بەردەوام .

٦-لەناوبردن(Extermination).

* * *

### ١-تواندنەوە

دەشێ یەکێ لەچارەسەرەکانی گرفتی کەمینەکان لەکۆڵ خۆکردنەوەی کەمینەکە بێ وەك کەمینە. ئەم چارەسەرە ئامانجێکی خودی کەمینەکانە بەڵام ئەو رێوشوێنەی کەکەمینەکە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجە هەوڵی بۆ دەدا زۆربەی جار زۆر لەو رێوشوێنە جیاوازە کەزۆرینە هەوڵی بۆ دەدا. گروپە دەستڕۆیشتووەکان زۆربەی جار پەیڕەوی لەئایدیۆلۆژیایەکی رەگەزپەرستانەی توندڕەو دەکەن بەئەندازەیەك کەرازی نین ئەو مافە بۆ کەمینەکان بسەلمێنن کەپەیڕەوی لەئاینی خۆی بکات یاخود بەزمانی

خۆی بئاخڤێ یاخود داب‌و نەریتی خۆی جێبەجێ بکات. بۆ نمونە، رژێمی قەیسەر لەروسیا هەوڵێکی زۆریدا تا کەمینەکان لەبۆتەی روسەکاندا بتوێنێتەوەو لەو هەلومەرجەدا تاکە ئەلتەرناتیڤی کەمینەکان کەدەیانویست ناسنامەی خۆیان بپارێزن بەرپەرچدانەوەی چەوسانەوە رەگەزپەرستییە توندوتیژەکە یا سورگوم کردن‌و ئەشکەنجەدان بوو. لەوانەیە دژوارترین نمونەی تواندنەوەی زەبردار نمونەی ئەو رژێمانە بێ کەپشت ئەستور بوون بەکەلتورو زمانێکی یەکگرتوو وگەلێکی یەك نژادیی خاوەنی حکومەتی تۆتالیتار. نازیزم لەکاتێکدا کەبانگەشەی بۆ سەرفرازیی رەگەزی ئارینژاد دەکرد، شتێکی ئاسایی بوو کەپەیڕەوی لەسیاسەتی تواندنەوەی زۆردارەکی بکات‌و بەرامبەر بەو گروپانەش کەنەیتوانی بیانتوێنێتەوە، بەشێوەیەکی توندوتیژ پەیڕەویی لەسیاسەتی راگواستنی زۆرەملێی دانیشتوان بکات.

جانۆوسکی وای دەبینێ کەسیاسەتی نازیستەکان بنچینەکەی چەمکێکی کۆنە ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کەچاکترین دەوڵەت دەوڵەتی هۆمۆجینەو بەپێی ئەم بۆچونە، دڕندایەتیی نازیستەکان هەر هەموی دەرهاوێشتەی بیرکردنەوەی گێڕو سەقەتی هتلەرو گۆبلز نیەو نابێ شێوەی کوشتنە بەئەنقەستەکەی چەند ملیۆن جولەکەو پۆلەندی‌و روس‌و خەڵکانی تر لەکامپەکانی گرتندا بخرێتە پاڵ هەوەسی شێتانەی کوشتن لەترسی پێشبینی کردنی شکست هێنانی رژێمەکە، بەڵکو ریشەی ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ رێنماییەکانی بسمارك‌و فۆن پاولۆ کە لەسایەی بیروباوەڕێکدا گەشانەوە پێی وابوو((تاکەکانی ناو کەمینە جۆراوجۆرەکان کەخاوەنی زمان‌و داب‌و نەریتی جیاوازن))ناکرێ شان بەشانی یەکتری لەنێو یەك دەوڵەتدا بژین‌و کاتێك رۆژگار وا دەکا دوو گەل لەیەك ناوچەدا بژین، ئەوا دەبێ((یەکێکیان ببێ بەچەکوش‌و ئەوی تر ببێ بەئامێری بەر چەکوشەکە))و لەم هەلومەرجەشدا دەبێ

ریشەکێش کردن‌و سڕینەوەو نەهێشتنی زمان‌و کەلتوری نەتەوە بنێس‌و لاوازو ژێردەستەکە ببێ بەسیاسەتێکی ڕەوا بۆ دەوڵەت. بەگوێرەی ئەم بۆچونە، بەکارهێنانی توندوتیژی‌و دڵڕەقی بۆ یەکخستن‌و یەکپارچەکردنی کەلتوری نەتەوەیی بەبنچینەی پەرەسەندنی مێژوویی دادەنرێ[8].

بەرامبەر بەو تواندنەوە زۆردارەکییە، توانەوەیەکی ئاشتییانەش هەیە کەبریتییە لەسیاسەتێکی درێژخایەن بۆ بەدی هێنانی یەکێتی‌ی کەلتوری‌و هەندێ جار بۆ بەدی هێنانی یەکێتی‌ی ڕەگەزی‌و ئەمە ڕێ بەکەمینەکان دەدا لەناو گروپە دەستڕۆیشتووەکاندا بتوێنەوەو لەهەمان کاتیشدا شێوەی ژیانی خۆیان بەخێرایی‌یەکی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی ئەو کەمینانەدا، پیادە بکەن. ئەم چەشنە توانەوەیەش هەم توانەوە لەناو یەکترداو هەم تێکەڵ بەیەکتری بوونی چەند گروپێکی ناکۆکە، وەك ئەوەی لەبرازیل دا ڕویدا کەئایدیۆلۆژیایەکی تێدایە گروپە ڕەگەزییە جیاوازەکان هان دەدا لەچوارچێوەی ڕەگەزی برازیلیدا بەتەواوەتی‌و بەسەرتاپاگیری تێکەڵ بەیەکتری بن. لەم بوارەدا گ. میردال وەهای دەبینێ کەتوانەوەی زۆرێ لەکەمینەکانی ئەمریکا بەشێکە لەبەهای بیروباوەڕی ئەو کەمینانە، ئەگەرچی بەڵگەی پایەدارو سەقامگیرو لێبڕاو بۆ ساخ کردنەوەی بونی ئەو بیروباوەڕە نیە، واتە بەڵگەی پتەو لەسەر ئەوە نیە کەئەو کەمینانە ئامادەیی‌ی ئەوەیان تێدایە کەواز لەبەها جیاوازەکانیان بهێنن. بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کەکەمینە ڕەگەزییەکان لەچوارچێوەی ئەم بیروباوەڕەدا نین، بۆیە نەتوانەوەی ڕەش پێستەکان‌و گروپە ڕەگەزییەکانی تری ئەمریکا دوراییی‌یەکی گرنگ پەیدا دەکا کە لەکاتی هەر شیکردنەوەیەکی سیاسەتی ئەمریکادا دەبێ لەبەرچاو بگیرێت. لەم بارەیەوە م. گۆردن

---

[8] Janowsky, Oscar, Nationalities and National Minorities, M. millan, 1945), pp. 30-31.

دەستەواژەی((خۆسازدان لەگەڵ ئەنگلۆدا))دا بـەکار دەهێنـیَ[9]، ئـەویش کاتێك ئاماژە بۆ ئەو شتە دەکـا کـە بـەبڵاوترین شـێوەکانی تواندنـەوەی مۆدێلی ئەمریکایی تێـدەگا. ئەگەرچـی ئـەم دەسـتەواژەیە کۆمـەڵێك لێکدانەوە هەڵدەگرێ بەڵام وای داناوە کە لەهەموو بوارەکانـدا ئـارەزووی پاراسـتنی ڕێکخسـتنە ئینگلیزییـەکان(ئەوانـەی کەشۆڕشـی ئـەمریکا دەستکاریی کردن)دەگرێتە خۆو پێی باشە زمانی ئینگلیزی بـەپارێزراوی بمێنیَو هەروەها پارێزگاری لـەو مۆدێلـە کەلتورییانـەش بکـرێ کـەزۆر مەیلیان بەلای زمانی ئینگلیزیدا هەیە بـەجۆرێك کەئـەو ڕێکخسـتنانە کۆنترۆڵی ژیانو گوزەرانی ئەمریکایی بکەن.

ئـەم چـەمکە هەنـدێ جـار پەیوەنـدیی بەچـەمکە ئاریـایی یـان نۆرماندییەکەی باڵادەستییەوە هەیەو هەروەها پەیوەندیی بە بەرهەڵستی کردنێکی سەختو دژواری کۆچی گەلە نائینگلیزەکانەوە هەیە، سەرباری پەیوەندیی بەدیاردەی بەئەمریکایی بونەوە. بەڵام سەرەڕای ئەمـە، لـەنێو ئـەمریکادا ڕەوشـێکی دژ هەیـە کـەخۆی لەچـەمکەکانی باڵادەسـتیی نژادیو ڕەگەزی لادەداو ڕازییە بەکۆچی فـرە سەرچـاوەو خوازیـارە تـەنها پشت بەنمونە کەلتورییە ئەنگلۆ- ساکسۆنییەکان نەبەستیَ.

بیرۆکەی(سازان لەگەڵ ئەنگلۆدا)کاریگەریی لەسەر بیرۆکەیـەکی تـر هەیـە ئـەویش بیرۆکـەی بۆتـەی توانەوەیـە(melting-pot)ئەگەرچـی هەلومەرجی ئەمریکا لەچەندەها لاوە جیاوازە لەهەلومەرجی ئینگلتەرە. لەئەمریکا دانیشـتوانەکە ڕیشـەیان دەچـێتەوە سـەر چـەندەها دەوڵـەت بەڕادەیەك کەبیر بۆ ئەوە چووە کەئاوێتەیەکی فرە تازە لـەڕوی کـەلتوریو ئۆرگانیکییەوە دروست بکرێ، نەك هەر پەرە بەو کۆمـەڵگا ئەمریکییـە بـدرێ کـەزۆر جیـاوازیی لەکۆمـەڵگا ئینگلیزییەکـە نیـە، ئاوێتەیـەك

[9]Gordon, Milton, Assimilation in America: Theory and Reality, Deadalus(Spring, 1961),p265.

کەبنەماکەی جیاوازی نەکردن بێ لەنێو بۆتەی سیاسیی نەتەوەیەکی سیاسیدا کە لەژێر کاریگەریی بەئەمریکایی بونو کار لەیەکتریکردندا خەریکە فۆرمۆلەبەندی دەبێو شێوەیەکی تازەو تایبەتی لێ پێکدێ[10].
ئەم بیرورِایانە لەئەمریکا وەك بیروباوەرِ درێژەیان کێشا زیاتر لەوەی کەوەك سیاسەتێکی بەکردار پەیرِەوکراو لەئارادا بن بەلاَم یاساکانی کۆچ کردن بۆ ئەمریکا لەهەندێ روەوە پشت قایم بوون بەو بیرورِایانە، سەرباری ئەوەی کەبیرۆکەی بۆتەی توانەوە تارِادەیەك کاریگەریی لەسەر تێرِوانینو دیدی ئەمریکییەکان بۆ کۆمەڵگاکەیان بەجێ هێشت.

## ٢-فرەیی یان پلورالیزم( pluralism )

سەرەرِای ئەوەی لەمەوبەر وترا، دەبینین هەندێ کەمینە نایانەوێ بتوێنەوە بۆ ئەوەی ناسنامەی سەربەخۆی خۆیان لەدەست نەدەن. رەنگە ئەم ئارەزووە لەیەك لاوە بێو دەشێ لەهەردوو لاشەوە(زۆرینەو کەمینە)بێ بەجۆرێك کەبەرامبەر بەئامانجەکانی فرە کەلتوریی ناو کەمینەکان، بەشێکی گروپی دەسترۆیشتوش ئامادەیی ئەوەی تێدا بێ کەرِێ بەم چەشنە فرە کەلتورییە بدا بەلاَم لەسنورێکی گونجاودا لەگەڵ یەکپارچەییو ئاسایشی نەتەوەییدا. زۆربەی جار ئەم چەشنە ئامادەییە کاردانەوەیەکی دەستبەجێیە بەرامبەر بەشێوازی توانەوەی تەواو. بۆ نمونە، کۆمۆنیستەکان هەوڵیان دەدا پشتیوانیی ئەو کەمینە کەلتوریو نەتەوەییانە بەدەست بێنن کەساڵەهای ساڵ بوو لەژێر چەپۆکی سیاسەتی قەیسەریدا بون بەرِادەیەك کەکۆمۆنیستەکان لەساڵی ١٩١٧دا توانییان کەمینە جۆراوجۆرەکان بەلای خۆیاندا راکێشن، ئەویش لەرِێگەی سەلماندنی مافی سەربەخۆیی کەلتوریی کەمینەکانەوە لەو روانگەیەوە کە((بیرورِاو دابو نەریتو دامودەزگاو کەلتوری نەتەوەییان

---

[10]Gordon. Ibid., p. 270.

ئازاد دەبێو کـەس ناتوانـێ پێشـێلی بکـات یـان دەسـتدرێژیی بکاتـە سەر))[11]. خودی ستالین کابرایەك بوو ریشەی دەچۆوە سـەر نەتەوەیـەکی بچوك، بۆیە بوە نوێنەری نەتەوە بچـوکەکانو رۆڵیشـی هـەبوو لـەدیاری کردنی ئەو سیاسەتەی کەهاوڵاتیبوونی لەناسیۆنالیزمی کەلتوریو نژادی جویێ دەکردەوەو نەك هەر رێیدا زمانە نیشتمانییەکان لەتەنها یـەکێتیی سۆڤێتدا بەکار بهێنرێن بەڵکو بەردەوامبوونی ئەو زمانانەشی مسـۆگەر کرد. رێکخستنی سیاسـیی یـەکێتیی سـۆڤێت تارادەیـەك رەنگدانـەوەی چەند یەکەیەکی کەلتوریی جیاوازی دانیشتوان بوو. بەڵام سەرەڕای ئەمە، سیاسەتی سۆڤێت مۆدێلی فرەییی بەرجەستە نەدەکرد بەڵکو لەم بوارەدا خاوخلیچکیی نواند چـونکە دژی ئـەو فرەییـە بـوو کەجولەکـە داوای دەکردو پرۆپاگەندەی دژی ئاینیش بـوە مایـەی رمانـدنو وێـران کردنـی سەربەخۆییی ئاینی.

لەسـەرەتای جـەنگی دووەمـی جیهانـدا سـەرهەڵدانەوەو بوژانـەوەی ناسیۆنالیزمی روسگەرایی رۆڵی خۆی هەبوو لەپەیڕەوکردنەوەی سیاسەتە کۆنەکەی قەیسەرەکان لەبەرگێکی نوێدا. هـەر لـەو جەنگـەدا هەنـدێ لەکەمینە سۆڤێتییەکان بەزەبری هێز بەشـێوەیەکی یـەکجارەکی وێـران کران، جولەکـەو کەمینـەکانی دیکـە پەراگەنـدەو پـەرشو بـڵاو بـونو هێرشیان کرایە سـەر چـونکە جیهـانبینین(universals)و روسـەکانیش بەجۆرێك رەفتاریان لەگەڵدا کرا کەجیاواز بـوو لەهەڵسـوکەوت لەگـەڵ غەیرە روسەکاندا[12].

---

[11] Locke, Alaine and Stern Stern, B.J(eds)When people Meet,(Hinds, Hayden& Elderdge, 1946).p.673.

[12] Kalarz, W.J.In A.W.Lind,(ed)Race Relations in World perspective, University of Hawaii Press, Chap.9.

هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی یەکێتیی سۆڤێت سەبارەت بەکەمینەکان بڕوانە:

جانۆوسکی لەکاتی ئاماژەکردنـدا بـۆ بنـەما زاڵـەکانی رۆژهـەڵاتو ناوەڕاستی ئەورووپا وای بۆ دەچی کەمۆدێلی فرەیی تاکـە رێیـە بـۆ کـەم کردنەوەی ناکۆکیو ناتەبایی‌ی ناوخۆیی کەبۆتە خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی ئەو دەوڵەتانە ((چونکە کرۆکی کێشەی کەمینەکان بەچەند گوزارەیـەکی کەم دەکرێ درکی پێ بکـرێ ئـەویش ئەوەیـە کەدەوڵـەتانی رۆژهـەڵاتو ناوەڕاستی ئەورووپا لەڕوی زمانو کەلتورەوە شێلگیرو هۆمۆجینو تەبا نینو رێژەیـەکی زۆری هاووڵاتییـانی نـاو یـەك دەوڵـەت بەچـەندەها زمـانی چەشناوچەشن قسان دەکەنو شانازی بەچەندەها یادەوەریو دابو نـەریتی مێـژوویی‌ی تایبەتـەوە دەکـەن. لێـرەوە، سـازانی نەتـەوەیی کـەهێماو مەرجەکەی، بونی یەك زمانو یەك کەلتوری نەتەوەیی‌یە لەنێوخۆی یـەك دەوڵەتدا تەنها لەرێی کڕوساندنەوەی کەمینەکانو نەهێشـتنیانەوە دێتـە دی، کەدیارە ئەمەش دەشێ شـەڕی لێ بکەوێتـەوەو ئـەو شـەڕەش دەشـێ بەنۆرەی خۆی ببێتە مایەی مەترسی بۆ سەر ئاشتیی جیهان. جـا ئەگـەر توانرا ئاشتی بەدەست بهێنرێو رازیبون جێی ستەمو ململانێ بگرێتـەوە، دەبـێ رێگـای بـەدی هێنانی‌ئـەم ئامانجـە داننـان بـێ بەجیاوازییـە کەلتورییەکانی ناو چوارچێوەی گشتیی یەکپارچەیی‌ی سیاسیو ئـابوریی دەوڵەت. دەوڵەتانێك کەفرە نەتەوەن هانا بۆ پرنسیپی سزا دەبەنو باوەڕیان وایە کەیەکێتی‌ی نێوان نەتـەوەکان دەبێتـە هـۆی بوژانـەوەو گەشـانەوەی رێوشوێنەکانی کامڵبونی کەمینەکان بەهـەمو دامـەزراوەو نەریتیانـەوە لەنێو ژیانی هەڵسوڕاوی کۆمەڵگا گەورەکەی دەوروبەردا))[١٣].

دەشێ سویسرا بەنمونەی زیندوی پـەیڕەوی کردنـی سیاسـەتی فرەیـی بەشێوەیەکی تەواوو بەردەوام وەربگیرێت چونکە لەوێـدا فەرەنسـییەکانو

---

Wheeler, Goeffrey, Racial Problems in Soviet Muslim Asia,(Oxford, 1962).

[13]Janowsky, op. cit. xiii.

ئیتالییەکان سەدەهای ساڵە بەمانای وشە کەمینە نین‌و هیچیش دەستبەرداری سیما زمانەوانی‌و کەلتورییەکانی خۆیان نەبون‌و لەنێو بۆتەی ئەڵمانە سویسرییەکانیش کەسێ چارەکی دانیشتوان پێك دەهێنن، نەتواونەتەوە. لەوێدا یەکپارچەیی سیاسی‌و ئابوری، جیاوازییە کەلتورییەکانی تێپەڕاند. فاکتەرەکانی وەك هەڵکەوتی جوگرافی‌و بونی سێ دەوڵەتی نەتەوەیی کەهەر یەکێکیان پشتیوانیی یەکێ لەسێ گروپەکەی ناو فیدراسیۆنی سویسرا دەکاو بونی ئایدیۆلۆژیای دیموکراسی‌و هەروەها چەند فاکتەرێکی تر، بونە هۆی پێکهێنانی ئەو بارودۆخەی لەوێدا هەیە.

بەڵام سەبارەت بەکەنەدا، ئەم وڵاتە سەبارەت بەپیادەکردنی سیاسەتی تایبەت بەفرە کەلتوری، کەمتر سەرکەوتوو بوو. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەهەڵسوکەوتیدا لەگەڵ جیاوازییە ئاینی‌یەکانداو هەروەهاش لەسیاسەتی پەیڕەوکراوی بەرامبەر بەهیندییەکانی ئەمریکا بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ڕێنەدان بەپێکهێنانی سەندیکای تایبەت‌و ڕۆژنامەی بیانی زوبان‌و خوێندنگەی تایبەت بەچەندەها گروپی کۆچکەر، تاڕادەیەك پەیڕەویی لەو شێوازە کرد. لەئەمریکادا فرەیی کەلتوری‌و کۆمەڵایەتی لەئەوپەڕی دایەو لەباشوری ئەفریقیادا فرە کەمەو لەمەکسیك‌و برازیل دا بەئەندازەیەکی مامناوەنج هەیە.

زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی وڵاتە یەکگرتوەکان(واتە هەمو گەل بێجگە لەکۆچکەرە تازەکان‌و گروپە پەراگەندەکانی هیندییە ڕەسەنەکان‌و ئەسکیمۆکان)کەوتنە باری فرە کەلتورییەوەو سیماو ڕوخساری شارستانێتی‌یە ئەفریقییەکان لەنێو کۆیلەکاندا بەتەواوەتی‌و بەیەکجاری نەما، جگە لەکەمێك جیاوازیی کەلتوری لەنێوان ڕەش پێستەکان‌و سپی پێستەکاندا(پاش دەرکەوتنی سیستمی چینی کۆمەڵایەتی).

لەوانەیە هۆی ئەم گۆڕانە بگەڕێتەوە بۆ کەم بونەوەی ژمارەی هیندییە ئەمریکییەکانو لەدەستدانی بایەخی کۆمەڵایەتییان یاخود توانەوەی کەلتورییان لەنێو بۆتەی کۆمەڵگای سپی پێستەکانی دەوروبەریان یاخود توانەوەیان لەناو رەش پێستو مەکسیکییە ئەمریکییەکاندا چونکە زۆربەی گروپە کۆچکەرەکان پاش تێپەڕبوونی دوو یان سێ پشت بەسەر گەیشتنیان بەئەمریکا، کەم تا زۆر، لەناو ئەوروپییەکانی باکورو باشورو رۆژئاواو لەناو ئیسپانە ئەمریکییەکانو ئاسیاییەکانی ئەوێدا توانەوە.

هەروەها فرە کەلتورییەکی تر هەیە کەبایەخەکەی کەمترەو بنەماکەی تەمەنو چینو ئاینو دابەشبونی کەلتوریو سیمای ئیتنیکیی لاوەکییە لەئەمریکا، بەڵام جیاوازییە کەلتورییە جەوهەرییەکان لێرە نابینرێن.

بەمجۆرە دەبینین لەچەندەها جێگای جیهاندا چەندین ئەزمونی هاوبەش هەیە رونی دەکەنەوە کەگەلانی بەرەگەزو بنەچە چەشناوچەشن مەرج نیە دوچاری گرفتەکانی هەنجەتگەراییو سوکایەتیو جیاوازی کردن بن. سەرەڕای ئەمە، پێشکەوتنی کاریگەرانەی گروپ پێویستی بەوە هەیە کەبیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەیی خاوەن نمونەی تایبەتو کەلتوری یەکپارچەو یەکگرتوو بخرێتە لاوەو هەروەها پێویست بەوە دەکا زۆرینە دەستبەرداری ئەو خواستانە بێ کەپەیوەندییان بەسەروەریی کەلتوریو ساغڵەمییەوە هەیە. بەرامبەر بەوە، پێویستە لەسەر کەمینەکانی زۆر شوێنی جیهان چیتر هیوایان بەجیابونەوەی سیاسیو ئابوری نەبێو دەشێ فرەیی کەلتوری پاش ئەوەی بەسەرکەوتویی چەند ساڵێکی بەسەردا تێدەپەڕێ، بتوانێ بڕی گرژیو جیاوازی کەم بکاتەوەو توندوتیژیو نیگەرانیو ململانێی نێوان دەوڵەتان خاو بکاتەوە.

### ٣- پاراستنی یاسایی کەمینەکان

سیاسەتی پاراستنی کەمینەکان بەهۆی دەستورو یاساو ڕێو ڕێچکە دپلۆماسییەکانەوە زۆر لەمۆدێلی فرەییەوە نزیکەو زۆربەی جاریش ئەم چەشنە بەفرەیییەکی کەلتوریی فەرمی دەژمێردرێ. بەڵام جەخت کردن لەسەر پاراستنی یاسایی بەو مانایە دێت کەچەند گروپێك هەیە سەنگو کێشی خۆیان هەیەو ئەو گروپانە بەناوەڕۆك بەمۆدێلی فرەیی ڕازی نین. هەر بۆ نمونە، دەستورەکانی بولگاریاو تورکیا پاش جەنگی یەکەمی جیهان مافی یەکسانییان بۆ کەمینەکان تێدا چەسپاوەو دەستکارییەکانی ژمارە ١٣و ١٤و ١٥ی دەستوری وڵاتە یەکگرتوەکان- سەرەڕای ئەوەی کەهەرسێکیان لەڕوی ئامانجەوە یەك ئامانجیان هەبوو- مەبەستیان پاراستنی یەکسانیی کەمینەکان بووە لەمافدا، بەتایبەتی بۆ ڕەش پێستەکان کەهەلومەرجی ژیانیان ئەو دەرفەتەیان بۆ نارەخسێنێت کەخۆیان ئەو ئامانجە بێننە دی، سەرباری ئەوەی کەیاسا مۆدێرنەکانی تایبەت بەیەکسانیی بواری کار لەبیستو سێ ویلایەتدا ئامانجی لەو جۆرەیان هەبوە.

شێوازی پاراستنی یاسایی بەپێی دەوڵەتەکان دەبێ بەشێوازێکی چەشناوچەشن. جگە لەمە، ئەمە بەو واتایەش دێت کەزۆر گروپ هەیە بەپرنسیپی مافی یەکسانیی کەمینەکان ڕازی نیە. لەبەرئەوە دەبێ یاسا بەزۆر بەسەریاندا بسەپێ. دەشێ ڕێساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەناوەڕۆکدا ئەوەندەی مەعنەوی بن ئەوەندە یاسایی نەبن بەڵام ئەو ڕێسایانە بانگەواز بۆ بونی یاسایەکی نێودەوڵەتانی یەکلاکەرەوە بڵاو دەکەنەوە کەهەمو چەشنە لەناوبردنێکی بەکۆمەڵی گەلان ئیدانە دەکا، وەك ئەو جینۆسایدەی کەبەشێك بوو لەسیاسەتی هتلەر. هەروەها پەیمانی ڤێرسای بایەخی بەکەمینەکان دا، بەتایبەتی لەئیمپراتۆریەتە کۆنەکەی نەمسا- مەجەر کەکانگای چەندەها ململانێ

بوو. مافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلان یەکێ لەو پرنسیپانە بوو کەچواردە خاڵەکەی سەرۆکی ئەمریکا ودرۆ ویلسن باسیان لێوە کردبوو. ئەوسا مەسەلەکە وا باس دەکرا کەئەگەر بتوانرێ ئەو خاڵە جێبەجێ بکرێ، ئەوا کێشەی کەمینە((نەتەوەییەکان))چارەسەر دەکرێو ئەگەر هەر نەتەوەیەك دەوڵەتێکی بوێت ئەوا بۆی دروست دەکرێ. بنەمای ئەم چارەسەرە ئەوە بوو کەدەوڵەتی خاوەن یەك کەلتورو یەك زمان سەرکەوتووتر دەبێ بەلام لەهەمان کاتدا چارەسەرەکە بایەخی ئەو فاکتەرە ئابورییانەی کەم کردەوە کەداوای یەکپارچەیی گروپە جیاوازەکانیان دەکردو کەوتنە دنەدانو هاندانی هۆشیاریو کەلتوری گروپە کەم بایەخەکە لەبری هاندانی هاوکاریی نێوان گروپە جیاوازە گرنگەکان. تەنانەت ئەم چەشنە چارەسەرە بەبێ رودانی کۆچی شەپۆلداری گەورە گەورە بەکردەوە جێبەجێ ناکرێ چونکە بەشێکی زۆری کەمینەکان لەچەندەها((شوێنی))بچوکی جیهاندا پەراگەندەن.

بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چارەسەرە بەشێوەیەکی گشتی بەوەرچەرخانێکی بایەخدار بەقازانجی ئاشتیدا دەژمێردرێ چونکە سەرنجێکی هۆشیارانەی بەلای مافی کەمینەکاندا راکێشا، بەتایبەتی لەو نمونانەی کەتێیدا پرنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنوس پشت گوێ دەخرێ، وەك زۆربەی جار وابوە، بۆیە شتێکی پێویستە کە رێککەوتن سەبارەت بەفرە کەلتوریی ناو دەوڵەتان سەرلەنوێ ئەنجام بدرێ.

پێویستە یەکێ لەمەرجەکانی ئەم رێککەوتنە ئەوە بێ کەخاڵێکی تێدا بێ سەبارەت بەمافە مەدەنیو ئاینییەکانو مافی هاوولاتیبونو هتد. لێرە سەرنج دەدرێ کەنەتەوە یەکگرتوەکان هەمان رێچکەی کۆمەڵەی گەلانی نەگرتۆتە بەر سەبارەت بەگرفتی کەمینەکان، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك[١٤]:

[14] Claude, op.cit.

کۆمەڵــەی گــەلان بڕیارەکــانی تایبــەت بەپاراســتنی کەمینــەکانی بەشێوەیەکی یاسایی بەسەر دەوڵەتە بەزیوو دەوڵەتە تازەکانی ڕۆژهــەڵاتی ئــەوروپادا پراکتیــزە کــرد، لەکاتێکــدا نەتــەوە یــەکگرتوەکان- لەبــەر بایەخــدانی زۆرتــری بەگرفتــەکانی جیهــان- ناچــار بــوو چارەســەر بــۆ گرفتەکانی ململانێی دپلوماسیو نێودەوڵەتی بدۆزێتەوە. ئیتر لەگەرمەی پشتیوانیی ولاتە یەکگرتوەکان لەئەمریکای لاتین، نەتەوە یــەکگرتوەکان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەنابێ نەتەوە یەکگرتوەکان توخنی کاروباری ناوخۆی دەوڵــەتان بکــەوێ. بــەهۆی ئەمــەوە، نەتــەوە یــەکگرتوەکان زۆر بەدەگمــەن پشــتگیریی لــەو هەولانــە کــرد کەئامانجەکــەیان پاراســتنی کەمینەکان بوو لەناو دەوڵەتانــدا. هــەروەها یــەکێتیی ســۆڤێتیش رازی نەبوو دەوڵەتان سەرپەرشتیی ئەو ولاتانە بکەن کەخۆی دەیویست بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ســەرباری ئــەوەی کەهەنــدێ لەدەوڵەتــەکان وای بــۆ چوون کەهەندێ لەتاکــەکانی نــاو کەمینــە نەتەوەییــەکانیان لــەکاتی جەنگی دووەمی جیهاندا دڵسۆزییان نیشان نەداوە. ئیدی بەهۆی ئەمــەوە هیچ یەکێ لەدوو زلهێزەکە- واتە نە ولاتە یەکگرتوەکانو نــە یــەکێتیی سۆڤێت- پێیان خۆش نەبوو کێشەی کەمینەکان لەناو ڕێکخراوی نەتــەوە یەکگرتوەکاندا تاوتوێ بکرێ. لەئەنجامی هەمو ئــەم هۆکارانــەدا، پــاش کۆمەڵەی گەلان گیروگرفتی کەمینەکان بوو بەگیروگرفتێکی نەتــەوەییی پیرۆزی ناو دەوڵەتەکانو نەبوو بەگیروگرفتێکی جیهانیو لەســەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان نــە گفتوگــۆی لەســەر کــراو نــە بەســەرکەوتویی چارەسەری بۆ دۆزرایەوە.

بــەلام ئەمــە بــەو واتایــە نایــەت کەنەتــەوە یــەکگرتووەکان بایــەخ بەکەمینەکان نادات. لەم بارەیــەوە نەتــەوە یــەکگرتوەکان جــەختی زۆری لەسەر مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی تەواوی تاکەکان وەك تاك نــەك وەك ئەنــدامی گروپــەکان کردۆتــەوە. جگــە لــەوە، نەتــەوە یــەکگرتووەکان

بایــەخێکی تایبــەتی بــەکاروباری راگواســتنی دانیشــتوان داوە چــونکە هەوڵــدانی کــاراو کاریگــەر بــۆ پاراســتنی کەمینــەکان بــەپێی یاســای نێودەوڵەتان هەوڵدانێکی لاوازو ناکاریگەر بــووەو کاریگــەریی چــالاکیی یاسایی وەك تــەگبیرێك بــۆ پاراســتنی کەمینــەکان وەك کــارێکی ئــاڵۆز هاتۆتــە پــێش چــاو. دیــارە ئــەو سیاســەتەی کەپەیمانــەکانی ڤێرســای دایانڕشت، چیکسلۆڤاکیای لێ دەرچێ کە بەهیچ شێوەیەك ئامــادە نــەبوو لەســـایەی پراکتیزەکردنـــی پاراســـتنی نێودەوڵەتیـــدا کـــار بکـــات، سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست نەهێناوە. بەڵام ئەم لاوازییە تاڕادەیەکی زۆر رەنگدانەوەی ئەو لاوازییە گشــتییە بــوو کەبــەرۆکی کۆمەڵــەی گــەلانی گرتو هەروەها زادەی ئەو کێشمەکێشو ململانێ سەختو دژوارانــە بــوو کەبوونە روخسارێکی ماوەی نێوان هەردو جەنگە جیهانییەکەو هەروەها- تاڕادەیەکی زۆر- رەنگدانەوەی ناتوانــایی بــوو لەپاراســتنی کەمینــەکان لەڕێی یاسای نێودەوڵەتانەوە. لەم بوارەدا نەتــەوە یــەکگرتوەکان- لــەڕێی چەندەها دەزگاو ئاژانسی تایبەتەوە- بایەخی بەکێشــەی کەمینــەکان داو تاڕادەیــەکیش تــوانی پــەرە بەڕێوشــوێنەکانی کــارکردن بــداتو ئــەم مەسەلەیەش پاشتر بەتێروتەسەلی لەبارەیەوە دەدوێین.

## ٤-راگواستنی دانیشتوان

هەندێك جار گروپەکانی زۆرینە لەهەوڵدانێکیاندا بۆ کەم کردنــەوەی گیروگرفتەکانی کەمینەکان، پەنایان بۆ راگواستنی دانیشتوان بردوە. ئەم کارە بۆ هەندێ کەمینــە کــە لــەڕێی جیابونــەوەی ماددییــەوە دەیانــەوێ گرژییەکە کەم بکرێتــەوە، شــتێکی گونجــاوە. هەنــدێ جــار راگواســتنی دانیشتوان بەشــێوەیەکی ئاشــتییانە ئــەنجام دراوەو لــەم بــوارەدا هەنــدێ بایەخیش بەمافو ئارەزوی تاکەکانی گروپی کەمینــە دراوە، شانبەشــانی مشورخواردنێکی بارودۆخیان. بەڵام نمونە باوەکە سیاسەتێکە ئامانجەکەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکەیە بەدەرکردنی ئەندامانی گروپی کەمینە بۆ

دەرەوەی وڵات وەك ئەوەی لەبیستەکانی سەدەی رابردودا رویدا کاتێك یۆنانو تورکیاو بولگاریا ئاڵوگۆڕێکی دادپەروەرانەو سەرکەوتوانەی دانیشتوانیان ئەنجام دا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر ئاستەنگو تەگەرە هەن دێنە بەر رێی سودوەرگرتن لەم ئەزمونە چونکە کاتێك بناغەی راگواستنەکە ئاڵوگۆڕی دانیشتوان بێ، دەشێ بەشێکی زۆری تاکەکانی کەمینە کەیفیان بەبزوتن نەیەت. کەواتە تا چ ئەندازەیەك ئەمانە ناچاری بزوتن دەکرێن؟ هەروەها لەوانەیە قەوارەی کەمینەکان بەقەدەر یەکتری نەبێ یاخود دەشێ تاکەکانی کەمینەکان پیشەی جیاوازیان هەبێ. ئایا لەهەلومەرجی ئاوەهادا ئەو کەمینانە رازی دەبنو پێیان خۆشە لەقەڵەمڕەوێکی دیکەدا نیشتەجێ بکرێنو لەوێشدا دەست بەتواندنەوەیان بکرێت؟ لێرەوە گرفتە بنەڕەتییەکە لەوەدایە کەئەم شێوازە پێویستی بەگەلێکی هۆمۆجین هەیە کە بەپیادەکردنی شێوازەکە ئاسایشێکی زۆرتر بۆ خۆی دابین دەکات، لەکاتێکدا راگواستنی دانیشتوان یەکێ لەهۆیە سەرەتاییەکانی ململانێ دەبێ.

ئەگەرچی راگواستنی دانیشتوان هەندێ جار رەنگدانەوەی نیاز پاکییە بەڵام زۆربەی جار بەشێوەیەکی دوژمنکارانە لەلایەن زۆرینەوە ئەنجام دەدرێ. راگواستنی دانیشتوان بەدوو شێوە ئەنجام دەدرێ. یا بەشێوەیەکی راستەوخۆ یا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ[١٥]. کاتێك شێوەکە راستەوخۆ دەبێ، کەمینە ناچار دەکرێ بار بکاو بڕوا یاخود بەشێوەیەکی دیاریکراو ناچار دەکرێ لەشوێنەکە نەمێنێ[*]. لەسەدە ناوەڕاستەکاندا زۆرێ لەدەوڵەتانو شارەکان کەوتنە دەرکردنی جولەکە[**]. وڵاتە

---

[15] Peterson, William, A General Typology of Migrations, American Social Review(ASR)(June 1958), pp.261-263.

[*] ئەم شێوە راگواستنە لەکوردستاندا پەیڕەو کرا بەتایبەتی بۆ راگواستنی دانیشتوانی سەر سنوری عیراق- ئێرانو عیراق- تورکیا هەروەها بۆ دەرکردنی کورد لەکەرکوكو خانەقین(وەرگێڕ).

[**] هۆی دەرکردنەکە پەیوەندیی بەدەمارگیریی ئاینییەوە هەبوو چونکە خەڵکی ئەو سەردەمەی ئەوروپا وایان دانابوو کەجولەکە دەستی لەکوژرانی حەزرەتی مەسیحدا هەبووە (وەرگێڕ).

یەکگرتوەکانیش هیندییە سورەکانی لەهەرێمێکەوە بۆ هەرێمێکی تر راوناو یەکێتیی سۆڤێتیش لەکاتی جەنگی دووەمی جیهاندا ملیۆنان کەسی لەهاوولاتییەکانی خۆی کەسەر بەکەمینە ئاینیو نەتەوەییەکان بوون، راگواست یاخود پەراگەندەو بلاوە پێ کرد. رژێمە نازییەکەی ئەلمانیاش بەمەبەستی دروستکردنی دەولەتێکی تەباو هۆمۆجین رێوشوێنی توندوتیژو بێ بەزەییانەی گرتە بەرو ژمارەیەکی زۆری کەمینەکانی بەزۆرو بەزەبری بەکارهێنانی هێز خستە لاوە.

سیاسەتی ناڕاستەوخۆش ئەو سیاسەتەیە کە وا دەکا ژیانو گوزەرانی تاکەکانی کەمینە ئەوەندە سەختو دژوارو نارەحەت بێ کەپێی هەراسان بن بەئەندازەیەك کەڕوو لەکۆچ کردن بکەن. هەر بەبەکارهێنانی ئەم شێوازی کارە رژێمی قەیسەریی روسیا ملیۆنان جولەکەی دەرکردو هەروەها ئەم شێوازی کارە بەشێك بوو لەسیاسەتەکانی ئەلمانیا. پاش بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهان پشتیوانییەکی زۆر لەو کۆششانە کرا کەئامانجەکەیان کەم کردنەوەی گیروگرفتەکانی کەمینە ئەوروپاییەکان بوو لەڕێی راگواستنی دانیشتوانەوە. هەولی دورخستنەوەی((کەمینە نادلسۆزەکان))لەڕۆژهەلاتی ئەوروپا دوچاری برێکی زۆر هەنجەتگەراییو دەمارگیری بوو ئەویش لەبەر ئەوەی هەولێکی زۆر بۆ لێك جیاکردنەوەی تاکە دلسۆزو نادلسۆزەکانی کەمینە نەتەوەییەکان نەدرا. جگە لەمە، ئەم شێوازی کارە گونجاوە لەگەل هەندێ لەو رێوشوێنانەی کە لەئەمریکا لەو ناوچانەدا پیادە کرا کەکەمینەی بەڕەگەز ژاپۆنیی لێ نیشتەجێ بوو بوو. ئەگەرچی ئەوانە زۆربەی هەرە زۆریان زۆر دلسۆزی ئەمریکا بون بەلام لەگەل ئەوەشدا هەر بۆ ناوچەکانی رۆژئاوا دور خرانەوەو ناچار کران لەنێو کامپی سەخت دا ژیانی کولەمەرگی بەرنە سەر.

راگواستنی دانیشتوان دەشێ لەهەندێ هەلومەرجدا سودی هەبێ[*] بەڵام زۆربەی جار ئەم کارە لەجیهانی هاوچەرخدا بەزەحمەت بەڕێوە دەچێ، ئەگەرچی ئەم کارە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی کێشەی کەمینەکان. ئەم چەشنە کردەوەیە پێویستی بەکەلتورێکی نمونەیی یەککگرتوو هەیە کەئەمڕۆ مەسەلەیەکی وەها لەسایەی جموجۆڵی خێراو شێوازە پێشکەوتووەکانی کۆمیونیکەیشی نێودەوڵەتیدا بۆتە مەسەلەیەکی کەم بایەخ. بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە کاراو کاریگەرو بەرهەمدار بێ، دەبێ بزوتنی دانیشتوان رابگیریت، ئەویش کاتێك ئەم بزوتنە لەگەڵ پێداویستیەکانی کارو هەر گۆڕانێکی ئابوریی دیکەدا کەدژی پرنسیپی بەجیهانیبونی ئابورین، ناگونجێت. کورتییەکەی ئەوەیە کەئەم رێوشوێنی کارە-تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی مرۆدۆستانەش ئەنجام بدرێ- هەر دەبێتە هۆی پێشێل کردنی زۆربەی مافە بنەڕەتییەکانی تاکەکان[16].

### ٥-ملکەچ کردنی بەردەوام:

سیاسەتەکانی پێشین ئامانجەکەیان هاوکاری کردنە لەگەڵ کەمینەکاندا لەناو کۆمەڵگاکەدا یاخود دورخستنەوەیان لەکۆمەڵگا. سەرەڕای ئەمە، زۆربەی جار دەشێ گروپی دەستڕۆیشتوو کەیفی بەهەردو سەرەنجام نەیەت چونکە ئەو گروپە دەیەوێ گروپەکانی کەمینە لەدەورو خولی خۆیدا بن و لەهەمان کاتیشدا پێی باشە ئەو کەمینانە((لەشوێنی خۆیاندا))بن و هەمیشە ملکەچ و ژێردەستە بن. لەوانەیە گروپی دەستڕۆیشتوو لەدواییدا بەڵێنی بەدی هێنانی یەکسانی بدات بەڵام

---

[*] ئەم چەشنە راگواستنەی دانیشتوان کەنوسەر باسی دەکا، جیایە لەو راگواستنەی دانیشتوان کەحزبی بەعس دژ بەکورد ئەنجامیدا. مەبەستی نوسەر، راگواستنی کەمینەکانە لەشوێنێك کەتێیدا لەگەڵ دانیشتوانی شوێنەکەدا ناگونجێن، بۆ شوێنێکی تر کەتێیدا کەمتر توشی کێشەو کێشمەکێش و ئاڵۆزیو هەرا دەبن(وەرگێڕ).

[16] Claude, op. cit., especially Chap. 8, 10.

زۆربەی جار ئەمە تەنها وەك بەڵێن دەمێنێتەوەو هەرگیز كەس چاوی پێ ناكەوێ. لەم بوارەدا رێژەی سپی پێستەكان لەباشوری ئەفریقیا هەرگیز ئەنجامێكی وای لێ هەڵنەدەكرێنرا كەرۆژێ دادێ رەشەكانو سپییەكان لەیەك ئاستدا بن، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی سپی پێست دەترسا بیر لەدەوڵەتێكی بێ رەش پێست بكاتەوە چونكە ئەگەر رەش پێستەكان كارە سەختەكانیان ئەنجام نەدایە، ئەی كێ ئەو كارانەی ئەنجام دەدا؟

زۆر كەس خەڵكیان هانداوە كۆچ بۆ ئەمریكا بكەن بەو ئومێدەی كەئەم كۆچە ببێ بەهۆی كەم كردنەوەی كرێی كرێكاران. كەچی ئەمرۆ زۆر زەحمەتە یاسایەك بۆ هاندانی مەكسیكییەكان بۆ كۆچ كردن بۆ ئەمریكا دەرچێ چونكە زۆرێك لەدەستڕۆیشتوەكانی باشوری رۆژئاواو شوێنەكانی تر بەرژەوەندییان لەوە دایە كەمینە چەوساوەكە بمێنێ. خۆ ئەگەر نەشتوانرێ كەمینەكە ملكەچ بكرێ، ئەوا كەمینەكە دەتوانێ داوای هەمان كرێ بكات كەهاووڵاتییە ئەمریكاییەكان وەری دەگرن. دیارە دەركردنی یاسای كۆچ كەمتر دژواریی لەبەر رێ دەبێ، بەتایبەتی كەزۆر لەم چەشنە یاسایانە پەیوەندیی بەو شێوازو رێوشوێنەوە هەیە كەزۆرینە بۆ ملكەچ كردنی كەمینەكان بەكاریان دەهێنێ.

## ٦-لەناوبردن یاخود قڕ تێخستن:

هەندێ جار دەشێ كێشمەكێشو ململانێی نێوان گروپەكان ببێ بەكێشمەكێشو ململانێیەكی سەخت و توندوتیژو توندڕەو بەڕادەیەك كەهەوڵ دەدەن قەوارەی ماددیی یەكتری خاپورو وێران بكەن. ئەم شتە بەسەر هەندێ پەیوەندیی خێڵەكیی دێریندا هاتووەو هەروەها لەمێژووی مۆدێرنیشدا رویداوە. هەر بۆ نمونە، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دو لەسەر سێی هیندییە سورەكانی لەناو برد. بۆیەرەكانیش هۆتینتۆتەكانیان بەئاژەڵی ناو جەنگەڵ دادەناو كەوتبونە هەڵپەی

**راوکردنیان بەشێوەیەکی دور لەبەزەیی، لەکاتێکدا هۆتینتۆکان گەلە رەسەنەکەی باشوری ئەفریقیایان پێکدەهێنا. هەروەها لەئەڵمانیا لەماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٣٣-١٩٤٠دا شەش ملیۆن جولەکە قڕیان تێ خرا.**

*** * ***

**ئەو شەش شێوازو رێوشوێنەی گروپە دەستڕۆیشتووەکان کەلێرە باسمان کردن تەنها وەك نمونە باس کراون دەنا جگە لەمانە زۆر چەشنی دیکە هەیە کەهەندێکی دەچێتە خانەی بەرنامەو نەخشە درێژخایەنەکانو هەندێکی دیکەشیان پەیوەندیی بەهەندێ بواری تایبەتو دیاریکراوەوە هەیە، جگە لەوەی کەهەندێکی تریشیان بەرهەمی هەندێ سیاسەتی دیاریکراوەو دەشێ هەندێ لەو سیاسەتانە بەئەنقەست ئەنجام نەدرابن. هەندێ جار ئەو سیاسەتانە لەلایەن گروپی زۆرینەوە مۆرکێکی رەسمی وەردەگرن بەڵام دەشێ لەنێو هەندێ گروپی تردا لەکاردانەوەی رۆژانەی گروپە دەستڕۆیشتووەکان بەولاوەشتێکی تر نەبێ. لەبەر ئەوە زۆر لەو شێوازو رێوشوێنانە لەکاتی جێبەجێ کردندا بەپێی هەلومەرجەکە ئاستی جیاوازیان هەیە وەك ئاستەکانی پەسەندکردنی تێکڕایی بونی کەمینە، نواندنی لێبوردن، قڕتێخستنو هتد.**

# بەشی سێیەم

## هۆکانی پەیدابونو پەرەسەندنی کەمینەکان

## ریشە مێژوییەكانی پەیدابونی كەمینەكان

مێـــژوی هـــەر كەمینەیـــەك چـــەند فاكتـــەرێكی تایبـــەتی تێدایـــە كەنەختێك تایبەتمەندیو پرنسیپی هاوبەشیان گرتۆتە خۆ. لەبـەر ئـەوەی كەمینـــە گروپێكـــی دانیشـــتوانەو تایبەتمەنـــدیو ســـیمای سروشـــتیو كۆمەلایەتیی تایبەت بەخۆی هەیە، هەموو گـەلێكی فـرە رەگـەز، بـەو ئاكامە دەگات كەچەندەها كەمینە لەناخیـدا پەیـدا بـبن. بنـەمای فـرە رەگـــەزی، بیروبـــاوەڕی نەتـــەوەییو كـــەلتوریو ئـــاینیو نژادییـــە، یـــاخود بەواتایەكیتر، بنەماكە دەوەستێتە سەر هەندێ تایبەتمەندیو سیماو ئـەو تایبەتمەنـــدیو ســـیمایە زۆرینـــەی هـــەر دەســـەلاتدارو فـــرە دەستڕۆیشـــتوو دەستنیشانی دەكات.

كۆچو پەیوەنـدیی كـەلتوریو لەشكركێشـیی سـوپایی دەبنـە هـۆی چەشناوچەشنیی گەلان. جگە لەوەی كەئەم چەشناوچەشنییە پەیوەنـدیی بەتەكنەلۆژیای مۆدێرنو پەرەسەندنی هۆكانی گواستنەوەوە هەیە. لەبـەر ئەوە، سەرچاوەی كەمینەكان دەگەڕێتەوە بۆ بەئاستەم گونجانی توخمەكانی هەرێمو گەلو كەلتورو دەسـەلاتی سیاسـی[1]. سـەرەڕای ئەمـە، زانسـتی ئەنترۆپۆلۆژیا رونی دەكاتەوە كەكۆمەڵە تەباو گونجاوەكان كـەم گروپیـان تێدا هەڵدەكەوێ كەتایبەتمەندیی هەنجەتگەراییان تێدا بـەدی بكرێـتو ئەگەر هەر جۆرە ململانێو كێشـمەكێشو دژایەتییـەكیش هـەبێ، ئـەوا ئەمانە پەیوەندییان بەچەند كەسێكەوە هەیەو پەیوەندییان بەتوێـژەكانی گەلەوە نیە. دەشێ نەسازانو نەگونجانی كۆمـەڵی مـۆدێرن ژینگەیـەكی لەبار بۆ كەمینەكان پێك بهێنێت.

---

[1] Wirth, op, cit., p. 365.

پەرەسەندنی دەوڵـەتی نەتـەوەیی لـەکاتی باسـکردنی رەگو ریشـەی نەتەوەکاندا بوو بەڕاستیەیەکی سەرەکی چـونکە بـەهۆی ئـەو دەوڵەتـەوە دەسەلاّت بەسەر ئەو گروپانەدا سەپا کـە لەمـەوپێش گروپـی لێـك جیـا بونو هەموانیش ئارەزویان لەبەدی هێنانی نەتەوەیەکی شێلگیرو پێکـەوە گونجاوو هۆمۆجین دا هەبوو(دیارە ئەمەش رەنگدانەوەی هەوڵدانە بۆ کـەم کردنەوەی فرە کـەلتوری)و لـەئاکام دا پەیوەندییـەك لـەنێوان زۆرینـەو کەمینەدا پەیدا بوو. واگلیو هاریس وێنای ئەم پەرەسەندنەیان کـرد کـە لەگەڵ بنەماو بنچـینەی کۆمەڵـە خێڵەکییەکانـدا ناگونجـێو لـەم روەوە وتویانە: ((جیهانی تـاك لەکۆمەڵـە سـەرەتاییەکاندا تاڕادەیـەکی زۆر ئالتەرناتیڤی تێـدا نیـە. هـەموان بەیـەك زمـان دەئـاخڤن، یـەك دابو نەریتیان هەیەو بنەچەشیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەمان ریشەی سروشتی. لەبەر ئەوە، رێکخستنی کۆمەلاّیـەتیی سـەرەتایی هـیچ تـەگبیرێکی بـۆ هاوکاریی نێـو یـەك یەکـەی کۆمەلاّیـەتی تێـدا نیـەو تاکـەکانی ئـەو کۆمەلاّنە پەیوەندیی خزمایەتیو ژنو ژنخوازییان لەگەڵ گروپەکانی تـردا نیە کە نەریتی جیاوازیان هەیەو بەهای دیاریکراوی خۆیان هەیـە، واتـە هـیچ پەیوەندییـەکیان لەگـەڵ ئەوانـەدا نیـە کـە بەلایانـەوە گـەلێکی بێگانەن. تەنها کاتێـك دەوڵـەت پـەرە دەسـتێنێ، گروپـە مرۆییـەکان شێوازێکی رێکخستنی کۆمەلاّیـەتییان دەبـێ کـە- لـەڕوی کـەلتوریو ئۆرگانیکییـــەوە- گروپـــە نـــا گونجاوەکـــان، ئەوانـــەی پێیـــان دەگـوترێ((بێگانـە))، لەیـەك قـەوارەی کۆمەلاّیەتیـدا لـەقالّب دەدا. سەرەڕای ئەمە، پەرەسەندنی رێکخستن لەناو دەوڵەتدا نابێتە هۆی هێنانە پێشەوەی ئەو پرنسیپانەی کە بەتـەواوەتی مایـەی یەکپارچـەیی گەلـە سـەرەتاییەکانن، چـونکە ئەگـەر ئـەم یەکپارچـەییە بهاتایەتـە دی،

کەمینەکانی ئەمڕۆ پەیدا نەدەبوونو زۆر کەسیش- تەنانەت لەکۆمەڵە مۆدێرنە شارستانییە ناگونجاوەکانیش- تیۆروانینێکی خێڵەکیی بۆ جیهان نەدەبوو و گروپە دەستڕۆیشتووەکانیش بەشێوەیەکی تایبەت وەها کاریان نەدەکرد وەك ئەوەی کۆمەڵگای ئەو دەوڵەتەی کەئەوان- لەڕوی تیۆرییەوە- بەشێکی پێك دەهێنن، تەنها لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە ئۆرگانیکیو کەلتورییەکانی ئەوان دامەزراوە))[2].

گومان لەوەدا نیە کەبارودۆخی کەمینەو زۆرینە بارودۆخێکی کۆنە بەڵام لەئاکامی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم دا لەسەردەمی ڕێنیسانس و پەرەسەندنی بازرگانیدا، گرفتی کەمینەکان بوو بەگرفتێکی ئێجگار گرنگو هەر لەو کاتەدا کەهەست بەخۆ کردن لەلای کەمینەکاندا پەیدا بوو، بازرگانەکانو پاشاکان کەوتنە داواکردنی بەدی هێنانی یەکێتیی نەتەوەیی. تیۆرییەکانی سەرداریێتیی نەتەوەییو مافە خوداییەکانی پاشایان لەلایەك لەگەڵ بیروڕای جیهانگەرایی پاپادا نەگونجاو لەلایەکی ترەوە لەگەڵ هەوڵداندا بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتو دەستڕۆیشتوویی دەرەبەگایەتی. ئیدی لەگەڵ پیرۆزکردنی سیاسەتی ناوەندێتیی نەتەوەییدا، زۆرینە چەندەها ڕێکخستنی بۆ خۆی پێك هێناو کەم تا زۆر داوای لەکەمینەکان کرد خۆیان لەگەڵ ئەو زۆرینەیەدا بگونجێنن.

کاتێك نەتەوایەتی وردە وردەو بەشێنەیی لەنێو گەلە چەشناوچەشنەکانی ناوەڕاستو ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا سەری دەرهێناو مێژوویەکی پڕ ئەنگێزەی کۆڵۆنیالیستییانەی بۆ خۆی تۆمار کرد، کەمینە کەلتورییەکان هەستێکی گەرمو گوڕو بەجۆشو لێواولێو پڕ تاکگەرایی لەناخیاندا چەقی بوو و ئەو هەستە دژایەتیی ئەوەشی دەکرد

---

[2] Wagly, C& Haris, M., ((Minorities in the New World)).O. cit., pp. 241-242.

کەیەکێتیەیە گەورەکە بێتە دی چونکە سەدە دورو درێژەکانی داگیرکردنو چەوساندنەوە هەستی جیابونەوەی لەلایان دروست کردبوو. ئەم هەستەش، وەك مەکارتینی Macartney وتویەتی، بەسانایی لەناو نەدەچوو[٣].

لەگەڵ گەشەکردنی نەتەوایەتیدا، هەندێ گرفتی تر بەرۆکی کەمینەکانی گرت، ئەویش بەهۆی بلاوبونەوەی کۆلۆنیالیزمو شەپۆلەکانی لەشکرکێشیو هێرشو پەلاماردان. تەنانەت لەگەڵ زیادبونی هێزو گوڕی ئەوروپادا، چەندەها توخم کە لەڕوی کەلتورو ئاینو نژادەوە لێك جیاواز بون لەناو یەك چوارچێوەی سیاسیی گشتیی لێکچوودا کاریگەرییان خستە سەر یەکترییەوە. گروپە دەستڕۆیشتووە گەورەکانیش دوچاری چەندەها گرفتیتر بون سەبارەت بەو سیاسەتەی کەدەبێ بەرامبەر بەگروپە کەمینەکان پەیڕەو بکرێت. ئیتر لەکاتو شوێنی جیاوازدا، بەتایبەتی پاش پەیدابوونی کەمینە((هاوردەکان))* شانبەشانی کەمینە((خۆماڵییەکان))(واتە کەمینەکانی ناو دەوڵەتی دایك)و پەیدابونی وڵاتانی داگیرکراو، چەندەها شێوازی جیاوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ کەمینەکاندا وەك لەناوبردنو دورخستنەوەو لێبوردنو تواندنەوە هاتنە ئاراوە[٤].

---

[3] Macartney, C.A,. National States and National Minorities", (Oxford, 1934).

*مەبەست لەکەمینە هاوردەکان ئەو گروپە نائەوروپاییانەیە کەوڵاتەکانیان لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپاوە داگیر کراو خۆشیان بوون بەژێردەستەی ئەوروپاییەکانو بەپێی پەیوەندییەکانی نێوان داگیرکەرو داگیرکراو، دانیشتوانی وڵاتە داگیرکراوەکان تاكو تەرا لەوڵاتی داگیرکەر نیشتەجێ بونو بەتێپەڕبونی رۆژگار ژمارەیان زیادی کردو لەوێ بون بەکەمینە شانبەشانی کەمینەکانیتر کەهەر لەبنەڕەتدا لەوڵاتەکەدا بون(وەرگێڕ).

[4] Laski, Harold J., A Grammer of politics, (London: George Allen and Unwin, 1941). P.218.

## ڕیشەی کەمینە نەتەوەییەکان

دەتوانرێ لەئەوروپا ڕا بـەدوای واژەی((کەمینـە نەتەوەییـەکان))دا بچین، چونکە ئەم واژەیە پڕاوپڕ بەکەڵکی زۆر گروپـی نەتـەوەیی دێ کـە لـەدێر زەمانـەوە لەهەنـدێ ناوچـەدا سـەقامگیر بـون‌و دواتـریش هـیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر ئەو هەرێمانەدا نەماو کەوتنە ژێر دەسـتی گـەلانی بەژمارە زۆرتر کەتۆرەمەیان دەچۆوە سەر چەندەها نەتەوەی جیاواز. هەندێ جاریش گروپە کەمینەکان لەناوچە ڕەسەنەکانی خۆیشیان نەمان‌و بـەناو دەوڵەتێکدا پەرش‌و بڵاوو پەراگەندە بون‌و پاشـانیش ئـەو گروپانـە بونـە هـاووڵاتیی ئـەو دەوڵەتـە. نمونـە فـرە باوەکـەش، بـەردەوامبونی ئـەو کەمینانەیە لەهەمان شوێندا بەڵام بەپلەو پایەو پێگەیـەکی لاوەکییـەوە چونکە دامودەزگا ئابوری‌و سیاسییە دەستڕۆیشتووەکان لەبنەڕەتدا کەوتنە خزمەت کردنـی ئـەو گروپـەی کـە لـەڕوی نەتەوەییـەوە لەسـەرتاپای گروپەکانیتر گەورەتر بوو. ئیدی لەهەلومەرجی وادا، شتێکی ئاسـاییە کەگروپە گەورەکە هەندێ یاسا بۆ ڕێکخستنی بونی سیاسیی کەمینەکان دەر بکـات‌و ڕێ بەکەمینـەکان بـدات کەسـەرکردەکانی کۆمـەڵگا تایبەتەکـەیان چ لـەڕێی هەڵبژاردنـەوە بـێ چ لـەڕێی دانانـەوە، ببنـە نوێنەریان لەئەنجومەنی یاسادانان‌دا، بگرە دەشـێ یاسـا ئـەو ناوچـانەش دەستنیشان بکات کەدەتوانن تێیدا نیشتەجێ بن‌و ئەو پۆستانەش دیـاری بکا کەدەتوانن بەدەستی بێنن.

## ئەو فاکتەرانەی بونە هۆی پەیدابونی دیاردەی پاراستنی مافی کەمینەکان[5]

جگە لەگەشەکردنی پرنسیپی نەتەوایەتی کەباسمان لێوە کرد، بزاڤـی سۆشیالیستیش ڕۆڵێکی جەوهەریی لەفۆرمۆڵەبەندی کردنی مافـەکانی

---

[5] د. بطرس بطرس غالي: ((الأقليات وحقوق الانسان في الفقه الدولي))، مجلة السياسة الدولية، عدد٣٩ يناير ١٩٧٥، ص ١١-١٢.

مرۆڤو مافی کەمینەکاندا هەبوو. کاتێك یەکەم سۆسیال ئینتەرناسیونال لەساڵی ١٨٦٩ دا دامەزرا، لەبەرایی پرۆگرامی سیاسیدا مافی چارەی خۆنوسینی گەلانی سەلماند. سۆشیالیزمی نەمساییش رۆڵێکی گرنگی لەبانگەشەکردن بۆ بیرۆکەی پاراستنی مافی کەمینەکانی ئیمپراتۆریای نەمسا- مەجەر گێڕا. بیری سۆسیالیستی نەمسایی ئاسەوارێکی قوڵی لەسەر بیری سۆسیالیستی روسیایی بەجێ هێشتو لەکۆنگرە نهێنییەکەی ساڵی ١٩٠٧ی حزبە سۆسیالیستەکانی روسیادا بڕیارێك سەبارەت بەپێویستیی پاراستنی مافی کەمینەکان وەرگیرا.

هەروەها بزوتنەوەی جولەکەش رۆڵێکی باشی هەبوو لەبڵاوکردنەوەی بیرۆکەی پاراستنی کەمینەکاندا چونکە پێش جەنگی یەکەمی جیهان جووەکان کەمینە هەرە چەوساوەکانی دەوڵەتە مەسیحییەکانی ئەوروپایان پێکدەهێنا. شانبەشانی ئەم بزوتنەوەیەش، بزوتنەوەی زایۆنیستی هەبوو کەپێی وابوو پاراستن دادی ژیانی جولەکە نادا و شانبەشانی پاراستنەکە دەبێ جولەکە دەوڵەتی تایبەت بەخۆی هەبێ.

فاکتەرێکی تریش هەیە رۆڵێکی گرنگی لەفۆرمۆڵەبەندی کردنی بیرۆکەی مافی کەمینەکاندا گێڕاوە ئەویش سیاسەتی مافی چارەی خۆنوسینە، ئەو مافەی کە لەجەنگی یەکەمی جیهاندا یەکێك بوو لەدروشمەکانی هاوپەیمانانو هەروەها یەکێ لەو چواردە رێسایە بوو کەسەرۆکی ئەمریکا ویلسۆن بانگەشەی بۆ کرد. دیارە هەر بەڵێنێك سەبارەت بەسەلماندنی مافی چارەی خۆنوسینی هەر گەلێك، ئەوەی بەدواوە دێ کەکەمینەی ناو ئەو گەلەش گرەنتیی تایبەت بەپاراستنی وەربگرێ. سێیەم هەنگاویش لەبواری لۆجیکدا ئەوەیە کەئەو مرۆڤەی کەمینەکەی لێ پێکدێ مافەکانی بۆ بسەلمێنرێو بەشێوەیەکی یەکسان شانبەشانی تاکەکانی زۆرینە بەئازادییە بنەڕەتییەکانی خۆی شاد ببێت.

## مافەکانی کەمینە نەتەوەیی‌یەکان

وتمان ئەو وڵاتانەی کەدانیشتوانەکەیان لەڕوی نژادو رەگەزەوە گونجاون، ژمارەیان لەجیهاندا کەمە چونکە زۆر وڵات کەمینەی نەتەوەیی چوستو چالاکو گەرمو گوڕی تێدایەو هەندێکیشیان کەمینەی خاوخلیچکیان تێدایە. لەئەوروپا، دەوڵەتە رۆژئاوایی‌یەکان-بەشێوەیەکی گشتی- لەدەوڵەتە رۆژهەڵاتییەکان گونجاوترو هۆمۆجینترن[٦].

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کەرۆژهەڵاتی ئەوروپا لەرابردوودا زۆر جار لەلایەن گەلانی شەڕکەرەوە کە لەئاسیاوە هاتون هێرشی کراوەتە سەرو چەندەها رەگەزی تێکەڵە رویان تێ کردوە، جگە لەوەی کەدەوڵەتە نەتەوەیی‌یەکان لەرۆژئاوا پێش رۆژهەڵات بەماوەیەکی زۆر دەرکەوتونو ئەو دەوڵەتانەش سەرکەوتوو بون لەتێکهەڵکێش کردنی چەندەها گەلی بچوک لەچوارچێوەی چەندەها یەکەی نەتەوەیی گەورەدا. پاشان کاتێك دەوڵەتە رۆژهەڵاتییەکان ویستیان شوێن پێی رۆژئاوا هەڵگرنەوەو کەمینەکانیان تێکهەڵکێش بکەن، شکستیان خواردو ئەم ئەرکەیان پێ جێبەجێ نەکرا چونکە لەو سەردەمەدا هەر گەلێك هۆشیارییەکی نەتەوەیی توندوتۆڵی پەیدا کردبوو وپرنسیپە رزگاریخوازییەکانیش لەهەڵکشاندا بوونو ئەمە وای کرد هەڵمژینو تواندنەوەی هەر کەمینەیەکی گەورە بەبەکارهێنانی گوشارو فشاری فەرمیی دەوڵەت، کارێکی نیمچە مەحاڵ بێ.

---

[٦] فردريك: القومية فى التاريخ و السياسة، ترجمة، د. عبدالكريم أحمد(القاهرة: دار الكاتب العربي، ١٩٦٨)، ص ٢٨٢-٢٨٥.

پەیمانەکانی ساڵانی ١٩١٩و ١٩٢٠ی ئاشتی بونە هۆی دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر دەوڵەتی نەتەوەیی نوێ. ئەم پەیمانانەش دەوڵەتە خاوەن کەمینە گەورەکانیان بەوە پابەند کرد کەدەبێ بیانپارێزنو نەتەوایەتییان لێ دانەماڵن. پابەندبونەکانیش بەم چەشنە بون[٧]:

١-پەیمانی تایبەت کەپێی وتراوە پەیمانی کەمینەکان و لەنێوان هاوپەیمانە سەرکەوتووەکان لەلایەکو هەر یەك لەیۆگسلاڤیاو رۆمانیاو یۆنانو چیکسلۆڤاکیاو پۆڵۆنیا مۆر کراوە.

٢-دەقی تایبەت بەپاراستنی کەمینەکان لەناواخنی پەیمانەکانی ئاشتی کە لەگەڵ دەوڵەتە بەزیوەکاندا مۆر کراوە وەك نەمسا، بولگاریا، هنگاریاو تورکیا.

٣-دەقی تایبەت بەپاراستنی کەمینەکان لەناواخنی پەیمانە دوقۆڵییەکاندا وەك پەیمانە مۆرکراوەکانی نێوان چیکسلۆڤاکیاو پۆڵۆنیا لەساڵی ١٩٢١داو پەیمانە مۆرکراوەکانی ساڵی ١٩٢٥ی نێوان هەمان دوو دەوڵەتو پەیمانەکەی نێوان ئەڵمانیاو پۆڵۆنیا لەساڵی ١٩٢٢دا.

٤-لێدوانی یەکلایەنەی هەندێ دەوڵەت لەکاتی بونیان بەئەندام لەکۆمەڵەی گەلان. هەر بۆ نمونە هەر یەك لەفنلاندو ئەلبانیاو عیراق لەکاتی بونیان بەئەندام لەکۆمەڵەی گەلان بەڵێنیان دا کەرێز لەمافی کەمینەکان دەگرنو لەم بارەیەوە دادگای نێودەوڵەتیی داد لەگوزارشتێکی راوێژکارانەدا لەنیسانی ساڵی ١٩٣٥دا وای دانا کەئەو لێدوانە یەکلایەنانە بونەتەماڵ بەسەر ئەو دەوڵەتانەداو دەبێ پێوەی پابەند بن.

---

[٧] د. بطرس بطرس غالي: الأقليات وحقوق الانسان في الفقه الدولي، المصدر السابق، ص١٢.

گرەنتىیەكانی تایبەت بەمافی كەمینەكانیش سێ جۆر بون، ئەویش بەم شێوەیە:

یەكەم- پەیمانە نێودەوڵەتییەكانو دوكۆمێنتە یاسایىیەكان كەباس لەپاراستنی كەمینەكان دەكەن ئەو دەقانەن كە بەبێ رەزامەندیی ئەنجومەنی كۆمەڵەی گەلان دەستكاری ناكرێنو هەڵناوەشێنەوە.

دووەم- كەمینەكان بۆیان هەیە سكالای خۆیان بخەنە بەردەم ئەنجومەنی كۆمەڵەی گەلانەوە. ئەنجومەنەكەش دەتوانێ سەرنجو تێبینی ئاراستەی ئەو دەوڵەتانە بكا كەكەمینەكان لێیان بەگلەیین.

سێیەم- هەر كات دیدی جیاواز سەبارەت بەتێگەیشتنو جێبەجێ كردنی دەقی ئەو رێككەوتننامانەی كەباس لەمافی كەمینەكان دەكەن، سەری دەرهێنا، دادگای نێودەوڵەتیی هەمیشەیىی داد لەم كێشەیە دەكۆڵێتەوە.

كۆمەڵەی گەلان پێی سپێردرابوو چاودێریی شێوەی جێبەجێ كردنی ئەو رێككەوتننامانە بكات. لەڕاستیشدا كۆمەڵەی گەلان رەنجێكی زۆریدا بۆ پاراستنی مافی كەمینەكان. دیارە ئەمەش كاریگەرییەكی باشی بەجێ هێشتووە، ئەگەرچی ئەم رۆڵە زۆر تیرو توانجی تێ گیراو زۆر كەس وایان لێكدایەوە كەئەم رۆڵە رۆڵێكی چوستو چالاك نەبوە. بەڵام هۆی ئەم كەموكوڕییە ناگەڕێتەوە بۆ كەمتەرخەمیو خاووخلیچكیی كۆمەڵەی گەلان بەڵكو دەگەڕێتەوە بۆ ئاستەنگە دژوارەكانی بەردەم ئەم گیروگرفتە چونكە مافی كەمینەكان لەناواخنی پەیمانەكانی ئاشتیدا بوارێكی زۆر تەنگەبەرو تەسكی پێ درابوو.

گومان لەوەدا نیە كەبڕی راستەقینەی پاراستنی كەمینەكان لەدەوڵەتە كۆنەكەی نەمسا زۆرترە لەو بڕەی كەپەیمانەكان باسیان لێوە

کردبوو. ئەگەرچی هەندێ لەدەوڵەتان ئەوەندە مافیان بۆ کەمینەکانیان سەلماندوە کە تارادەیەك زۆرتر بوە لەو بڕەی کەپەیمانەکان دەستنیشانیان کردووە، بەڵام زۆربەی دەوڵەتە نوێکان لەو کۆتو بەندانەی سەر سەرووەرییان بێزار بون کە لەناواخنی پەیمانەکانی تایبەت بەکەمینەکان بەدی دەکرێن، هەندێ لەو دەوڵەتانە زۆر بەتوندی دژی هەر سانسۆرێکی نێودەوڵەتی بوون ئەویش لەسەر ئەو بنچینەیەی کەئەو سانسۆرە لەگەڵ سەربەخۆیی نەتەوەییدا ناگونجێ، بۆیە خۆیان لەئەرکەکانی سەر شانیان دزییەوە، تەنانەت دەوڵەتێکی وەك پۆلاند بەئاشکراو بەڕاشکاوی دژی ئەو ئەرکانە بوو کەپەیمانەکە خستبویە سەر شانی. هەروەها ئەو دەوڵەتانەش کە بەشێوەیەکی تایبەت بەپێی پەیمانەکانی ئاشتی دروست بون، لارییان لەو مەسەلەیە هەبوو بەو بیانووەی کەدەوڵەتە گەورەکان هیچ ئەرکێکیان لەبابەتی ئەو ئەرکەی خرایە ئەستۆی ئەوانەوە، سەبارەت بەدابین کردنی بەرژەوەندیی کەمینەکان نەخراوەتە ئەستۆوە. لەم بارەیەوە ئەڵمانیا ملی بۆ ئەو چەشنە کۆتو بەندانە نەناو دواتریش نازیستەکان توانییان هەڵسوکەوتی دڕندانە بەرامبەر بەکەمینەکان بنوێنن.

سەرەنجام، سیاسەتی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بەسزادانی ڕەفتاری ملهوڕانەی دەوڵەتانی ئەندامو سڵکردنەوە لە چاککردنی هەڵەکان، سیاسەتێکی لاوازو دڕدۆنگ بوو. ئەمەش ئەنجامێکی ئاسایی دەستوری کۆمەڵەی گەلان بوو کەهیچ دەسەڵاتێکی راستەقینەی لەدەقەکاندا تێدا نەبوو.

هۆکانی شکستی تێکڕایی سیستمی کەمینەکان لەسەردەمی کۆمەڵەی گەلان دەتوانرێ لەسێ هۆی سەرەکیدا کۆ بکرێتەوە:

**١-خودی ئەو سیستەمەی کەهەوڵیدەدا جیاوازی لەنێوان زۆرینەو کەمینەکاندا نەکرێو کەمینەکان لەزوڵمو زۆرو ستەمی زۆرینە بپارێزێ، بنەماکەی جیاوازی کردن بوو لەنێوان دەوڵەتە براوەکان کەخوازیاری جێبەجێ کردنی سیستمی پاراستنی کەمینەکان بوونو دەوڵەتە بەزیوەکان کەئەو سیستمەیان بەزۆر بەسەردا سەپێنرا.**

**٢-ئەو سیستمە دەرفەتێکی وای بۆ هەندی دەوڵەت پێك هێنا کەبتوانن بەهۆیەوە بەناوی پاراستنی کەمینەکانەوە دەست لەکاروباری ناوخۆیی دەوڵەتانی تر وەر بدەن. ئەڵمانیای هتلەریست لەساڵی ١٩٣٣ ڕا ئەو هەلەی بۆ خۆی قۆستەوە تاکو دەست لەکاروباری ناوخۆیی زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتە ئەوروپییەکان وەر بدات، ئەویش لەسەر بناغەی ئەوەی کەئەو دەوڵەتانە کەمینەی بەڕەچەڵەكو وەچە ئەڵمانییان تێدا هەیەو پێویستە لەسەر ئەڵمانیا ئاگای لێیان بێو مشوریان بخواو بشیانپارێزێ. هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان لەئاکامی تەنگژەکەی دانزگ دا[٨]، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یەکێ لەئاسەوارەکانی ئەو سیاسەتە فراوانخوازییە بوو(سیاسەتی بەرین کردنی ناوچەی ژیان)[*].**

---

[٨] ئەو تەنگژەیە ئاکامی ئەوە بوو کەهتلەر داوای وەرگرتنەوەی شاری دانزگی دەکرد کەسەر بەپۆلۆنیا بوو و ئەو دەیویست بگەڕێتەوە سەر رایخی ئەڵمانی چونکە شارەکە گرنگییەکی ستراتیجیو ئابوریی هەبوو بەڵام حکومەتی پۆڵۆنیا سەری بۆ هەڕەشەو گوڕەشەکانی هتلەر کەچ نەکردو وتووێژی نێوان ئەڵمانیاو پۆلۆنیای پچڕاند.

*بۆ بەدەست هێنانی زانیاریی تێروتەسەل دەربارەی سیاسەتی بەرین کردنی ناوچەی ژیان کەبەئەڵمانی پێی دەگوترێ LEBENSRAUM ئامۆژگاریی خوێنەر دەکەم بچێتەوە سەر ئەم سەرچاوانە:

-ئیدوەرد مد ئێرل، هتلەرو هەڵوێستی نازیزم لەجەنگ، وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە١، ساڵی یەکەم، ١٩٩٢، ل١٠٥-١٣٢.

٣-سیستمی پاراستنی کەمینەکان بەسیستمی کۆمەڵەی گەلانەوە بەسترابۆوە، بۆیە کاتێك ڕێکخراوە جیهانییەکە پوکایەوەو هەرەسی هێنا، سیستمی پاراستنی کەمینەکانیش پوکایەوە.

## مافی کەمینەکان لەسایەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا

پاش جەنگی دووەمی جیهان وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بەو چەوساندنەوە ڕەگەزییەی کەنازیستەکان ئەوروپایان پێ هەراسان کرد، هەر یەك لەئینگلتەرەو فەرەنساو ئەمریکا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کەدەبێ پاش بڕانەوەی جەنگەکە جیهانێکی باشتر بنیات بنێن.

لەم ڕووەوە لێدوانی ئەتلانتیك لەساڵی ١٩٤١دا دەرچوو کەبریتی بوو لەچەردەیەك بەها کەهەردولا لەسەری ڕێککەوتن. ئەو بەهایانە لەگەڵ گیانی دیموکراتییانەی ڕۆژئاوادا گونجاو بون(لەو کاتەدا هێشتا ئەمریکا بەشداریی لەجەنگدا نەکردبوو)لەوانە مافی چارەی خۆنوسینی گەلانو هاوکاریی گەلان بەبێ جیاوازی لەبواری ئابوریداو دانانی چەند بنەمایەك بۆ ئاشتی لەسەر بنچینەی ئەوەی کەهەمو خەڵکی لەهەمو وڵاتەکاندا بەئازادیو بەبێ ترسو بەخۆشگوزەرانی بژین.

لەسایەی ڕێکخستنی نێودەوڵەتانی نوێدا مرۆڤایەتی گاڤی هەڕاوی بۆ پێشەوە نا بەمەبەستی تەریك کردنی دەمارگیریی ڕەگەزپەرستانەو بەدی هێنانی وەکیەکی لەنێوان ڕەنگو ڕەگەزەکانداو برایەتیی هەمو خەڵکی. پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان کەجێی پەیماننامەی

---

-دیروێنت ویتلیسی، هاوزهۆفەر مەسەلەکانی جیۆپۆلەتیك، وەرگێڕانی هاوار، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بەدوو بەش: بەشی یەکەم لەژمارە ٢، ساڵی یەکەم، ١٩٩٢، ل١١٤-١٤٠و بەشی دووەم لەژمارە ٣، ساڵی یەکەم، ١٩٩٢، ل ١١٥—١٤٠ بڵاوکراوەتەوە (وەرگێڕ).

کۆمەڵەی گەلانی گرتەوە لەبواری بەدی هێنانی ئاشتیدا، سنورێکی بۆ ململانێی چەکدارانەی نێوان دەوڵەتان داناو بوە هاندەر بۆ هاوکاریی مرۆڤایەتی لەپرنسیپە سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتوریو ئابورییەکانداو چەند پرنسیپێکی جوانیشی سەبارەت بەیەکسانیی خەڵکی راگەیاند.

کاتێك جەنگە جیهانییەکە کۆتایی هات، هیچ سیستمێکی تایبەت بۆ پاراستنی کەمینەکان لەو پەیمانانەی ئاشتی کەساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ دەوڵەتە بەزیوەکانی ئیتالیاو بولگاریاو فنلاندو هنگاریا مۆر کران، دانەنرا. ئەو پەیمانانە هەر ئەوەیان تێدا باس کرابوو کەدەوڵەتانێك کەتا دوێنێ دوژمن بوون، پابەندن بەوەی کەمافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنچینەییەکان بەبێ جیاوازی لەسۆنگەی نژادو زمانو ئاینو بنەچەوە، بۆ هاووڵاتییە دانیشتوەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. لێرەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان سیستمی کەمینەکانی سەردەمی کۆمەڵەی گەلانو سیستمی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان چونکە هیچ دەزگایەکی داوەری بۆ چاودێری کردنی رادەی رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە لەپەیمانەکانی ئاشتیدا بەڵێنیان دابوو رێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرن، لەسیستمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەبوو. لەم بوارەدا یەکێتیی سۆڤێت ئەو لایەنە بوو کەزۆر بەتوندی دژی هەر چاودێری کردنێکی لەو چەشنە بوو.

پەیماننامەکەی نەتەوە یەکگرتوەکان هیچ ئەرکێکی دیاریکراوی سەبارەت بەپاراستنی کەمینەکان بۆ رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکە دەستنیشان نەکرد بەڵام چەند دەقێکی گشتی سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی لەپەیماننامەکەدا هاتبوو. لەم رەوتەدا پەیماننامەکە لەدیباجەکەیدا باسی کردبوو کە گەلانی نەتەوە

یەکگرتووەکان((مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤو سەروەریی تاك)) دەسەلمێنن. هەروەها لەبڕگەی سێیەمی خاڵی یەکەمدا هاتبوو کەنەتەوە یەکگرتوەکان بۆ((چەسپاندنی ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکانی تەواوی خەڵکی بەبێ هیچ جیاوازییەك لەسۆنگەی ڕەگەزو زمانو ئاینەوەو بەبێ هیچ جیاوازی کردنێك لەنێوان پیاوانو ژناندا))تێدەکۆشێ. پاشان دیسان لەخاڵی ١٣ی پەیماننامەکەدا لەکاتی باسکردنی لقەکانی ڕێکخراوەکەداو لەخاڵی ٦٥دا لەکاتی باسکردنی هاوکاریی ئابوریو کۆمەڵایەتیی نێودەوڵەتانداو لەخاڵی ٧٦دا لەکاتی باسکردنی سیستمی نێودەوڵەتیی ویسایەدا جەخت لەسەر پێویستیی پاراستنی مافی مرۆڤ کرایەوە. لە١٠ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٨دا چارتەری جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بەڕەزامەندیی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکان بەشێوەیەکی نزیك لەکۆی دەنگەکان، دەرچوو. ئەو چارتەرە بەڵێنێکی وێژەیی نێودەوڵەتی بوو بۆ پشتیوانی کردن لەیەکسانیی نێوان گەلان بەبێ جیاوازی کردن لەسۆنگەی نژادو ڕەنگەوە(خاڵی یەکەمو دووەمو حەوتەم).

## هەڵسوکەوتی حکومەتە نیشتمانییەکان لەگەڵ کەمینەکاندا

هەندێ ڕاستیی تر هەیە سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان زۆرینەو کەمینە لەجیهانی هاوچەرخدا. لەم بارەیەوە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمو خۆسەپاندنی بەسەر هاوولاتییە ولاتپارێزەکاندا وردە وردە بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییو خەرجییە زۆرەکانەوە پوکایەوە. ڕۆژئاوا لایەنی کەم بۆ ماوەی چوار سەد ساڵ دەستی بەسەر چەندەها ولاتی داگیرکراودا گرتبوو. ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لەدروستکردنی مۆدیلە کۆلۆنیالیستییە

زانراوەکە، سەرباری ئەوەی کەبوە هۆی خۆسەپاندنی بەسەر هەمو لایەنەکانی ژیانی خەڵکیداو ئەمەش بوە دەروازەیەك بۆ دیاردەیەکی نوێ کە واتێگەیشتبوو دەکرێ دەسەڵات بەبەردەوامی پاوان بکرێ.

پاش جەنگی دووەمی جیهان دەوڵەتانی رۆژئاوا بۆیان دەرکەوت کە تارادەیەکی زۆر ناتوانن سود لەوڵاتە داگیرکراوەکان وەرگرنو پەیڕەوکردنی هەمان شێوازی کۆنیش زۆر لەسەریان دەکەوێ. ئەو کارە نزمانەی کەجاران هەرزان بون بەهەرزانی نەمانەوەو بەقەد جاران خەڵکی بەتەنگ ئەم جۆرە ئیشوکارەوە نەمان، سەرباری ئەوەی کە نەهێشتنی بزاڤە سیاسییە نیشتمانییەکان پێویستی بەسەرکوت کردنو داپڵۆسین بوو، ئەو سەرکوت کردنو داپڵۆسینەش پێویستی بەبودجەیەکی زۆر بوو. ئیدی بەرگری کردن لەوڵاتە داگیرکراوەکانو بەرپەرچدانەوەی دەوڵەتە رکابەرەکان بوو بەکارێکی قورسو بودجەیەکی زۆریشی گەرەك بوو. هەروەها لەسەردەمی دەستڕۆیشتنی کۆلۆنیالیزم دا بیروباوەڕی رۆژئاوایی سەبارەت بەنەتەوایەتیو دیموکراسیو ئازادی بڵاو بونەوە. ئەو بیروباوەڕەش بوو بەبیانویەك کەوڵاتە داگیرکراوەکان لەدژی وڵاتە داگیرکەرەکان بەکاریان هێنا. لەهەمان کاتدا گەشەکردنی بزاڤە دیموکراتییەکان لەناو وڵاتە مترۆپۆلەکاندا*، سیستمی کۆلۆنیالیزمیان بنکۆڵ کردو بەرەو سستیو پوکانەوەیان بردو لەئاکامدا زۆر کەس ئەو باوەڕەیان پەیدا کرد کەنەبونی دیموکراسی لەهەر شوێنێکدا هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتیی جیهان[9].

* وڵاتە مترۆپۆلەکان ئەو وڵاتانەن کەوڵاتانی تریان داگیر کردبوو(وەرگێڕ).

[9]Kennedy, Reymond, The colonial Crisis and the Future,, In Linton, R. Op. cit., pp.338-346.

ئەم فاکتەرانەو چەندەها فاکتەری تر بونە هۆی گۆڕانی گرنگ لەجیهانی وڵاتە داگیرکراوەکاندا. لەم رەوتەدا هەوڵەکانی ژاپۆن بۆ فراوان کردنی قەڵەمرەوی وڵاتە ژێردەستەکانی بەتەواوەتی لەبەر یەك هەڵوەشانەوەو پەکیان کەوت. هەروەها چین خۆی لەو زێدەمافە نائاسایییانە رزگار کرد کەزۆر دەوڵەتی رۆژئاوایی داوایان دەکرد (رەنگە دژایەتی کردنی ئەو زێدەمافانە یەکێ لەهۆکانی زیادبونی بەرهەڵستی کردنی کۆلۆنیالیزم لەچینی ئەمڕۆو هەروەها دەشێ چین ئەو پەندانە لەخودی رۆژئاوا فێر بووبێ). جگە لەمە، زۆرێك لەوڵاتە داگیرکراوەکان سەروەریی خۆیان بەدەست هێنا، چ لەسایەی کۆمنوێلسی بریتانیاداو چ لەسایەی گروپی فرانکۆفۆنی فەرەنساییدا، یاخود بەجیابونەوەی تەواو لەدەوڵەتی دایك ئەگەرچی ئەم مەسەلەیە پشێوی‌و نائارامیی لێ کەوتەوە، یاخود لەرێی بەدی هێنانی ئۆتۆنۆمییەوە یاخود بەپەیرەوکردنی سیاسەتی دۆستایەتی کردنی دراوسێکان‌و هتد. ئیدی لەم سۆنگەیەوە لەساڵی ١٩٤٥ بەداوەو زیاد لەچل دەوڵەتی تازە سەریان دەرهێنا کە زۆربەی هەرە زۆریان پێش سەربەخۆیی داگیر کرابون.

لەزۆربەی دەوڵەتە تازەکاندا یا لەزۆربەی ئەو دەوڵەتانەدا کە سەرلەنوێ دامەزرانەوە، هاووڵاتییەکان لەسپی پێستەکان نەبون. بەمەش پەیوەندییە نژادییەکان بەرگی پەیوەندیی نێوان گەلانێکی سەروەری کردە بەر. ئەم مەسەلەیە خۆی لەخۆیدا گرنگیی خۆی هەبوو، نەك هەر بۆ کاروباری نێودەوڵەتان بەتەنها بەڵکو هەروەها بۆ لایەنە ناوخۆیییەکانی زۆر دەوڵەت. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کەدەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم لەنێو سنورە نیشتمانییەکاندا بەرەو کزی چووە بەڵکو تەنها بەمانای گۆڕانی شێوەی دەسەڵاتەکە دێ، جگە لەوەی کەئەم سەروەرییە بەمانای

گەشەکردنی دیموکراسی نایە چونکە رزگاربون لەداگیرکەران مەرج نیە قازانجی بۆ زۆرینەی دانیشتوان هەبووبێ، بەڵکو ئەمە تەنها گواستنەوەی دەسەڵات بوو لەچینێکی حوکمڕانی بیانی بۆ چینێکی حوکمڕانی دیکەی نیشتمانی. بۆك Bocke J.H جوان ئەم هەلومەرجەی فۆرمۆڵەبەندی کرد کاتێك وتی: ((بڕێکی باشی بەڵگە لەسەر ئەوە هەیە کەزۆربەی حکومەتە نیشتمانییە نوێکان- لەپشت پەردەی نەتەوایەتییەوە- بەهەمان ئەو شێوازانەی کەداگیرکەران بەکاریان هێناوە بەگژ داگیرکەراندا دەچنەوە بەڵام پاش ئەوەی ئیتر وڵات سەرمایەداری بێگانەی تێدا نەما، داگیرکەریش وەك داگیرکەر نامێنێ. ئیدی ئەوەی دەبێ بەقوربانیی ئەم وازییە جوتیاری بچوك‌و بەرخۆری هەژارەو ئەم هەلومەرجەش رێك پڕ بەپێستی ئەو پەندە ئەڵمانییەیە کەدەڵێ: پیاو گەستنی پشیلەو گەستنی گورپە لێك جوێ ناکاتەوە))[١٠].

لەوانەیە سیاسەتەکانی تایبەت بەپیشەسازی‌و خاوەنێتیی زەوی‌و هاوردن‌و قەرزدان‌و شتی لەم بابەتە بەشێوەیەکی بنچینەیی لەقازانجی چینی حوکمڕانی خۆماڵیی تازەدا بێ‌و جەماوەریش نرخی دروشمەکانی نەتەوایەتی‌و دژایەتی کردنی داگیرکەران بدا. لەبەر ئەوە پێویست بوو سەرنج بەلای ئەم فاکتەرەی دەسەڵاتی داگیرکەران‌و دەسەڵاتی نیشتمانیدا راکێشین، تەنانەت لەناواخنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانیش، چونکە ئەم دەسەڵاتە- تاڕادەیەك- هێزێکی زۆردارەکییە کە بەهۆیەوە نەتەوە بەهێزەکان خۆیان بەسەر نەتەوە لاوازەکاندا دەسەپێنن. ئیدی لەبەر ئەوەش کەنەتەوە یەکگرتوەکان لەرێکخراوەکانی پێش خۆی زیاتر بەتەنگ

---

[10] Lind, A.W.(ed), Race Relations in World perspective, op. eit, p.73.

مافەکانی دەوڵەتە بچوکەکانەوە دەچێ، نابێ توخمی هێزە شاراوەکەی ئـەم ڕێکخراوە لەبەرچاو نەگیرێت.

ناشتوانرێ نکوڵی لـەوە بکـرێ کەبزوتنـەوەی زایۆنیسـتیو دروسـت کردنـی دەوڵـەتی ئیسـرائیل دوراییـەکی تـری بـەگیروگرفتی تایبـەت بەکێشەی جولەکەی زۆر وڵات داوە. تاڕادەیەك لەهەموو شـوێنێکدا ئـەو دەرفەتە هەیە کەدەستکاریی گیروگرفتە کۆنەکـەی تایبـەت بـەکارلێکی نێو گروپەکان بکرێت.

ئاشکرایە کەبۆچوونی پتەو دەربارەی هۆکانی ئەم گرفتـەو چـۆنێتیی چارەسەر کردنی هەیە کە لەم هەلومەرجەی ئـەمڕۆدا چـیدی بەکـەڵکی لێکۆڵیار نایەت. خێرایی گۆڕانی پەیوەندیی نێـوان زۆرینـەو کەمینـە لەجیهانی ئەمڕۆدا هاوتەریبە لەگەڵ پێشکەوتنی تیۆرییە زانستییەکاندا لـەم بـوارەدا، بەتایبـەتی کەژمارەیـەکی زۆری ئـەو کتێبانـەی کـەبۆ ماوەیەکی دورو درێژ خوێنراونەتەوەو زۆر لەو پاساوانەی دەربارەی شـێوەو جۆرەکانی هەنجەتگەراییو جیاوازی کردن هێنراونەتەوە، ئەمڕۆ وەك شتی بێ بایەخ تەماشا دەکرێن. بێگومان ئـەم گۆڕانـە یـەك لـەدوای یەکـەی بیروباوەڕو بیرۆکەو بۆچونەکان لێکۆڵیاران هاندەدا گریمانەی تازەو تیـۆریی نوێ پێشکەش بکەنو ئەوە لەبەرچاو بگرن کەدەشێ لەئاینـدەدا بەڵگـەی تازەتر پەیدا ببێو ئەو بەڵگانـە ببنـە هـۆی پوچـەڵکردنەوەی گریمانـەو تیۆرییە باوەکان.

# بەشی چوارەم

## تێڕوانین بۆ کێشەکانی پەیوەندیی نێوان زۆرینەو کەمینە

# تەوەری یەکەم

## کەمینەکان لەبیری ڕۆژئاواییدا

لەسەدەی نۆزدەهەمدا ئەورووپایی‌و ئەمریکاییەکانی لایەنگری ڕێبازە کۆمەڵایەتییە ڕەگەزپەرستییەکەی داروینیزم کەوتنە بانگەشەکردن بۆ هەندێ چەمکی زانستیی چەوت گوایە سەروەری‌و باڵادەستی تەنها بۆ ڕەگەزی سپییەو لەم ڕووەوە دەستیان بەشکۆمەندکردنی فاکتەرە بیۆلۆجییە نژادییەکان کرد چ ئەو فاکتەرانە بۆماوەیی بن چ تاکی بن. بۆ نموونە، چەمکە تایبەتەکانی سایکۆلۆژیا سەبارەت بەپێوانەکانی ژیری کرانە بەڵگەیەکی دیاریکراوی جیاوازییە نژادییەکان.

لایەنگرانی ئەم ڕێبازە- بەپێی ئەو پێوەرانەی ژیری- وایان دانا گەگوایە ڕەش پێست مەیلێکی ڕەگەزپەرستانەی هەیەو کەمتەرخەمی یاخود هەڵەشەیی‌و پشت بەستنی بەغەریزە- تاڕادەیەك- دەگەڕێتەوە بۆ بنەچە پشتاوپشتییەکەی‌و گوایە ڕەش پێست ناتوانێ خۆی لەگەڵ شارستانێتی ئاڵۆزدا بسازێنێ‌و لەسەرێکی ترەوە ڕەگەزی سپی لەلایەك بەرپرسیارە لەباڵادەستی‌و لەلایەکی ترەوە بەرپرسیارە لەپاکیزەیی‌و ئاکاری بەرزو جوان[1]. ئیدی لەتاقیکردنەوەکانی سایکۆلۆژیادا ڕەش پێست‌و هیندی‌و مەکسیکی‌و ئیتالیایی‌و چەند گروپێکی‌تر نمرەی کەمیان پێ درا.

---

[1] Frazier E. Franklin, ((Sociological Theory and Race Relations))American Sociologcal Review(ASR), June 1947,p.267 And E.B. Reuter ((Racial Theory))(AJS), May 1945, pp.452-461.

بەلاَم لەزۆربەی دەوڵەتەکاندا ئـەو بۆچـونانە بەسـەختی بەرهەڵسـتی کران‌و بەرپەرچ درانەوەو پاش جەنگی یەکەمی جیهان پـەیتا پـەیتا بـیرو بۆچونی واقیعیتر جێی ئەو بۆچونانەی گرتەوە. لەم بوارەدا تۆماس‌و پـارك تاوتوێ کردنی کەمینە نژادەکانیان بەچەند چەمکێکی گشـتی دەربـارەی پێکهاتەو چالاکیی کۆمەلاَیەتی بەسـتەوەو پاشـانیش دوراییـی دیکـەی پێشکەوتوتر خرایە پاڵ شیکردنەوە زانستییە کۆمەلاَیەتییەکـەوە. سـاڵی ١٩٤٥ زۆر لێکۆڵیار نوێشکێکی دەوڵەمەندی توێژینـەوەی تیۆریکی‌یـان پێشـکەش کـرد کەهەولـّـەکانی ئـەمڕۆ بـۆ سـەردەرکردن لـەدیاردە لێکۆڵراوەکە پشت ئەستورن پێیان[٢].

سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان زۆرینـەو کەمینـە، سـەرنجی ئـەوە دراوە کـەبیریارانی رۆژئـاوایی لـەم روەوە دیـدو بۆچـونی جیاوازیـان هەیـەو هەندێکیان لەبەر رۆشناییی کێبڕکێی ئابوری یان مەبەستی قازانج کردن یـان ئاسـەوارە ناڕاسـتەوخۆکانی گۆڕانـە سیاسـی‌و ئابورییـەکان، بەرێوشـوێن‌و لێکدانـەوەی سـایکۆلۆژی دەکەونـە شـیکردنەوەی هـۆی هەنجەتگـەراییو بەشـێوەیەکی بنچـینەیی، جیـاوازی کـردن لـەنێوان رەگەزەکاندا. هەندێ لەو تیۆرییانە وای دادەنێن کەچـینی دەستڕۆیشـتووی ئـابوری بەئەنقەسـت پـەیڕەوی لەسیاسـەتی هەنجەتگـەرا دەکـا یـاخود بەئەنقەست پشتیوانی لەلایەنێك لەدژی لایەنێکی‌تر دەکا بۆ ئـەوەی بـۆی

---

[٢] بڕوانە ئەم لێکۆڵینەوانە:

Thumson, Charles: Dollard, John, Wirth, Louis, kart; Myrdal, Gunnar, E.B, Klinberg, Otto, Alport, Gordon, Lewin, Warner, W.Lloyd, Frazier, E.Franklin.

بلوێ دەسەڵاتی خۆی بۆ هەمیشە بپارێزێ[3] هەندێ کەسی دیکەش لەبەر ڕۆشنایی هێزە ئابوورییە ناکەسییەکان، واتە لەبەر ڕۆشنایی هێزە بەکۆمەڵەکان، دەکەونە شیکردنەوەی بنەچەو سۆنگەکانی جیاوازی کردن لەنێوان ڕەگەزەکانداو چەند فاکتەرێك دەکەنە پێوانە وەك ئاستی گوزەران، ئەندازەی بەشارستانیبونو ئاستی پیشەسازی. ئەوانە پێشوەخت دان بەوەدا نانێن کەهەنجەتگەرایی بەبڕێکی زۆر لەنێو ئەو فاکتەرانەدا هەیە[4]. بەڵام زۆرێك لەزانایانی کۆمەڵناسی بایەخی فاکتەرە ئابوورییەکان کەم دەکەنەوەو تەنانەت هەندێکیان بەشێوەیەکی ڕەها نکوڵی لەڕۆڵو بایەخی ئەو فاکتەرانە دەکەنو هەندێ لەتیۆرییەکانیان وای لێکدەداتەوە کەهۆی هەنجەتگەرایی دەچێتەوە سەر چەند تایبەتمەندییەك کەپەیوەندیی بەتافی منداڵییەوە هەیەو وایان بۆ دەچن کەبنەڕەتی مەسەلەکە بریتییە لەململانێی نێوان بیروباوەڕەکان وەك ئەوەی کە لەنەریتە ئانتی سامیستەکاندا لەئەڵمانیای پێش هاتنە سەرکاری نازیزم دا دەبینرێ[5].

لەبیری ئەمریکاییی تایبەت بەپەیوەندییە نژادییەکان، سەرنج دەدرێ کەئەگەرچی لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کراوە بەڵام بەدەگمەن لێکۆڵینەوەی بەراوردکار کراوە. لەوانەیە لەنێو سەدان لێکۆڵینەوە دەربارەی بارودۆخی نژادیی ئەمریکادا تەنها پێنج تا دە لێکۆڵینەوەی بەراوردکار بە بەراورد لەگەڵ سەرجەمی لێکۆڵینەوەکانی تێکڕای جیهان

---

[3] Cox, Oliver, ((Caste Class and Race)), op. cit., Williams, Cary, A Mask for previlage: Anti- Semitism in America))(Boston.1948)and Locke& stern(eds)op.cit

[4]Blalock, op.cit.p.37.

[5] ئەم بیرۆکەیە زۆر بەڕونی لەلای ڕۆکیچ دا دەبینرێ، ئەویش لەکتێبەکەیدا کەناوی ناوە: .Open and Closed Mind

هەبێ[٦]. تائێستا مەیدانی پەیوەندییە نژادییە بەراوردکارەکان لەڕوی لۆجیکییەوە پتەوو تۆکمە نیەو هێشتا لەقۆناغێکی سەرەتایی دایە بەڕادەیەك کەئەو توێژینەوانەی پشت ئەستورن بەزانستی هەمەجۆرو سیخناخ بەسەرچاوەو ژێدەری هەمەچەشن وەها تەماشا دەکرێن کەتوێژینەوەی((پێشەنگن))، سەرباری کەمیی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی سەبارەت بەزۆر کۆمەڵگا لەڕوی نژادیو ئیتنیکییەوە وەك کۆمەڵگاکانی پۆرتۆریکۆ، مەکسیكو ئیندۆنیسیا[٧].

شانبەشانی ئەم کەموکوڕییە، سەرنج دەدرێ کەزۆرێك لەنوسەرانی پەیوەندییە نژادییەکان کۆتو بەندیان بۆ خۆیان داناوە نەك هەر لەبواری لێکۆڵینەوەدا بەڵکو هەروەها لەبواری ماوەی لێکۆڵینەوەکەشدا. بۆ نمونە، زاناکانی کۆمەڵناسی بەبێ بایەخدانێکی باش بەڕابردوو، جەخت لەسەر کۆمەڵگا پیشەسازییە هاوچەرخەکان دەکەن. ئەگەرچی زاناکانی ئەنترۆپۆلۆجیا زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوون کەئەو کۆمەڵگایانە سەرلەنوێ دروست بکەنەوە کەپێش هێرش کردنیان کۆمەڵگای پاكو خاوێن بوون بەڵام بەگشتی لەم مەسەلەیەدا شکستیان خواردو نەیانتوانی پەیوەندییەك لەنێوان کەمینە ئەتنیکییەکانو ئەو کۆمەڵگایانەدا پێك بێنن کەئەو کەمینانەی تێدا دەژی. سەرباری ئەمە، ئەگەرچی زاناکانی مێژوو زیاتر بایەخیان بەڕابردوو داوە چونکە ئەرکەکەیان تاوتوێ کردنی رابردووە، بەڵام سەرجەم مێژوونووسانی ئەمریکا تا ٢٠-٢٥ ساڵ

---

[٦] نمونەی لێکۆڵیارانی ئەم بوارەی توێژینەوە ئەمانەن:

Cox, C. Frazier, F, Tannenbaum, Frank, Herskovits, Melville, Wagely, Charles, Beltran, Conzalo Aguirre, Freyre Galberto, Harris, Marvin, Lnd, Andrew W., Shibutani, Tomostu and kuper.

[7] Berge, Pierre L. Vanden, Race And Racism, Op, cit., pp.4-5.

لەمەوبەر زیاتر بایەخیان بەتاوتوێ کردنی رەگەزایەتی(Ethnocentism)داوەو بایەخیان بەتاوتوێ کردنی بنەچە یان رەگەز نەداوەو لەم بوارەشدا کەوتنە پشت گوێ خستنی زۆرێك لەگرفتو دامەزراوەی تەگبیری تایبەت بەم مەسەلانە. هەموی ماوەیەکی کەمە وێنایەکی گشتگیرو تەواوی مێژووی ئەمریکا دەرکەوتووە، لەوانە پەیوەندییە رەگەزییەکان[8]. لەئەنجام دا، زۆرێك لەزانایانی کۆمەڵناسی کەچونەتە سەر تاوتوێ کردنی پەیوەندییە رەگەزییەکان راستییە مێژوییەیە بنەڕەتییەکان نازانن نەك لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە پەی بەو راستییانە بەرن بەڵکو لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە بەو داینامیکە بگەن کەبۆتە مایەی پەرەپێدانو گەشەپێدانی رەگەزایەتیی ئەمریکا. بەشێوەیەکی گشتیش، بواری پەیوەندییە رەگەزییەکان تاڕادەیەکی زۆر جەختی کردۆتە سەر نمونە سیاسییە پەیڕەوکراوە زانستییەکانو هیچ بایەخێکی بەوە نەداوە کە لەگەڵ سایکۆلۆژیادا لەڕوی تیۆرییەوە یەکتری تەواو بکەن، جگە لەوەی کەبوارەکە تاڕادەیەکی زۆر لەشیکردنەوەی پەیوەندیی پشت بەستوو بەڕەگەز یان نژاد، لەناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی گشتی دابڕابوو.

لەسەرەنجامدا، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری زانایانی کۆمەڵناسی دەڵێن ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بێلایەنو بابەتییانە شتێکی ئاساییەو خودی خۆیشیان دەتوانن ئەوە لێك جیا بکەنەوە کە لەلایەك زانانو لەلایەکی ترەوە هاووڵاتیی ئاساین بەڵام لێکۆڵینەوەکانی زاناکانی ئەمریکای باکور لەبواری لێکۆڵینەوە رەگەزییەکاندا تا ئەم دوایییەش

---

[8] بۆ نمونە بڕوانە:

Ward, C. Vannwood,.Handlin, Oscar, Franklin, John Hope, Hofstadter, Richard and Tannenbaum, Frank.

تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی گەشبینیدا بوون چونکە ئەو زانایانــە زۆر لەســاغلەمیی کۆمــەڵگای ئــەمریکا دڵنیــا بــوون‌و بەوریایی‌یــەوە هەڵســوکەوتیان لەگــەڵ ئـــەو ریفۆرمانـــەدا دەکـــرد کەهەنـــدێ لەڕوناکبیرە((لیبرالەکان))بانگەشەیان بۆ دەکـردو بـڕوای تـەواویان بـەوە هـــەبوو کەچارەســـەرکردنی گیروگرفتـــی ڕەگەزایـــەتی بـــەوە دێتـــە دی کەکەمینەکان تێکهەڵکێشی ئەو تەوژمە بن کـەڕای گشـتیی کۆمـەڵگا کۆدەنگیی لەسەر هەیە[9].

[9] Berge,op.cit.,p.5.

## تەوەری دووەم

# کەمینەکان لەبیری مارکسیزم دا

بنەمای مارکسیزم، ئینتەرناسیۆنالیزمە، واتە یەکسانی لەنێوان بنەچە نەتەوەییەکانی چینی کرێکار و نێوان حزبەکانیان، واتە پێك گەیاندنی ئینتەرناسیۆنالیزمو نیشتمانپەروەریو تێکهەڵکێش کردنی ئینتەرناسیۆنالیزمو نیشتمانپەروەری لەژیانی چینی کرێکارو سەرتاپای رەنجدەرانو چالاکییەکانیانو ملکەچ کردنی بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار لەهەمو دەوڵەتێکدا بۆ بەرژەوەندییەکانی تێکڕای بزاڤی کرێکاری. بیری مارکسیزم وای دەبینێ کەنەتەوایەتی لەبیرو چەمکی رۆژئاوادا- واتە ئەوەی ناوی لێ ناوە نەتەوایەتیی بورژوازی- پێچەوانەوە راستەوخۆکەی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریایەو بەشێکی جیانەکراوەشە لەئایدیۆلۆژیای بورژوازیو سیاسەتو چالاکییە زانستییەکەی. ئیدی بەپێی ئەم چەمکە، بۆرژوازیو ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریایی تا سەرو بۆ هەتا هەتایە دوو دروشمی دژ بەیەکن کەهەر یەکێکیان ئاماژە بۆ یەکێ لەدوو کامپە چینایەتییە گەورەکەی جیهانی سەرمایەداری دەکاو جگە لەوەی کەگوزارشت لەدوو بیروباوەڕ دەکەن، گوزارشت لەدوو سیاسەتی دژ بەیەکیش لەبواری مەسەلەی نەتەوایەتیدا دەکەن[١٠].

---

[١٠] لينين، المؤلفات الكاملة، المجلد ٣٤-مقالة بعنوان(ملاحظات انتقادية حول المسألة القومية) اكتوبر- ديسمبر١٩١٣. نقلا عن: كنوز الماركسية اللينينية: ماركس، انجلز، لينين- حول الاممية البروليتارية والقومية البورجوازية(منشورات وكالة انباء نوفوستي، ١٩٧٤)ص ٦٨.

بـــەلای مـارکسیســـتەکانەوە ئـــەم نەســـازان‌و ناتەبایی‌یـــەی نێـــوان ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری‌و ناسـیۆنالیزمی بـورژوازی هەیـە هۆکـەی دەچـێتەوە سـەر ئـەوەی کەناسـیۆنالیزم زادەو دەرهاوێشـتەی گەشـەکردنی کۆمـەلآیەتیی گەلەو زادەو دەرهاوێشـتەی گەشـەکردنی نەتـەوەیی نیـە وەك تیووریسینە سەرمایەدارەکان دەیلێن.

بەلای مارکسیستەکانەوە، ناسیۆنالیزم زادەی دەستبالآیی خاوەنێتی تایبەتەو هەر بـەم پێیـەش ناسـیۆنالیزم یەکێکـە لـەو چـەکە سـەرەکییانەی کـەبورژوازی لەخەباتـدا لـەپێناوی دەسـەلآتدا بـەکاری هێنـاوەو کاتێـك بـورژوازی بەدەسـەلآت گەیشـت، وەك مـارکس وتویـەتی[١١] ((تارایـەکی نەتەوایەتیی بەسەر هەموو قسـەکانی خـۆی دادا)). سـەرەنجام، بـورژوازی- لەڕوانگـەی بـیری مارکسـیزمەوە- هـەوڵ دەدا بەبلآوکردنـەوەی گیـانی نەتەوایەتی، هۆشیاریی چینایەتیی چینی کرێکار لەبار ببات‌و بەم شێوەیە دەیەوێ وێنایـەك دروسـت بکـات گوایـە سەرتاسـەری نەتـەوە بەرژەوەنـدیی نەتەوەیی یەکپارچەو یەکگرتوی هەیە.

لەسـەر ئـەم بنچـینەیە، تـەواوی سیاسـەتی ئینتەرناسـیۆنالیزمی کۆمۆنیسـت- سـەبارەت بەمەسـەلەی نەتەوایـەتی‌و مەسـەلەی ولآتـە داگیرکراوەکان- دەبێ بەپلەی یەکەم پشت ئەستور بێ بەیەکگرتنی پتەوترو تۆکمەتری پرۆلیتارياو کۆمـەلآنی خەلکی کرێکاری تەواوی گەلان‌و ولآتـان لــەپێناوی هێنانــە دیــی ململانێیــەکی شۆڕشــگێڕانەی هاوبــەش بــۆ لەکارخستنی زەویداران‌و بورژوازی. تەنها ئەم ململانێیەشە کەسەرکەوتن

---

[١١] مارکس وانجلز، المؤلفات، المجلد ٤٧، ص ٥٦٤. الطبعة الروسية، نقلا عن كنوز الماركسية اللينينية، المصدر السابق، ص٥.

بەسەر سەرمایەداریدا مسۆگەر دەکا[12]. لەهەمان کاتیشدا مارکسیزم، بێ سێو دوو، دژی مەیلی نەتەوەییە با((رەواو خاوێنو ناسكو شارستانیش بێ)). پرۆلیتاریاش ناتوانێ پشتیوانی لەهیچ شتێك بکات کەببێتە مایەی چەسپاندنی نەتەوایەتی، بگرە بەپێچەوانەوە، پشتیوانی هەموو شتێك دەکا ببێتە مایەی نەهێشتنی جیاوازییەکانو روخاندنی کۆسپو لەمپەرە نەتەوەییەکانو هەر چی بەو سەرەنجامە دەگات کەپەیوەندیی نێوان نەتەوەکان پتەوترو پتەوتر بکاتو هەر چی بەرەو ئەو ئاکامە بچێت کەنەتەوەکان تێك هەڵکێشی یەکتری بکاتو هەر هەڵسوکەتێك لەدژی ئەم مەسەلەیە بەو مانایە دێ کەخاوەنی هەڵسوکەوتەکە پشتگیری لەتەنگبینیی کۆنەپەرستانە دەکات[13].

بەڵام بیرۆکەی بەرژەوەندییە ئابورییە هاوبەشەکان کەبنچینەکەیان چەند فاکتەرێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراوەو هەروەها هەوڵەکانی پشتگیری کردنی کۆمۆنیست ئینتەرناسیۆنال بۆی نەلوا چەمکی نەتەوە خۆماڵییەکانی یەکێتیی سۆڤێت بەمانا کلاسیکییەکەی بەیەکجارەکی لەناو بەرێ[14] بۆیە حزبی کۆمۆنیستو لینینی سەرکردەکەی، بەرنامە مارکسیستییەکەی تایبەت بەمەسەلەی نەتەوایەتییان داناو گرنگترین خاڵی ئەو بەرنامەیە کەساڵی ١٩٠٣ کۆنگرەی دووەم پەسەندی کردو پەیوەندیی بەمەسەلەی نەتەوایەتییەوە هەبوو، بریتی بوو لەسەلماندنی مافی بڕیاردانی چارەنوس بۆ گەلانو یەکسانیی یەکجارەکیی هەموو

---

[12] ف. ا. لينين، في السياسة الخارجية للدولة السوفيتية، ترجمة احمد فؤاد بلبع(القاهرة، مكتبة الشرق، ١٩٧٣)ص٢٦٠.

[13] لينين، المؤلفات الكاملة، المجلد ٢٤-مقالة((ملاحظات انتقادية حول المسألة القومية))(( الاستقلال الذاتي الثقافي- القومي))، المصدر السابق، ص ١٣١-١٣٣.

[14] د. طعيمة الجرف: ابحاث في المجتمع العربي- القومي العربية والتطور السياسي للمجتمع العربي(القاهرة، مكتبة القاهرة الحديثة، ١٩٦٤-١٩٦٥)، ص٩١.

هاوولاّتییەکان بەبێ گوێدانە بیروباوەڕو نەتەوەو ڕەگەزەوەو نەهێشتنی زێدەڕۆیییە چینایەتییەکانو مافی بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لەدامودەزگا حکومیو کۆمەلاّیەتیو خوێندنگەکانو شوێنەکانی تردا.

هەروەها لینین لەنوسینەکانیدا بنچینەی ئەو پرنسیپانەو پرنسیپی تریشی خستە ناو بەرنامەی تایبەت بەمەسەلەی نەتەوایەتیو پەرەشی پێداو لەم سەروبەندەدا بیرۆکەی ململانێی چینایەتیی پرۆلیتاریاو ململانێی نەهێشتنی ستەمی نەتەوەییی پێکەوە گرێدا، واتە لەدیدی ئەوەوە ململانێ بۆ بەدی هێنانی سۆسیالیزمو خەباتی گەلانی ستەمدیدە بۆ رزگاربون لەئیمپریالیزم لەیەك تای تەرازوو کۆ دەکرێتەوە[١٥]. کاتێك لینین مەسەلە بنچینەیییەکانی حزبی کۆمۆنیستی سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتی دارشت، لەم بارەیەوە ئەو ئەرکانەشی دیاری کرد کە لەقۆناغی شۆرشی سۆسیالیستیدا لەئەستۆی پرۆلیتاریا دان. لینین لەنوسینەکانیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەدەبێ هەمو گەلانی ناو دەولّەت مافی جیابونەوەو پێکهێنانی دەولّەتی سەربەخۆیان پێ بدرێت و لەم بارەیەوە وتی: (پێویستە لەسەر کۆماری گەلی روسیا گەلانو نەتەوەکان بەلای خۆیدا راکێشێ نەك بەزۆر بەلّکو بەرێککەوتنی ئارەزوومەندانەی تەواو لەسەر پێکهێنانی دەولّەتێکی هاوبەش چونکە یەکێتیو هاوپەیمانیی برایانەی نێوان کرێکارانی هەموو ولاّتان لەگەلّ گوشار خستنە سەر نەتەوەکانی

[١٥] في الذكرى المئوية لميلاد ف. أ. لينين- مطبوعات اللجنة المركزية للحزب الشيوعي السوفيتي(موسكو: دار النشر للمطبوعات السياسية، ١٩٦٩)ص١٤، نقلا عن: شامير: الاتحاد الراسخ بين الجمهوريات السوفيتية، ترجمة محمد الجندي، (موسكو، دار التقدم)ص ٩-١٠.

تـــردا، چ بەشـــێوەیەکی راســـتەوخۆو چ بەشـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ، ناگونجێ))[16].

حیزبـــی کۆمۆنیســـت بەســـەرکردایەتیی لیـــنین داوای نەهێشـــتنی نایەکسانیو بێدادیی نەتەوەییو هێنانە دیی یەکسانیی لـەنێوان هـەموو نەتەوەکاندا کردو بۆ هەمو گەلانیش مافی بڕیـاردانی چارەنوسـی سـەلماند بەجیابونەوەو دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە. فراکسیۆنی سۆسـیال دیموکراتی کرێکارانی روسیا لەژمارە ٤٨ی رۆژنامـەی(پۆرسـت پراڤـدا)دا پڕۆژە یاسای یەکسـانبونی مافـە نەتەوەییـەکانی بڵاوکـردەوە کەبـەرەسمی پێی وتراوە((پڕۆژە یاسای نەهێشتنی هەموو چەشنە کۆتو بەندێك لەسەر مـافەکانی جولەکەو هەمو کـۆتو بەنـدێك بەشـێوەیەکی گشـتی سـەبارەت بەڕەچەڵەکو بنەچەی نەتەوایەتی هەر هاوولاتییەك))[17].

لـە٢ی نۆڤەمبـەری سـاڵی١٩١٧ حکومـەتی کرێکـارانو جوتیـارانی سـۆڤێت دیکـۆمێنتێکی گرنگـی پەسـەند کـرد کەبەیاننامـەی مـافـەکانی گەلانی روسیایە، تێیدا هاتبوو کەدەسەلاتی سـۆڤێت کۆتـایی بەسیاسـەتی سـتەمکارانەو چەوسـانەوەی نەتەوایـەتیو هانـدانی گـەلانی روسـیا لـەدژی یەکتری دێنێو لەجێی ئـەم سیاسـەتە نـەفرەتلێکراوە چـەپەڵە سیاسـەتێکی راشکاوو ئاشکراو شەرافەتمەندانە دادەنـێ کەدەبێتـە هـۆی متمانـەو بـڕوای تـەواوی گـەلانی روسـیا بەیـەکتریو یـەکگرتنی سـەقامگیری ئـەو گەلانـە.

---

[16] ف.ا. لینین: المؤلفات الكاملة، المجلد ٣٢، ص١٥٤، نقلا عن شامير، المرجع اسابق، ص١٠.

[17] لینین، المؤلفات الكاملة، المجلد ٢٥، بورست برافدا، ١٦ی نیسانی ١٩١٤. نقلا عن، كنوز الماركسية اللينينية، المرجع السابق، ص٤٥.

بەیاننامەکە وتویەتی[18]: ((ئەنجومەنی کۆمیسێرەکانی گەل بڕیاریدا ئەم پرنسیپانەی خوارەوە بکاتە بنەما بۆ چالاکییەکانی سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوەکانی روسیا:

١-یەکسانیی گەلانی روسیاو مافی سەروەری بۆ هەر یەکێکیان.

٢-سەلماندنی مافی بڕیاردانی چارەنوس بەئازادی بۆ گەلانی روسیا بەمافی جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە.

٣-نەهێشتنی هەمو چەشنە زێدەماف و کۆت و بەندێکی نەتەوەیی و ئاینی.

٤-گەشەکردنی ئازادی کەمینە نەتەوەییەکان و گروپە ئیتنیکییەکانی سەر خاکی روسیا.

هەروەها بەیاننامەی ئاشتی کەبەیاننامەی کۆنگرەی دووەمی سۆڤێتەکانی کرێکاران و سەربازانی سەرتاسەری روسیا بوو کە لەماوەی نێوان ٥ تا ٢٦ی ئۆکتۆبەر(٧-٨ی نۆڤەمبەر)ی ١٩١٧ بەسترا، باسی لەوە کرد کەحکومەت پێی وایە((یەکێ لەگەورەترین تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی ئەوەیە کەئەم جەنگە(یەکەم جەنگی جیهان) بۆ ئەوە درێژە بکێشێ کەچۆن نەتەوە لاوازە پەلاماردراوەکان لەنێوان دەوڵەتە بەهێزو دەوڵەمەندەکاندا دابەش بکرێن. حکومەت جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەئامادەیە یەکسەرو بێ دواکەوتن مەرجەکانی ئاشتیی تایبەت بەراگرتنی ئەم جەنگە بەگوێرەی مەرجە ناوبراوەکان مۆر بکات و ئەو مەرجانەش بۆ هەموو نەتەوەکان بەبێ جیاوازی مەرجی دادپەروەرانەن))[19]

---

[18] مراسيم السلطة السوفيتية(موسكو: دار نشر المطبوعات السياسية، ١٩٥٧) المجلد الاول ص٤٠، نقلا عن شامير: المرجع السابق، ص١٥-١٦.

[19] ف. أ. لينين: في السياسة الخارجية للدولة السوفيتية، المرجع السابق، ص٤-٥.

پاشـان سـتالین هـات و چـەمکی نەتـەوەیی بـیری مارکسـیزمی بەشێوەیەکی باشتر پەرە پێداو لەم بوارەدا وەها پێناسەی نەتەوەی کرد کەگروپێکی جێگیری دانیشتوانە بەشێوەیەکی مێژوویی لەسەر بنەمای یەك زمانیو خاكو ژیانی ئابوریو یەکپارچەیی پێکهاتەی سایکۆلۆژی کەزیاتر خۆی لەکەلتوری هاوبەشدا دەبینێتەوە، دروست بوە[٢٠]. لەدەستدانی یەکێ لەو فاکتەرانە بەسە بۆ دامالینی مەرجەکانی نەتەوەبون لەهەر گروپێكو ئەگەر پێویست بێ هەر نەتەوەیەك زمانێکی هاوبەشی هەبێ ئەوا مەرج نیە هەمیشە لەیەك کاتدا چەندەها زمان هەبێ چونکە لەو کاتەدا کەئەمریکییەکانو ئینگلیزەکان لەسەر یەك خاك دەژیان کەئینگلتەرە بوو، یەك نەتەوەیان پێك دەهێنا بەڵام پاش ئەوەی بەشێکی گەلی ئینگلیز دەستی بەکۆچ کردن کرد بۆ زەمینە تازەکە، وردە وردە ئەو دەرفەتە هاتە پێش کە لەوێ نەتەوەیەکی تر پێك بێنن چونکە ناوچەکانی ئەمریکای باکور یەك قەوارەی ئابوورییان پێك دەهێنا. سەرەنجام، یەکێتیی ئابوریو پتەویی ئابوری دوو کۆڵەکەی سەرەکیی نەتەوەن. جگە لەوە، نەتەوە نەك هەر بەهەلومەرجی ژیانی ئابوریی خۆی لەنەتەوەکانی تر جودا دەکرێتەوە بەڵکو هەروەها بەو شێوەی بیرکردنەوەیە کە لەتایبەتمەندییە کەلتورییەکانیدا دەردەکەوێ. ڕیشەی ئەم تیۆرییە لەڕوسیادا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیەو بەناونیشانی(تیۆریی مارکسیستە روسەکان)ناودێر کراوە.

---

[٢٠] ساطع الحصري، ابحاث مختارة في القومية العربية(بيروت، دار العلم للملايين، ١٩٦٤)ص٢٤٦.

هەروەها ستالین دژی ئەو بۆچونە بوو کەبونی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی بەفاکتەرێکی سەرەکیی نەتەوە دادەنا چونکە پشتیوانی کردن لەو بۆچونە بەو ئاقارەدا دەچێ کەپێناسەی نەتەوە تەنها ئەو گەلانە دەگرێتەوە کەدەوڵەتی تایبەتییان هەیەو سەربەخۆییشیان بەدەست هێناوەو ئەوسا گەلانی ژێردەستەو بێ دەوڵەتی سەربەخۆ لەریزی نەتەوەکان دەردەهێنرێن، دیارە ئەمەش شتێکە راستو رەوا نیە[21]. لەوانەیە هەر ئەمەش بێ کەستالینی هانداوە داوای مافی سەربەخۆبونو ژیان بردنە سەر وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکات[22].

هەروەها ئەگەرچی گەلانی یەکێتیی سۆڤێت بەبیرۆکەی سۆسیالیزم بەسترابونەوە بەڵام لەدیدی لینینو پاشان لەدیدی ستالینەوە دەبوایە لەمەسەلەی رێکخستنی سیاسیی دەوڵەتدا جیاوازیی کەلتوری نەتەوەیی ئەو گەلانەو بەرژەوەندییە خۆجێیە رەواکانیان لەچوارچێوەی یەکپارچەیی بەرژەوەندیی دەوڵەتی یەکێتیی سۆڤێتدا لەبەرچاو بگیرێت.

هۆی ئەو دەست هەڵگرتنە کاتییە لەتیۆریی کۆمۆنیزم سەبارەت بەباوەڕ نەهێنان بەناسیۆنالیزمو بانگەشەکردن بۆ بێ نیشتمانیی کرێکارانو بەرەو چارەسەر چوونی نەسازانو ناتەبایییە نەتەوەیییەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەنەمانو تێکهەڵکێش بونی نەتەوەکانو توانەوەیان لەبۆتەی یەك گەلو یەك چین دا کارێکی ئاسان نەبووە، ئیدی بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو هەلومەرجەی لەگۆڕێ دابوو، راگەیاندنی ساڵی ١٩١٧ ی گەلانی سۆڤێتو راگەیاندنی مافەکانی گەلانی ستەمدیدەو

---

[21] عبدالرحمن البزاز: بحوث في القومية العربية (القاهرة: معهد الدراسات العربية، ١٩٦١/١٩٦٢)ص١٥٩.

[22] ساطع الحصري: ماهي القومية؟ (بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٥٩) ص٢٥١-٢٥٢.

ڕەنجدەر لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا، زۆر بەتەنگ ئەوەوە بون کەپرنسیپی ئازادیی نەتەوەییو مافی دیاری کردنی چارەنوس بخەنە پاڵ پرنسیپەکانی تری شۆڕشەوە. هەروەها دەستوری ساڵی ١٩٢٤و دواتریش دەستوری ساڵی ١٩٣٦ مشوری ئەوەیان خوارد کەحوکمڕانی لەدەوڵەتی سۆڤێتدا لەسەر بنەمای فیدرالیزم ڕێك بخەن بەجۆرێك کەبەشێکی تایبەتمەندییە خۆیییەکانو کاراکتەری دیاری نەتەوە جیاوازەکان لەچوارچێوەی ناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی گشتیدا بپارێزێ. جگە لەمە، دەستوری ١٩٣٦ بۆ هەموو نەتەوەو گروپەکان مافی یەکسانی سەلماندو تەنانەت بڕیاریدا خوێندن لەخوێندنگە سۆڤێتییەکاندا بەزمانە نەتەوەیییەکان بێ(خاڵی ١٢١)و یەکسانیی لەهەمو بوارەکاندا ژیانی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیی کردە یاسایەکی سەقامگیر کەکەس نەیدەتوانی پێشێلی بکات(خاڵی ١٢٣). بەپێی ئەو دەقە تیۆرییانە، دەستوری یەکێتیی سۆڤێت مافی ئەوەی بۆ نەتەوەکان سەلماند کە لەیەکێتییە فیدرالییەکە دەرچنو جیا ببنەوە*، جگە لەوەی کەدیکۆمێنتەکانی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی سۆڤێت جەختیان لەسەر ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤو سەروەریی گەلانو دۆستایەتیی نێوانیان کردەوەو سەرەنجام ئەو سیاسەتە بنەماکەی- بەپێی دیکۆمێنتە ڕەسمییەکان- سەقامگیرکردنی دنگەکانی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو لەسەر بنچینەی یەکسانیی هەموو هاوولاتییان لەهەمو بوارەکانی ژیان بەبێ گوێدانە ڕەگەزنامەو نژادو جۆرو ئاینیان[23].

* مافی جیابونەوە تا ئەو کاتەی یەکێتیی سۆڤێت لەبەر یەك هەڵوەشایەوە تەنها وەك مافێکی تیۆری مایەوە بەڵام لەڕوی یاسایییەوە بەهای خۆی هەبوو(وەرگێڕ).

23 Tunkin, Grigory,((Contemporary International Law, (Moscow, progress publishers, 1969),p.234.

سەرباری ئەم بوارە تیۆریکیو دەستورییانە کەڕۆڵیان هەبوو لەپشتگیری کردنی بیرۆکەی نەتەوایەتی، جەنگی دووەمی جیهان لەگرنگترین ئەو فاکتەرانە بوو کەبونە هۆی بوژاندنەوەی گیانی نەتەوەیی لەنێو گەلانی یەکێتی سۆڤێت لەبەردەم هەڕەشەی جەنگو سەختی هێرشی نازیستەکان بۆ سەر خاکی روسیا.

# بەشی پێنجەم

## دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگا کەمینەکاندا

## ( رەش پێستەکانی ئەمریکا وەك نمونە )

## تەوەری یەکەم

# پەرەسەندنی بنچینە ئایدیۆلۆژییەکانی پەیوەندیی نێوان کەمینەکان و کۆمەڵی ئەمریکایی

بارودۆخی کەمینەکان لەئەمریکا زۆر لەوەی ئەوروپا جیاوازە چونکە لەکاتی قۆناغی گۆڕانە کۆمەڵایەتییە خێراکەی ئەوروپا لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهاندا، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی تەواوی گروپە بندەست و سەردەستەکان گۆڕانی بەسەردا هات چونکە هەر یەکێکیان سەرچاوەی دیکەی هێزی چنگ کەوت و بەهۆی ئەو سەرچاوانەوە توانی تەرازوی هێز بگۆڕێت. لەبەر ئەوە دەکرێ بگوترێ کە لەپاش هەردو جەنگە جیهانییەکەدا، زۆربەی کەمینەکان بون بەدەوڵەت و گیروگرفتی کەمینەکانی ئەوروپا بوو بەگیروگرفتێکی نەتەوەیی[1]. بەهەمان شێوە دەکرێ دەوڵەتە پاشکۆکان(واتە ئەو دەوڵەتانەی کەپاشکۆی دەوڵەتی لەخۆ گەورەترن)ئەوانەی کەجاران سەر بەبلۆکی سۆڤێت بون، بەکەمینە یاخود بەداگیرکراو، بەپێی ئەو مانایەی کەئەم دوو وشەیە دەیدەن، بژمێردرێن.

ئەزمونی ئەمریکا بەرامبەر بەئاوەدانکەرە ئەوروپاییەکان کە وردە وردە چوبونە هەندێ ناوچەی سەرەتایی نائاوەدان، زۆر لەئەزمونەکانی

---

[1] Sydney, Collins, ((Coloured Minorities in Britain: Studis in British Race Relations, Based on Africa, West India and Asiatic Immigration))(London, 1947).

ئوسترالیاو نیووزیلاند دەچێ. لەسەرەتادا هاتووە تازەکان کەمینە بون بەڵام لەبەر ئەوەی لەڕوی تەکنەلۆژیاو سوپاوە پێشکەوتوو بون، هاتنە ئابورییەکەیان کردە هێرشێکی بەرفراوان کەپاش ئەوەی ژمارەی کۆچکەرەکان زیادی کرد توانییان دانیشتوانە رەسەنەکە وەلا نێن. بەهەمان ئەندازەش سەرتاپای سروشتی هەلومەرجی کەمینەکە گۆڕانی بەسەردا هات. لەم بارەیەوە کەمینە ئەوروپاییەکان زۆر لەکەمینە ئەمریکاییەکان جیاواز بون چونکە لەئەوروپا گۆڕانی بەردەوامی سنوری سیاسی نەیتوانی سروشتی سیاسیی کێشەی کەمینەکان بگۆڕێتو ئەم کێشەیە وەك یەکێ لەجۆرەکانی ململانێی نەتەوەیی مایەوە. لەبەر ئەوە قسە نەستەقەکەی فەرەنسییەکان کەوتویانە((لەگەڵ هەر گۆڕانێکدا، دەگەڕێینەوە سەر هەمان شتی پێشوو)) زۆر لەگەڵ ئەزمونە ئەوروپاییەکەدا گونجاوە.

لەئەمریکا پەرەسەندنی مێژویی بەو سەرەنجامە گەیشت کەهەلومەرجی تازەو جیاوازییەکی زۆر سەر دەربهێنێ کەخۆی لەسروشتی کۆچ کردنەکەدا نواند. ساڵی ١٧٩٠ کاتێك یەکەم سەرژمێر لەئەمریکا ئەنجام درا، ٩٠٪ی دانیشتوانی ئەو کاتە خەڵکی باکورو رۆژئاوای ئەوروپا بون، لەوانەش ٦٤٪ خەڵکی دورگەکانی بریتانیا بون. لەسالانی نێوان ١٨٠٠-١٨٨٢ پرۆسەی کۆچ کردن هەر بەردەوام بوو و بەگشتی ئەو سەردەمە بەسەردەمی(کۆچە کۆنەکە)ناسراوە. ئەو گروپە کۆچکەرە-سەرباری لەباریو گونجانی لەڕوانگەی ئەوروپایی بونەوە- لەئەمریکاش خۆی بەگونجاوو تەباو هۆمۆجین دادەناو لەسەر ئەو بنەمایە جێگیر بوو کەزۆرینەیەکی دەستبالایەو لەڕوی رێکخستنو شارستانێتیی ئەمریکاییەوە گروپێکی جیایە[٢].

---

[2] Green, Arnold, ((Sociology))(New York, 1956), p.240.

پاشان گروپە دەستڕۆیشتووەکە بەناوی گروپە سپیە ئەنگلۆ ساکسۆنییە- پرۆتستانتەکە(WASPS)توانی پۆلبەندییەك بۆ گروپەکانی دەرەوەی چوارچێوەی خۆی ئەنجام بداتو لەم روەوە، یەکەم، ئەو گروپە گروپەکانی تری پۆل پۆل کردو لەسەر بنەمای رەنگی پێست بەسەر گەنم رەنگو ناگەنم رەنگ دا دابەشی کردن، رەش پێستەکان ئەو گروپە بون کە لەهەموان بلاوتر بونو ئاسانتریش دەستنیشان دەکران(ئەگەرچی لەهەندێ ناوچەی دیاریکراوی جوگرافیدا گروپی دیکەی گەنم رەنگ هەبوو وەك هیندییەکانو ژاپۆنییەکانو چینیەکان، مەکسیکییەکانو پۆرتۆریکییەکان). زۆرینەی زاڵ(WASPS)تا بلێی رقی لەگروپی رەش پێست بوو و بەهۆی ئەمەوە سیستمی جیاکردنەوەی کۆمەلایەتیی( Social Distance)ی دامەزراند هەم لەبواری کارداو هەم لەبواری نیشتەجێ بوندا بۆ ئەوەی گروپەکە زۆر لەخۆی دور بخاتەوە.

پاشان گروپەکەی(WASPS)بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی لێك جیاکردنەوەی دانیشتووەکانو بیانییەکان گروپی بێگانەکانی دەستنیشان کرد، ئەگەرچی لەم بوارەدا بێگانەکان هەندێ جار تێکەڵ بەگروپی گەنم رەنگەکان دەکران، بەلام بەشێوەیەکی گشتی بێگانەکان لەزۆربەی جاردا تێکەڵ نەکران چونکە زۆربەیان ریشەو وەچەیان دەگەڕایەوە سەر ئەوروپاییەکان. لەوانەیە سەرەتاییترینو دوژمنانەترین هەڵوێست بەرامبەر بەبێگانەکان پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانو لەکاتی هەڵگیرسانیدا سەری دەرهێنابێ، کاتێك فەلسەفەی تواندنەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گروپە دەستڕۆیشتووەکەی ئەمریکا هەبوو، تەنانەت ئەم فەلسەفەیە لەهەندێ بواری سیاسەتی دەرەوەش پراکتیزە کرا. بۆ نمونە، ودرو ویلسۆن کەدەوڵەتەکانی ئەوروپای هانداوە گرنگیی فرە

کەلتوری بەجۆرێك کە لەگەڵ پرنسیپی تەباییدا(uniformity)بگونجێ، بسەلێنن، هەندێ لێدوانی هەیە کەتەواو جیاوازە لەگەڵ لێدوانەکانی ناوخۆی ئەمریکادا، چونکە لەیەکێکیاندا رایگەیاند بوو کە((ئەمریکا لەچەندەها گروپ پێکنایەت‌و ئەو کەسەی وا تێدەگا سەر بەگروپێکی نیشتمانیی دیاریکراوی ئەمریکایە هێشتا نەبۆتە هاوولاتییەکی ئەمریکایی))[٣]. ئەم فەلسەفەیە تارادەیەکی زۆر هۆیەکی یارمەتیدەر بوو بۆ زیادکردنی ئەو کۆت‌و بەندانەی خرانە سەر کۆچ کردن بۆ ئەمریکا لەسالانی بیستی سەدەی رابردوودا‌و بەپێی ئەم سیاسەتە جەخت لەسەر زمانی ئینگلیزی وەك هێمایەکی تواندنەوە کرایەوەو وای لێ هات کەزمانەکانی تر بوون بەزمانی گروپە بێگانەکان.

هەروەها گروپی دەستڕۆیشتوی(WASPS)تایبەتمەندییە ئاینییەکانی بەکار هێناو هەندێ جار ئەو تایبەتمەندییانەی بەسەر خەڵکانی ناپرۆتستانت دا سەپاندو هەندێ جار بەسەر خەڵکانی نامەسیحیدا. ماوەی نێوان ١٨٣٠-١٨٤٠، کاتێك هەستی نیشتمانی لەدژی کاتۆلیکەکان وروژێنرا، بەسەرەتای هەستی دوژمنکارانەی ئانتی کاتۆلیك دەژمێردرێ. لەلایەکی دیکەوە، دژایەتی کردنی جولەکەش پەرەی سەند ئەویش لەسەر ئەو بنچینەیەی کەجولەکە مەسیحی نین یاخود لەئاکامی کەڵەکەبونی رق‌و قینی رەگەزی لەدژی بێگانەکان.

جگە لەمانە، هەندێ چەمك‌و ئاماژەی جەماوەریش هەبوو کەزۆربەی جار فڕیان بەسەر لۆجیکەوە نەبوو و زۆر جاریش تێکەڵ و پێکەڵ‌و بێ سەرو بەر بون، وەك دانانی مەکسیکییەکان بەگەلێکی گەنم رەنگ

---

[3] New Work Times Magazine, May 16, 1948,p. 26.

ئەگەرچی مەکسیکییەکان لەسەرژمێری ئەمریکادا خرابونە پاڵ سپی پێستەکانەوە.

ئەوەی شارەزای کاروباری ئەمریکا نەبێ، رەنگە وا تێ بگات ئەگەر جیاوازی لەسەر بنەمای رەنگ بچێتە پاڵ رق هەڵگرتن لەبێگانەکان، بێگانە گەنم رەنگەکان گوشارو فشارێکی زۆرتریان دەکەوێتە ئەستۆ بەڵام لەڕاستیدا گرفتەکە بەو جۆرە نیە چونکە چینییەکانو ژاپۆنییەکان توشی ئەو کۆتو بەندە توندڕەوانە نەبون کەهاووڵاتییە رەش پێستەکانی ئەمریکا توشی بون. سەبارەت بەهیندییەکانیش، دیارە توخمێکی تری رەنگ لەلای خەڵکیدا هەبوە، ئەویش ئەوەیە کەدورکەوتنەوە لەگروپێکی دیاریکراو رەونەقێك دەداتە ئەو بۆچونەی کەسەبارەت بەو گروپە دروست دەبێ، چونکە ئەو هاووڵاتییە سپییانەی لەناوچەی دور لەنشینگە گۆشەگیرەکانی هیندییەکان دەژین، زیاتر کەوتونەتە ژێر کاریگەریی دروستبوونی دیدێکی نیمچە رۆمانتیکی سەبارەت بەپیاوە سورە جوامێرەکە، لەکاتێکدا ئەو سپییانەی لەهەمان ناوچەی هیندییەکاندا دەژین- بەشێوەیەکی گشتی- هەڵوێستی فرە توندو بێ بەزەییانە بەرامبەر رەفتارو هەڵسوکەوتی رۆژانەی هیندییەکان دەنوێنن.

ئەگەر بشمانەوێ چەمکەکە لەسەر بنەمای فاکتەری رەگەز یان نژاد وەك یەکێ لەنیشانە هەرە رونو ئاشکراو دیارەکانی رەگەزپەرستی هەڵسوڕێنینو لەم روەوە دیارە کەگەلی ئەمریکا بەشێوەیەکی رەگەزپەرستانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کەمینەکاندا کردوە، ئەوا مەسەلەکە بەم چەشنەی خوارەوە دێتە بەر چاوان:

١-خەڵکانی ناکۆچکەر کەڕیشەیان ناچێتەوە سەر تۆرەمە کافکاسییەکان:

أ-نەوەی کۆیلەکان، واتە رەش پێستەکان.

ب-پەراوێزخراوە بەسوك تەماشاکراوەکان، وەك هیندییەکان.

٢-خەڵکانی کۆچکەر کەرێشەیان ناچێتەوە سەر تۆرەمە کافکاسییەکان بەڵام خاوەنی فۆرمۆلەیەکی نەتەوەیی یان شارستانین:

١-گروپە نەتەوەییەکانی وەك پۆلەندییەکانو یۆگۆسلاڤەکان.

٢-گروپە کەلتورییەکانی وەك جولەکە.

سێ مۆدێلی ئایدیۆلۆژیی تیۆریکی لەبارودۆخی ئەمریکادا بەدی دەکرێت کە لەململانێدا بوون بۆ لێکدانەوەی ئەو رێوشوێنەی کە بەهۆیەوە نەتەوەیەکی بەرێشە ئەنگلۆ ساکسۆنیی پرۆتستانت توانی چلو یەك ملیۆن کۆچکەر بەنەوەکانیانەوە بتوێنێتەوە، ئەویش بەچەندەها شێوازی جیاوازو وای لێ کردن لەنێو تەونی گەلی ئەمریکادا ببن بەیەك پارچە.

ئەو ئایدیۆلۆژیایانەش بریتین لە: هاوئاهەنگیی ئەنگلۆیایی( Anglo-Conformity)، توانەوەی کۆچکەرەکان بەبێ گوێدانە ریشەو وەچەیان لەناو یەك بۆتەدا(Meltind-pot)و فرە کەلتوری( Cultural pluralism)[٤].

١-هاوئاهەنگیی ئەنگلۆیایی:

مەبەست لەهاوئاهەنگیی ئەنگلۆیایی پاراستنی دامودەزگا ئینگلیزییەکان(کەشۆرشەکەی ئەمریکا دەستکاریی کردبوو)و پاراستنی زمانی ئینگلیزیو مۆدێلە شارستانییە ئینگلیزییەکانە وەك فاکتەرێکی دەستڕۆیشتوی ژیانی ئەمریکایی. لەم بارەیەوە هەندێ بۆچونو بیری گشتیی نارۆشنو تەمومژاویی بێ سەروبەر سەبارەت بەگەورەییو مەزنیی

[4] Barron, op.Cit,pp. 395-396.

ڕەگەزی ئاری یان گێرمانی پەیوەندییان بەپرۆگرامەکانی سیاسەتی نەتەوەیی و سیاسەتەکانی تەنگەبەرکردنی کۆچەوە هەیە چونکە لایەنگرانی ئەو بۆچونانە کۆچ کردنیان بۆ ئەمریکا لەباکورو رۆژئاوای ئەوروپاوە پێ باش بوو و دژی نەبون، ئەویش لەسەر بنچینەی چەند بیرۆکەیەکی هەلەق و مەلەق و کرچ و کاڵ. لێرەوە دەبوایە هاوسەنگییەکی پێویست لەنێوان پرنسیپی هاوئاهەنگی و نێوان ئەو رەوتە رەگەزپەرستانە دروست ببێ.

هەر لەوەتەی ئینگلیزەکان بۆ یەکەم جار چوون بۆ ئەمریکا، بوونە پێشەنگی شارستانێتی لەوێ و لەم سۆنگەیەشەوە زمانی ئینگلیزی بوو بەزمانی باوو زاڵ و یاسای گشتیی ئینگلیز بوە بنەمایەك بۆ هەمو یاسا مەدەنییە فەرمییەکان. تەنانەت دەستوری ئەمریکا بیروباوەڕی فەیلەسوفە ئینگلیزەکانی وەك لووك و بێرك لەخۆ گرت، جگە لەوەی کەزۆربەی هەرە زۆری گروپی یەکەمی کۆچکەران لەو پرۆتستانتانە بوون کە کەلتوری ئەمریکاییان بەمۆرکێکی سەرتاپا پرۆتستانت گۆش کرد[5]. ئیدی بەو گروپە دەستڕۆیشتووە وترا سپی پێستە پرۆتستانتە ئەنگلۆ ساکسۆنەکان، واتە WASPS.

بەلاّم لەگەڵ پەیدابونی پیشەسازیدا تەوژمی کۆچ لەماوەی نێوان ١٨٨٢و ١٩٢٠ گۆڕانی بەسەردا هات، کاتێك کۆچکەری تازە بەلێشاو لەرۆژهەلاّت و باشوری ئەوروپاوە رژایە سەر ئەمریکا. ئەمەش پێی دەوترێ((کۆچە تازەکە)). ئیدی لەبەر ئەوەی ئەو کۆچکەرە تازانە لەڕوی کەلتوری و ئاینییەوە جیاواز بون، گروپە دەستڕۆیشتووەکە وەك بێگانە تەماشای دەکردن و پێگەی کەمینەی کۆتکراوی بۆ دەستنیشان کردن.

---

[5] Schernerhorn, R.A.((These Our people, Minorities in American Culture))(Boston, 1940),p.6.

پاش ئەوەی کۆچکەرەکان لەناوچە سنورییەکانی رۆژئاوای ئەمریکا نیشتەجێ بون، شێوەی دەسەڵات دوو گۆڕانی جەوهەریی بەسەردا هات چونکە بە بەرنامە دزەکردن بۆ ناوچەی هیندییە سورەکان کەململانێی پچڕ پچڕی لێ کەوتەوە، بوە هۆی نەهێشتنی دانیشتوانە هیندییە سورەکان بەشێوەیەکی زۆردارەکیو وای لێ هات ئەو هیندییانە لەچەند ناوچەیەکی گۆشەگیرو لەژێر سانسۆردا ژیانیان بردە سەرو دواتریش مەسەلەکە بەو ئاکامە گەیشت کەهیندییەکان لەچەند ناوچەیەکی لێك دابڕاودا بەدورەپەرێزی ژیانیان بردە سەر چونکە لەلایەنە بنچینەیییەکانی ژیانی ئەمریکا دور خرانەوە. لەناوچەکانی باشوریش سیستمی کۆیلەداری بوو بەنیشانەی سەرەکیی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتو هێز، ئەویش لەئاکامی هاوردنی کۆیلەکان لەئەفریقیاوە، بەتایبەتی بۆ بەهەرزان کارکردن لەکێڵگەکانی توتنو برنجو لۆکە.

بەم شێوەیە لەو گۆڕانە مێژوییانەدا کە لەتوانا دایە قۆناغ بەقۆناغ شوێن پێیان هەڵبگیرێت، دەتوانرێ مۆدیلی بەکۆمەڵی کەمینە ئەمریکییەکان نەك هەر لەپەیوەندییە نوێکانی نێوان گروپە دەستڕۆیشتووەکانو گروپە بندەستەکاندا بدۆزرێتەوە بەڵکو هەروەها لەو رەوتانەشدا کەبونە هۆی ئەفزەلیەتدان بەناوچەیەكو فەرامۆشکردنی ناوچەیەکی تر، ئەویش لەبەر رۆشنایی هۆکارە جوگرافییەکان.

ئەمڕۆ رون بۆتەوە کەکەمینەکانی ئەمریکا- بەپێچەوانەی کەمینەکانی ئەوروپای ئەو سەردەمەوە- رێگر نەبون لەبەردەم دەرکەوتنو پەیدابونی شێوەی نەتەوەییو دەشتوانرێ لەسەر بنەمای شیکردنەوەی دەسەڵاتو شێوەکانی هێزی گوشار شی بکرێنەوە. هەروەها لەمێژوی نەتەوەیی

ئەمریکادا هیچ ئایدیۆلۆژیایەك بەقەد هاوئاهەنگیی ئەنگلۆیایی پەیڕەویی لەسیاسەتی تواندنەوە نەکردوە[6].

لەبەر ئەوەش کەناکۆکیی سیاسی لەگەڵ ئینگلتەرە بەخوێن نوسرابوو و سەرکەوتنە تازەکەی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی‌و دیموکراسی ببوە مایەی ترس‌و دڵەڕاوکێ نەبا بەلێشاو رژانە سەر ئەمریکا لەلایەن گەلانی ئەوروپاوە، کە لەسەر کۆت‌و بەندەکانی پاشایەتیی ستەمکار راهاتبون، ببێتە هۆی هەڕەشەکردن لەو دەستکەوتە ساوایانە،- لەبەر ئەم هۆیە ئەگەرچی باوەڕی تەواو بەوە هەبوو کەویلایەتە یەکگرتووە تازەکان پەناگەن بۆ ئەو چەوساوەو ستەمدیدانە، دەبینین نیگەرانییەکی زۆر لەو سیاسەتە هەبوو کەوەك سیاسەتێکی فرە لیبرال دەهاتە بەر چاوان.

لەکاتی سەرهەڵدانی بزاڤی بەئەمریکایی بوندا کە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهاندا باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، پرنسیپی هاوئاهەنگیی ئەنگلۆیایی گەیشت بەترۆپکی خۆنواندن‌و گوزارشت لەخۆ کردن. ئەم بزاڤە بزاڤێکی پێشەنگی کۆچکەرەکان بوو کەبوە مایەی ئەوەی کۆچکەرەکان کەلتورەکانی خۆیانیان لەبیر بچێتەوەو پەیوەندییان بەنیشتمانە کۆنەکانی خۆیانەوە نەمێنێ‌و وای لێ هات کەئەمانە بونە ئەمریکاییی تەواو و خاوەنی تایبەتمەندیی ئەنگلۆساکسۆنیی سەرتاپاگیر.

**٢-بۆتەی توانەوەی کۆچکەرەکان:**

ئەگەرچی لەئەزمونی مێژوییی ئەمریکادا هیچ پرنسیپێك بەقەد پرنسیپی هاوئاهەنگیی ئەنگلۆیایی لەڕوخسارە چەشناوچەشنەکانیدا بەلای پرنسیپی تواندنەوەدا داینەشکاندووە بەڵام لەم روەوە دیدێکی نمونەییترو

---

6 Handlin, Oscar(ed), ((Immigration as a factor in American History))(Englewood, Prentice- Hall, 1959),p.146.

لەبارتریش هەیە کە لەسەدەی هەژدەهەم ڕا لایەنگرو هەواداری خۆی هەبوە. هەلومەرجی کیشوەرە ساواکە پێویستی بەوە دەکرد کەدەستکاریی ئەو دام و دەزگایانە بکرێ کە کۆلۆنیالیستە ئینگلیزەکان لەبریتانیاوە لەگەڵ خۆیاندا هێنابویان. بۆیە، دەبوایە چاو بەکۆمەڵگا ئەمریکایی‌یە تازە پەیدابووەکەدا بگێڕدرێتەوە چونکە ئەو کۆمەڵگایە لەڕوی کەلتورو بیۆلۆژیاوە ئاوێتەیەکی نوێی پێك هێنابوو و تێیدا شێوەی بیرکردنەوەو هەست کردن‌و ڕەفتارو زمانی ئەوروپایی- بەبێ لێك جیاکردنەوە- لەناو بۆتەی سیاسیی چەند نەتەوەیەکدا بەهۆی تان‌و پۆی ئەمریکاییدا تێکەڵ بەیەکتری ببوو و شتێکی تەواو جیاوازی لێ دروست ببوو.

سیاسەتی دەرگای ئاوەڵا بۆ کۆچ کردن لەیەکەم سێ چارەکی سەدەی نۆزدەهەم دا لەلای لێکۆڵیاران ڕەنگدانەوەو تاودانەوەی بیروباوەڕێکی سەقامگیر بوو سەبارەت بەکاریگەریی بۆتەی توانەوەی ئەمریکایی‌و ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی ئەوە بوو کە ((لەتوانا دایە هەموان بتوێنرێنەوەو هەموانیش لێیان رادەبینرێت لەنێو یەك کاراکتەری نیشتمانیی ساوادا خۆیان بنوێنن))[٧].

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بیرۆکەی بۆتەکە چوە پاڵ باقی پرنسیپەکانی سەردەم‌و بوو بەیەکێك لەئەنجامەکانی کۆچ. ئیدی بەرامبەر بەو بیرۆکەیە، روبەڕوبونەوەیەك بەشێوەی فەلسەفەیەکی نوێی تایبەت بەخۆگونجاندن لەگەل ئەو گروپەدا کەتاك لەنێویدا دەژیت، سەری هەڵداو ئەم فەلسەفەیە کەوتە رکابەرایەتی کردن لەگەڵ فەلسەفەی لایەنگرانی توانەوەی دوو چەمکەکەی هاوئاهەنگیی ئەنگلۆیایی‌و بۆتەی توانەوەدا. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەی بۆتەی توانەوە تا نیوەی یەکەمی سەدەی

---

[7] Barron,op.Cit.,p.40.

بیستەم بەشێوەیەکی هۆشیارانە بەردەوام بوو لەسەر راکێشانی بەشێکی سەرنج بەلای ئەم دیوەی روخساری ئەمریکاییدا.

٣-فرە کەلتوری:

هەمو کۆچکەرە نا ئینگلیزەکان کە لەسەردەمی داگیرکاریی بریتانیادا بەژمارەیەکی زۆر گەیشتبوونە ئەمریکا، یا لەچۆڵەوانیی دوردا نیشتەجێ بون یا لەهەندێ کەرتی شارستاندا کە بەئەستەم مرۆڤ دەیگەیشتێ‌و لەهەمو ئەو شوێنانەدا قەڵەمڕەوی نژادییان دروست کردو ئەوەندەی لەتواناشیاندا بوو هەوڵیاندا بەشێك لەخەسڵەت‌و رواڵەتە نیشتمانییەکانی خۆیان بپارێزن. ئەوەی لەم بارەیەشەوە یارمەتیی دان زۆربونی خزم‌و کەسوکارو ناسیاوو برادەرو هاونیشتمانانی خۆیان بوو لەوێ کەگیانی خێزانگەرایان لەو شوێنانە لەدەستدا بوو و حەزیشیان دەکرد کۆمەڵگایەك بۆ خۆیان دروست بکەن کەتێیدا بتوانن بەزمانێکی هاوبەش کۆنتاکت لەگەڵ یەکتریدا دروست بکەن‌و هەندێ دامودەزگای تێدا دروست بکەن کە لەسەری راهاتبوون، جگە لەوە پێویستیان بەوە بوو یارمەتیی یەکتری بدەن‌و بەهانای یەکترەوە بچن‌و یەکتری بپارێزن تاکو زاڵ بن بەسەر بەدگومانی‌و بەگومان کەوتنیان لەدەوروبەرەکەی خۆیان کەزۆربەی کات وەك دەوروبەرێکی نامۆو دوژمنکار دەهاتە بەرچاویان. دیارە ئەمەش هەم کۆچکەرە((کۆنەکان))دەگرێتەوە هەم کۆچکەرە((نوێکان)).

لەسەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی پاش برانەوەی جەنگی دووەمی جیهان، ئایدیۆلۆژیای فرە کەلتوری بوو بەفەلسەفەی زاڵی ئەمریکاو لەم بوارەدا دەستەواژەی((نەتەوەی نەتەوەکان)) سەری دەرهێناو جێی خۆی لەنێو چەمکەکاندا لەکاتی تاووتوێ کردنی پەیوەندیی کارلێککەرانەی نێوان گروپە ئیتنیکی‌و تایفەگەرییەکاندا کردەوە. ئێستا وای لێ هاتووە هەندێ

لەنوسەرەکان، لەباتی باش کردنی((تواندنەوەی))[8] کۆچکەرەکان، پێیان خۆشە باس لەیەکتری تەواوکردنی کۆچکەرەکان بکەن، ئەگەرچی لەم بارەیەوە هەندێ لەزاناکانی سۆسیۆلۆژیا یا پسپۆرەکانی پەیوەندیی نێوان گروپەکان بایەخێکی زۆریان بەشیکردنەوەی مانای فرە کەلتوریی لەڕوی شێوەو پەیوەندیی بەکۆمەڵگای پیشەسازیی مۆدێرنەوە نەداوەو زۆر بەلای ئەوەدا نەچون کەچۆنێتیی جێبەجێ کردنی فرە کەلتوری، بەرامبەر بەگرفتەکانی هەنجەتگەراییو جیاوازی کردن، تاووتوێ بکەن.

بەپێی ئەم چەمکە، باری گروپە ئیتنیکییە دیارەکە بەمجۆرەی لێ دێ: کاری رێکخراوەکانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نافەرمییەکانی ناو گروپە ئیتنیکییەکە بەجۆرێك پەرە دەستێنێ کەئەندامەکانی هان دەدا لەسنورە ئیتنیکییەکەی گروپەکە دوور بکەونەوەو زاتی خۆیان بنوێنن بەجۆرێك وەك ئەوە وایە کە لەسنوری گروپە ئیتنیکییە رەسەنەکەی خۆیان دور نەکەوتونەتەوە.

ئیدی لەسۆنگەی دابەشبونە چینایەتییە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەتێکهەڵکێشی گروپە ئیتنیکییەکە دەبن، وەك ئەوەی بەسەر گەلە پرۆتستانتە سپی پێستەکەی ئەمریکادا هات، دیمەنەکە ئاڵۆزترو دژوارتر

[8] Glazer, Nathan and Moyniham, Daniel Patrick “Beyond the Relation”, Paris, UNESCO, 1959, Glazer, Nathan,’’Ethnic Groups in America, From National Culture to Ideoloey,,. Both articles in Berger, Morroe, Abel, Theodre and page, Charles H.(eds), “Freedom and Control in Modern Society’’(New York: D. Van Nostrand, 1954),(Eienstadt, N., The A bsorption of Immigrants’’(London: Routledge & Kegan-Paul, 1954): Borrie, W.B. et al., The Cultural Integration of Immigrants A survey based on the papers and proceedings of the UNESCO Conference in Havana(April, 1956).

دەبێ. ئیتر لەگەڵ پەیدابونی نەوەی دووەمو سێیەمی هەر گروپێکی ئیتنیکیدا، چەندین گروپی تر سەری دەرهێنا کەئاستی خوێندنیان دەگەیشتە ئاستی خوێندنی زانکۆو ئەمەش چینێکی باڵای لێ کەوتەوە.

ئەم چەشنە دابەشبوونە چینایەتییانە بەلای ئەوەدا دادەشکێنن کەپەیوەندییەکانی گروپە رەسەنەکە زۆرتر تەنگەبەر بکەن چونکە ئەگەرچی ئەندامی گروپە ئیتنیکییەکە لەگەڵ باقی هەڵگرانی میراتە ئیتنیکییەکەی هەست بەکاراکتەری تایبەتی خۆی دەکا بەڵام تەنها لەگەڵ ئەوانەدا هەست بەئاشنایەتیو ئاسودەیی دەکا کەپێشینەیەکی چینایەتی هەیە.

کورتییەکەی، دەکرێ بگوترێ کە لەکاتێکدا رەفتاری تواندنەوە ئاسا(Behavioral Assimilation)یاخود کاریگەریی کەلتوری (Cultural Acculturation)(واتە هەڵمژینی مۆدێلەکانی رەفتاری شارستانییانەی کۆمەڵگا میواندارەکەو زۆربەی جاریش دەستکاری کردنی مۆدێلە شارستانییەکانی ئەو دەوڵەتەی کەکۆچکەرە لێوەی هاتووە)لەئەمریکادا بەزۆری دەبینرێ، تواندنەوەی پێکهاتەیی (Structural Assimil ation)(واتە بونی نەوەی کۆچکەرەکان بەئەندام لەحزبو رێکخراوەکانی کۆمەڵو بەشداربونیان لەچالاکییەکانو ژیانی کارای مەدەنیو لەسەرەنجامدا داشکاندنیان بەلای ژنهێنانو شوکردنی تێکەڵاوو* وەرگرتنی لێپرسراوەتیی سیاسیو ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی کەنمونەی دۆستایەتیو سەردانی خێزانیو رێو رەسمەکانی پەرستنیان لێ دەکەوێتەوە) نە ئەوەندە باوی سەندبوو و نە ئەوەندەش ناوبانگی هەبوو،

---

* ژنهێنانی تێکەڵاوو شوکردنی تێکەڵاو واتە پەیداکردنی هاوسەر لەدەرەوەی چوارچێوەی گروپەکە وەك شوکردنی ژنێکی تورك بەپیاوێکی عەرەبو هێنانی ژنێکی فارس لەلایەن پیاوێکی کوردەوە(وەرگێڕ).

ئەگەرچی لەم بارەیەشەوە هەندێ هەڵاوێردن هەیە کەدەکرێن بەدوو جۆرەوە[9]:

١-ئەو هەڵاوێردنەی کەبناغەکەی سێکوچکەی بۆتەی توانەوەیەو تێیدا گروپە ئیتنیکییەکان تێکهەڵکێشی هەر سێ گروپە ئاینیەیە سەرەکییەکە دەبن. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەت بەکەڵکی گروپە یەهودیو پرۆتستانتییەکان دێ چونکە نەوەی کۆچکەرە کۆنەکانی سەدەی نۆزدەهەم کەپرۆتستانت بون(بەشێکی زۆریشیان ئەڵمانو هەموشیان ئیسکەندەناڤی بون)بەشی هەرە زۆریان بەرە بەرە تێکهەڵکێشی کۆمەڵگا پرۆتستانتییە سپیەیەکە بون. جولەکەش کەڕیشەی دەچێتەوە سەر سامییەکانو ئەڵمانیاو ئەوروپای رۆژهەڵات زیاتر بەلای ئەوەدا دایاندەشکاند کە کۆ ببنەوەو پێکەوە چالاکیی تایفەگەریی خۆیان ئەنجام بدەن. ئەگەرچی پرۆسەی تواندنەوەی نەتەوە کاسولیکە هاوچەشنەکانی وەك ئیتالییەکانو ئایرلاندییەکان بەڕێوە چوو، بەڵام هێشتا چەندەها گروپی رەگەزیو نارِەگەزیی وەك رەش پێستەکانو هیندییە سورەکانو مەکسیکییەکانو پۆرتۆریکییەکان ماونو تارِادەیەکی زۆر پێکهاتەی سایکۆلۆژیی جیاوازی خۆیان پاراستووە.

لەئاکامدا فرەیی لەژیانی مۆدێرنی ئەمریکا سەری هەڵداو ئەو فرەییە چوارچێوەی سیانیی خۆی تێپەڕاند. بەڵام ئەگەر بمانەوێ وشەی وردتر بەکار بهێنین، دەکرێ فرەییەکە لەبری ئەوەی پێی بڵێین فرەیی کەلتوری، پێی بڵێین فرەیی پێکهاتەیی، ئەگەرچی ئەم چەشنە فرەییە هێشتا هەر ماوە.

---

9 Rosenthal, ((Acculturation Without Assimilation)), American Journal of Sociology, 1960,pp. 275-288.

**٢-هەڵاوێردنی دووەم تایبەتە بەهەیکەڵو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان کەزیاتر خاوەنبیران دەگرێتەوە. لەم بوارەدا جیهانێکی بچوکی کۆمەڵایەتی لەئەمریکا هەیە لەرۆشنبیران پێکدێو بەری تێکهەڵکێش بونی واقیعییانەی تاکەکانی هەمو پێشینە ئیتنیکییەکانە، لەوانە پێکهاتە ئاینیەکان.**

**ئێستاش با بچینە سەر تاووتوێ کردنی شێوازە ئیتنیکییەکانی تایبەت بەهەڵسوکەوتو رەفتاری سیاسیی ئەمریکایی:**

**گروپە ئیتنیکییەکانی ئەمریکا لەبەرامبەردا سێ وەڵامی سەرەکییان هەبو کەبریتی بون لە: خۆگونجاندن** Accomodation**، خۆجیاکردنەوە یاخود خۆ گۆشەگیرکردن** Separation**، نواندنی توندڕەوی یاخود رادیکالیزم** Radicalism**. هەر یەکێ لەم سێ مۆدێلە هەوڵێکە بۆ پاراستنی هەندێ بەهای دیاریکراو لەهەلومەرجێکی شارستانیی دیاریکراودا. دیارە هەر یەکێ لەم سێ مۆدێلەش ئاکامی سیاسیی دیاریکراوی لێ دەکەوێتەوە.**

**ئەندامەتی لەکۆمەڵگا ئاینیەکان یان نژادییەکان یان نەتەوەییەکان پەیوەندیی بەچەند تایبەتمەندییەکی پتەوو تۆکمەوە هەیە کەدەشێ سیستمەکانی هاوسەرگیریش بگرێتەوە چونکە ئەو سیستمانە بەشێوەیەکی زۆر وشكو برینگ دژی سەلماندنی مافی دروست کردنی خێزانن لەدەرەوەی خودی گروپە ئیتنیکییەکە، جگە لەوەی کەئەمە بەها شارستانییەکانیش دەگرێتەوە کە بەرەفتاری تاكو بەکۆمەڵ گوزارشتی لێ دەکرێ، سەرباری بیروباوەڕی گشتیی هاوبەش سەبارەت بەپەیوەندییەکانی نێوان گروپە ئتنیکییەکەو کۆمەڵگا گەورەکەی دەوروبەری لەسەر چەند بنچینەیەکی سایکۆلۆژی. ئیتر لەسایەی سەقامگیر نەبونی چەمکە رەگەزیو**

**ئاینییەکانی تایبەت بەڕێوشوێنەکانی ڕەفتاری سیاسی، زۆربەی پەیوەندییە سیاسییە ئیتنیکییەکان شوێن پێی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەی گروپە ئیتنیکییەکە هەڵدەگرێ.**

**هەر یەکێ لەو سێ مۆدێلەی باسمان کردن لەژێر کاریگەریی چوارچێوەی کەلتوریی گروپە ئیتنیکییەکە دایەو هەروەها توانای دامودەزگا سیاسییەکان سەبارەت بەگوزارشت کردن لەخواستە ئیتنیکییەکانی تایبەت بەسیستمی حوکمڕانی کار لەو سێ مۆدێلە دەکات. لێرەدا گروپێکی ئیتنیکی زۆر حەزی لەوە دەبێ کەدەستکاریی خۆی بکات بەجۆرێك کەهەلومەرجی سیاسیی دیاریکراو بەدەست بێنێ بەڵام دەشێ بەرپەرچ بدرێتەوە یاخود ڕەت بکرێتەوە. هەروەها دەشێ گروپێکی ئیتنیکیی تر هەندێ داب‌و نەریتی کەلتوریی بەهێزی هەبێت کەهانی بدات درێژە بەگۆشەگیری خۆی بدات بەڵام لەهەمان کاتدا دەشێ ئەم گروپە دامودەزگاو دامەزراوەی وەها دروست بکات کە بەهۆیەوە نزیکبونەوەیەك لەنێوان ئەم گروپەو سیستمی حوکمڕانیدا بێنێتە دی.**

**لەئەمریکادا زۆربەی گروپە ئیتنیکییەکان حەزیان کردوە خۆیان لەگەڵ ژیانی سیاسیی ئەمریکادا بگونجێنن چونکە شێوازی فرەیی کەتایبەتمەندییەکی رژێمی سیاسیی ئەمریکایە بەجۆرێك دەستکاریی کرا کەخواست‌و داواکانی کەمینەکانی گرتە بەرچاو. سەرەڕای ئەمە، چەند روداوێکی جیابونەوە یان توندڕەوانە رویانداو بونە هۆی سەپاندنی چەند کۆت‌و بەندێك، بەتایبەتی کەئەو کۆت‌و بەندانە لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە داهاتبون کە لەگەڵ ئەو ڕێوشوێنانەدا بسازێن کەبنەماکەیان چارەسەری نیوەناچڵ‌و هەوڵی خۆگونجاندنە. لەم بوارەدا شێوازەکانی خۆجیاکردنەوەو**

شێوازە رادیکالییەکان سەرنجیان بۆ مەزهەبچێتێی ژیانی سیاسیی ئەمریکا راکێشا کە بەئاشکراو بەرونی پێوەی دیار بوو[١٠].

هاوتەریب لەگەڵ هەوڵداندا بۆ پتەوکردنی رۆڵی گروپە ئیتنیکییەکان لەژیانی مەدەنیی ئەمریکادا، ژیانی سیاسی گەشەکردنێکی مۆدێرنی بەخۆوە دیت، ئەمەش بەنۆرەی خۆی رۆڵی هەبو لەبەهێزکردنی تایبەتمەندیو خەسڵەتە ئیتنیکییەکان. ئەگەرچی ئەم بابەتە بابەتێکی ئاڵۆزە بەلاّم دەتوانرێ تێیدا ئاماژە بۆ هەندێ لەتوخمەکانی بکرێ:

١-رەوتێك هەیە(بەپشتیوانیی پەرەسەندنی پەیوەندییە چینایەتیو ئیتنیکییە رەسەنەکان)هەوڵدەدا لەکاروباری سیاسیدا پەیوەندییە ئیتنیکییەکان بخاتە شوێنی پەیوەندییە چینایەتییەکان.

٢-لەشاری نیوویۆرك چالاکیی سیاسیو توانای ئافراندنو داهێنان لەدابەزین دایەو ئەمەش دەری دەخا کەسیاسەتمەدارانی ئەم ناوچەیە پێیان باشە چالاکی لەبەر رۆشنایی داتاکانی بۆتەی توانەوە ئەنجام بدەن نەك خەبات بکەنو بەسەر ئەو هەلومەرجەدا زاڵ بن کە تارادەیەکی زۆر مایەی سەرلێشێواویو سەرلێتێکدانە.

٣-پەرەسەندنی دەنگدان لەلای رای گشتی وەها دێتە پێش چاوان کە تارادەیەکی زۆر هەوڵی ئاسایی حزبە سیاسییەکانی پایتەخت بۆ گێرانی رۆڵی ناوبژیوانی بنچینەیی نێوان ئالتەرناتیڤە هەمەچەشنەکان، بەهێز دەکات. ئەمەش- بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ- کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر بەهێزکردنی هۆکاری ئیتنیکی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا. ئیتر لەبەر ئەوەی حزبو بلۆکەکان هەر ئەو رێوشوێنانەی پالاّوتن بەکار دێنن

[10] Litt, Edgar, ((Beyond Pluralism-Ethnic Politics in America))(USA: Scott, Foresman, 1976),p.40.

کەسود لەشێوازی ئالتەرناتیڤەکان وەردەگرێ، ئەو حزب‌و بلۆکانە هەمان ئەو زانیارییانەیان دەستدەکەوێ کەدەریدەخەن دەکەنەوە دەنگدەر چیی پێ باشەو چیی پێ باش نیە، ئەویش بەسود وەرگرتن لەشێوازی ئالتەرناتیڤەکان. لێرەوە، حزبەکان بۆ روبەڕوبونەوەی مەسەلە سیاسییەکان هەڵوێستی لێکچوو پەیڕەو دەکەن.

دیارە ئەم لێکچونە بۆتە هۆی زیادکردنی گرنگیی جیاوازییە ئیتنیکییەکان‌و بۆ لەمەودواش جیاوازی لەڕوی رواڵەتەوە دروست دەکا با ئەو جیاوازییەش کەم بێ یا لەڕاستیدا هەر نەبێ. لەئەنجام دا شێوەکانی چالاکیی سیاسی لەو شارەدا بونەتە هۆی بەهێزکردن‌و بەگەڕخستنی ئەرکەکانی گروپە ئیتنیکییەکان[11]. لێرەدا گروپە ئیتنیکییەکان تەنها وەك فاکتەرێکی کاریگەری رودراوەکان نەماونەتەوە بەڵکو- بەشێوەیەکی گشتی- بونەتە سەرچاوەو چاوگی ئەو روداوانە چونکە دام‌و دەزگا سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان تەنها بەپێی بەرژەوەندییە ئیتنیکییەکانەوە ناچن بەڵکو بەشێکی زۆری ئەو دامودەزگایانە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو هەن، ئەویش خزمەت کردنی بەرژەوەندییە ئیتنیکییەکانە- کە لەبەرامبەردا- بەردەوام پشتیوانی لەو دامودەزگایانە دەکەن. کەش‌و هەوای شاری نیوویۆرك- بەچەندەها شێوەی جیاواز- کەش‌و هەوایەکی گونجاوە بۆ بونی گروپە ئیتنیکییەکان چونکە ئەو کەش‌و هەوایە دان بەو گروپانەدا دەنێ‌و هانیشیان دەدا لەوێدا هەبن.

مێژووی ئازادییە مەدەنییەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی چەندەها جۆر داکۆکیی کەمینەکانی لەمافە دیموکراتییە بنچینەیی‌یەکان گرتۆتە

---

[11] Glazer, Nathan and Moyniham, Daniel Patrick,((Beyond the Melting-pot))(Massachusetts: The M.I.T.Press, 1966),pp.301-302.

خۆ، ئەویش بەرامبەر بەبیروباوەڕی زۆرینە کەدژی سەلماندنی ئەو مافانە بوە یاخود نکولّیی لێ کردووە. لەگەرمەی تەنگژە نەتەوەیی‌یەکانی ژیانی ئەمریکادا چەوساندنەوەی کەمینەکان شتێکی ئاسایی بوو بەڕادەیەك کەچەوساندنەوەی کەمینەکان بووە پاساوی هەر بۆچونێك کەپێی وابوو سیاسەتی گشتی دەبێ پێشوەخت رایەکی گشتیی بەکۆمەڵ بڕیاری لەسەر بدا. هەندێ جارو لەهەندێ شوێنی دیاریکراودا چەوساندنەوەی کەمینە رەگەزیی‌و ئاینیی‌و کرێکارییەکان لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوەو هەروەها لەلایەن ویلایەتەکانەوە بەو رادەیە گەیشت کەبوو بەهەڕەشە بۆ سەر مافی هەڵبژاردن و مافە مەدەنییەکان کە بەهۆیانەوە دیموکراسی بەشێوەیەکی تایبەت باسکی ئەستور دەبێ. لەبەر ئەوە لەهەمو هەنگاوو تەگبیرەکانی دژ بەدیموکراسیدا، کەمینەکان خۆیان بۆ بەدی هێنانی مافە مەدەنییەکان تەرخان کردو کەوتنە خولیای بەردەوام‌و لێبڕاوانە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان لەسایەی دیموکراسییەکی راستەقینەدا[١٢].

---

[12] Stouffer, Sammuel: Communism, Conformity and Civil Liberities(New Work: Doubleday co., 1955), Chap.2; ((Are Leaders More Tolerant Than Other people?)) pp.26.

## تەوەری دووەم

# پەیوەندیی نێوان بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کەمینەکان و ژیانی سیاسیی کۆمەڵ

لەناو هەمو کۆمەڵو لەناو هەمو گروپێکی ئەو کۆمەڵەدا دەسەڵات بەسەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵەو ئەو گروپەدا بەشێوەیەکی نایەکسان دابەش دەبێ ئەویش بەپێی ئاستی دەسەڵاتو بڕی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیو هەروەها بەپێی جیاوازیی کاتو شوێنو هەروەها بەپێی جیاوازیی ئەو شێوازانەی کەپێگەیەکی بەرزیان لەناو کۆمەڵدا پێ بەدەست دێو دەپارێزرێ یان لەدەست دەدرێ. زاناکانی سایکۆلۆژیو ئەنترۆپۆلۆژیا کۆکن لەسەر ئەوەی کە لەنێو هەمو کۆمەڵێکداو لەنێو هەمو گروپێکدا جیاوازیی کۆمەڵایەتی بەپێی دابەشبونی نایەکسانی خاوەنێتیو دەستڕۆیشتوویی هەیە بەڵام ئەمە گردبونەوە مرۆییە کاتیو سەرەتاییەکان ناگرێتەوە. سەرباری ئەو کۆکبونە، مەسەلەیەکی جێی مشتومڕ هەیە سەبارەت بەوەی کەئایا شێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو هەیە یاخود پێویستە تاکەکان ئاستی جیاجیایان هەبێ. ئیدی لەهەوڵێکدا بۆ بەستنەوەی چەمکی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان Social Stratification بەپەیوەندییەکانی نێوان زۆرینەو کەمینەوە، پێویستە لەتایەفە* Casteو چینی کۆمەڵایەتی Social Class بکۆڵینەوە، ئەویش

---

*لێرەدا مانای وشەی Caste (تایەفە)جیایە لەمانای ئەم وشەیە بەو جۆرەی ئەمڕۆ لەڕۆژهەڵاتدا لەنوسیندا بەکار دێ. ئەمڕۆ وشەی(تایەفە) بەمانای خەڵکانێکی نێو ئاینێك

لەسەر ئەو بنچینەیەی کەرژێمی چینایەتیی کۆمەڵ هەم سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان زۆرینەو کەمینە بایەخێکی ژیانیی هەیەو هەم سەبارەت بەهۆکارەکانی رەگەزو ئاین و ئاکار کەئەوانەش هەر هەموی ئەو فاکتەرانەن کەکار دەکەنە سەر پێگەی تاك و ئەو پەراوێزەی کەتاك هەیەتی بۆ جموجۆڵ و بزاوتن چونکە ئەو جموجوڵ و بزاوتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر مان و نەمانی گروپەکانی کەمینە هەیە.

زاناکانی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆجیستەکان لەسەر ئەوە رێك نین کەدەستەواژەی(تایەفە))بەکەڵکی هەلومەرجی ئەمریکا دێ. گروپی لێکۆڵیارانی وارنەر پێی وایە دانیشتوانی رەش پێست و سپییەکان دوو کۆمەڵ پێکدێنن ئەویش لەسەر ئەو بنچینەیەی کەئەم پێکهاتەیە رێکخستنێکی تیۆریکییە بۆ تاکەکانی چەند گروپێکی دیاریکراو کەتیایدا ئەرك و پابەندبون و قازانج و بەرژەوەندییەکان بەسەر ئەو گروپانەدا دابەش دەبن کە بەباڵاتر یان بەنزمتر ژمێردراون. لەم بوارەشدا چەند رەوتێکی کۆمەڵایەتی هەیە کەدەیانەوێ ئەم دابەشبونە نایەکسانە بپارێزن[1].

کەموکورِیی ئەم پێناسەیە لەوە دایە کەپێناسەکە جگە لەتایەفە چینیش دەگرێتەوە بەڵام کاتێك ژن و ژنخوازیی نێوان دوو گروپ شتێکی قەدەغەکراو بێ یاخود کاتێك تاکەکانی گروپی نزمتر هیچ هەلێکیان

---

دێ کە بیروباوەڕی جیایان لەبیروباوەڕی خەڵکانێکی تری ناو هەمان ئاین هەیە، لەکاتێکدا Caste بەمانای گروپێکی دانیشتوان دێ کەهەندێ خەسڵەتی تایبەتی هەیەو بەهۆی ئەو خەسڵەتانەوە لەگروپی تر جیا دەکرێتەوە وەك رەنگی پێست، ئاین، ئاستی ئابوری، زمان، کەلتورو هی تر(وەرگێڕ).

[1] Warner, w. Lloyend, “American Caste and Class”, AJS, Sept.1936, p.234.

لەبەردەستدا نەبێ بۆ گەیشتن بەگروپە بەرزەکەو کاتێك گروپی بەرزتر ئەو هەلەی لەبەردەستدا نەبێ بۆ شۆڕبونەوە تا گەیشتن بەئاستی گروپە نزمەکە، دەتوانرێ تایەفەکە بەشێوەیەکی وردتر دەستنیشان بکرێ.

بەڵام ئەم تێڕوانینە تارادەیەك لەلێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی پێکهاتەی ڕەچەڵەك‌و کەسایەتیی کۆمەڵگای ڕەش پێستەکانی شاری شیکاگۆ بەرەو باشی گۆڕانی بەسەردا هات چونکە خاوەنی تێڕوانینە تازەکە وای دانا کە((پێویستە هەلومەرجەکە وەها پێناسە بکرێت کەلایەنی کەم لەسیستمێکی نیمچە تایەفەیی دەچێ))[2].

وارنەر لەنوسینەکانیدا دەربارەی((ڕەش پێستەکانی پایتەخت)) ئەو گۆڕانکارییانە لەبەرچاو دەگرێ‌و دەڵێ: ((ئەم مەسەلەیە پشتیوانێکی بەهێزی هەیە ئەویش ئەو بۆچونەیە کەپێی وایە لەکاتێکدا جیاوازییەکی دیار لەنێوان قوڵاییی باشورو گردبونەوەی شارستانیی پایتەختدا هەیە، ژیانی ڕەش پێستەکان زۆر لەجاران باشتر بووەو ئەوەش لەبەرچاوە کەڕەش پێست بەبێ گوێدانە ئەوەی کەئایا شێوەی پەیوەندیی نێوان ڕەش پێستەکان‌و سپی پێستەکان وەکو خۆی دەمێنێتەوە یان نا، واتە بەبێ گوێدانە ئەوەی کەئایا ئەو پەیوەندییە درێژە دەکێشێ‌و ڕەش پێستەکە لەپلەیەکی نزمتردا دەهێڵێتەوە یان نا، ڕەش پێست هەر درێژە بەپێشکەوتنی خۆی دەدا. ڕەش پێست ناتوانێ دزە بکاتە ناو گروپێکی بەرزتر ئەگەرچی لەتوانایدایە لەنێو گروپە تایبەتەکەی خۆیدا بەرز ببێتەوەو لەوانەیە لەڕوی یاساییەوە ڕێی پێ بدرێ ژن لەدەرەوەی گروپی خۆی بهێنێ، ئەگەرچی ئەمەش بەدەگمەن ڕوو دەدا. زۆربەی جاریش ئەو

---

[2] Warner, W.Lloyd; Junker, B.H.and adams , W.A.,"Color and Human Nature", American Council.On . Education, 1941,p.21.

منداڵانەی لەو ژنهێنانە بەرهەم دێن ڕەش پێست دەردەچن، ئیتر ئەوانیش وەکو باوکی خۆیان بەدەم ئەو((کۆتو بەندانەوە))دەتلێنەوە کەڕەش پێستەکان پێوەی دەتلێنەوەو لەم ناوەدا سزاکانو مافەکانو ئەرکەکانو سەرچاوەی زانینو قازانجەکان بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە دابەش دەکرێن[3]. دواجاریش، سیستمێك بەکردەوە لەگۆڕێ دایە کەژیانی خەڵکی ڕێکدەخاو کۆنترۆلیشیان دەکاو نەوەکانی داهاتوو((فێری))شێوازەکانی خۆی دەکاو ئەو شێوازانە لەگەڵ دیدو چەمکەکانی خۆیدا دەگونجێنێ.

میردال Myrdal لەکتێبەکەیدا((تەنگوچەڵەمەی ئەمریکا))چەمکی تایەفەی بەکارهێناو بەلایەوە جیاوازیی نێوان تایەفەگەریو چینایەتی پەیوەندیی بەو((کۆتو بەندە سەختانەوە هەیە کەخراونەتە سەر بۆڕبۆڕینی ئازاد لەهەمو بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، تەنانەت ئەندامی گروپە نزمەکە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ بارودۆخی خۆی بگۆڕێت مەگەر بەشێوەیەکی نهێنیو دوور لەیاسا کەئەمەش تەنها بۆ ژمارەیەکی کەم هەڵدەکەوێو ئەوانە لەنێو ریزی تاکەکانی تایەفە بەرزەکەدا پێگەیەکی دیاریان هەیە))[4].

بەلای میردالەوە سیستمی تایەفەیی بریتیە لە((ریزبەندییەکی هەرەم ئاسای ئەو دابەشبونانەی کەبنەماکەیان ژنو ژنخوازیی نێوخۆیییەو ئەندامەتی تیایاندا ئەندامەتییەکی پشتاوپشتو هەمیشەیییە)). ئەم ریزبەندییە هەرەمییە، نایەکسانیش دەگرێتەوە هەم لەبارودۆخی کۆمەلایەتیداو هەم لەبەدەستهێنانی کاڵاو کەرەستەو خزمەتگوزارییەکاندا.

---

[3] Warner,W.Lloyld, ((A Methodogical Note)) iln Drake, st. Clair and Cayton, Horace, ((Black Metropolis))(Harcourt, Brace & World, 1945), pp.781-782.

[4] Myrdal, Gunnar,"An American Dilemma''(Harper and Row, 1944),pp.674-675.

بیرمان Berreman وای بۆ دەچێ کەئەو سیستمەی لەباشوری ئەمریکا لەئارادایە، بەرەو ئەوپەڕی توندڕەویی تایەفەیی دەڕواو بۆچونی وایە کەئەم دابەشبونە باوەی کە لەهیندستان وا لەتایەفە دەکا ببێ بەشتێکی پەسندکراوو وا لەپەیوەندییەکانی ناو ئەمریکا دەکا پڕ ململانێو کێشمەکێشو بۆڕبۆڕین بن، دابەشبونێکی خراپەو هۆی ئەو نەسازانو ناکۆکییەش بۆ ئەو بیرۆکە نمونەیی‌یە دەگەڕێتەوە کەسەبارەت بەتایەفە هیندییەکان هەیە بە بەراورد لەگەڵ دیدێکی واقیعبینانە دەربارەی پەیوەندییە رەگەزییەکانی ناو ئەمریکا. لەم بوارەدا بیرمان وای باس دەکا کە((لەهەردوو سیستم دا چەندەها رێسای توندوتۆڵ لەنێوان تایەفەکاندا هەیەو هەندێ لەپەیوەندییەکان بەگەندەڵو گلاو ناویان رۆییوەو هەندێکی تریش بەناگلاو. بەڵام لەهەردوو چەشندا پاساوە ئایدیۆلۆژییەکانی ئەو پرنسیپە وشكو برینگانە بەپێی لێکدانەوەکانی تایبەت بەخودی هەڵسوکەوتە واقیعییەکان، دەگۆڕێن. لەم بارەیەوە پەیوەندییەکانی تایبەت بە پەراوێزخراوەکان پەیوەندیی هێمایین زیاتر لەوەی کەپەیوەندیی زیانبەخش بن بەمانای وشەکە، وەك لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەم چەشنە رێسایانەدا دەردەکەوێ. بەڵام هەردوو سیستم لەیەك تایبەتمەندیی سەرەکیدا یەکدەگرنەوە ئەویش لەو راستییەدا خۆی نواندووە کەئەرکی بڕیارو دەسەڵات لەهەردوو سیستم دا بریتیە لەپاراستنی رژێمی تایەفەیی ئەگەر هاتوو نایەکسانییەکی بنچینەیی لەئارادا بوو. ئەگەرچی لەئەمریکادا رەنگی پێست نیشانەیەکی دیاری تایەفە پێکدێنێ، بەڵام لەهیندستاندا هەندێ تایبەتمەندیی ئاینیی ئاڵۆز هەیە کە لەئەمریکا نابینرێنو لەهەردوو نمونەدا بوارەکانی ناوچەکانی نیشتەجێبوون و کارکردنو شوێنەکانی پەرستنو هەڵسوکەوتی شارستانییانە...هتد،

بەنیشانەی گرنگ دادەندرێن‌و هەر هەمویان پەیوەندییان بەبارودۆخی تایەفەوە هەیە. لێرە راستییەکی بەرایی هەیە ئەویش ئەوەیە کەبارودۆخی تایەفە بارودۆخێکی جێگیرو سەقامگیرە چونکە لەدایکبوون ئەندامەتی‌ی ناو تایەفەکان بەشێوەی پشتاوپشتێکی جێگیرو سەقامگیرو نەگۆڕ دیاری دەکا. هەر لەبەر ئەوەشە کە تاکەکانی تایەفە نزمەکان لەخواری خوارەوە دەبن‌و لەمەڵبەندێکدا خۆیان رێك دەخەن کە بەشێوەیەکی پشتاوپشت هیچ بەهرەو تایبەتمەندییەکی نیەو هەڵسوکەوتی راستەقینەشیان بەهیچ شێوەیەك لەبەرچاو ناگیرێت[5].

لەلایەکی ترەوە بیرمان پێی وایە جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان سیستەمەکانی هیندستان‌و سیستەمەکانی ئەمریکادا هەیە چونکە پێدەچێ هەمو تایەفەکانی هیندستان پێیان وابێ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تایەفەیی کارێکی مەحاڵەو خۆیشیان داوای هەڵوەشاندنەوەی ناکەن‌و لەو بڕوایە دان کەتاکە گۆڕانی گونجاوو کردارەکی‌ی هەر گروپێك بەوە دێتە دی کەپلەی لەنێو سیستەمەکەدا بگۆڕدرێت چونکە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکە دەشێ ببێتە هۆی دورخستنەوەی هەندێ خەسڵەت لەئەندامەتی‌ی تایەفەیەکی دیاریکراوو وا لەئەندامەکانی ئەو تایەفەیە بکات پەیوەندی بەتاکەکانی تایەفەیەکی نزمترەوە بکەن، لەکاتێکدا هەڵوەشاندنەوەی سیستمی تایەفەیی تاکە چارەسەری کارایە بۆ گرفتی ئێستا[6].

جا بۆ ئەوەی بتوانرێ زۆرتر دەربارەی لێکچون‌و جیاوازیی نێوان سیستمی تایەفەیی‌و پەیوەندییە رەگەزییەکانی ئەمریکا بزانرێ، باشترە وشەی((تایەفە))بۆ ئەمریکا بەکار نەهێنرێ چونکە جیاوازییەکی زۆر

---

[5] Berreman, Gerald D.,((Caste in India and the United States)), AJS, Sept., 1960, p.122.

[6] Berreman, Ibid., p.125.

لەنێوان هەردوو سیستم دا هەیە. ئەگەرچی هەندێ لەکەنیسەکان پشتیوانی لەلێك جیاکردنەوەی نژادەکان دەکەن بەڵام هیچ بیروباوەڕێکی ئاینی نیە بۆ پاساو هێنانەوە بۆ سیستمی جێگیرو سەقامگیری جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و هیچ بیروباوەڕێکی ئاینی ئەو جیاوازییانە ناکاتە جیاوازیی پەسندکراو لەسەر هەمو ئاستەکان. هەروەها ئەگەرچی لەنێوان بیروباوەڕە نمونەییەکاندا کەبریتین لەبیروباوەڕی بنەڕەتیی ئاکار لەئەمریکاو خۆیان لەچەند باوەڕێکدا دەنوێنن- وەك ڕێزگرتن لەمرۆڤ، پیرۆز ڕاگرتنی کەسایەتیی تاك، یەکسانیی هەل بۆ هەموان، پاراستنی یاسایی یەکسانو مافی دەنگدان بۆ هەموان-و لەنێوان واقیع دا، وەك میردال لەکتێبە ناوبراوەکەیدا وتویەتی، نەسازانو ناتەبایی هەیە بەڵام جموجۆڵی کۆمەڵایەتیو ئابوری لەنێوان ڕەش پێستەکاندا تاڕادەیەکی زۆر شتێکی گونجاوو شیاوە. وەك بینیتو توومین دەڵێن، زۆربەی جار لەناوچە پیشەسازییەکاندا لەنێوان کرێکارانی ڕەش پێستو کرێکارانی سپی پیستی هەمان پیشە بۆڕبۆڕین هەیەو لەکاتێکدا بەپێی یاسا ژنو ژنخوازی لەنێوان ڕەش پێستەکانو سپی پێستەکاندا لەبیستو سێ ویلایەتدا قەدەغەیە، هەر ئەم مەسەلەیە لەویلایەتەکانی تردا شتێکی ڕێ پێدراوو یاساییە. هەروەها ناوچەکانی باشوری لێ دەرچێو بەتایبەتی کۆمەڵگا شارستانێتییەکانی ئەوێ، لەشوێنەکانی تردا نانخواردنی ڕەش پێستو سپی پێست لەشوێنی هاوبەشو ئەنجامدانی چالاکیی((کۆمەڵایەتی))ی تر شتێکی ئاساییە.

چارلس جۆنسۆن کەناڕازییە لەبەکارهێنانی وشەی((تایەفە))بۆ باشور بەڵگەی بەهێزی پێیە[7] چونکە باشورییەکان بۆ پاراستنی بارودۆخەکە باوەڕیان بەسزا کلاسیکییەکان هەیە، لەکاتێکدا کۆتو بەندی یاسایی

[7] Johnson, Charles S.,"Growing UP in the Black Belt", ACE, 1941,PP.355-357.

لەسیستمی تایەفەییدا شتێکی پێویست نیەو ئەوەی گرنگە ئەو بڕە زۆرەی چوستیو چالاکییە کەدەبێتە مایەی پاراستنی ئەو سیستمە. دیاردەی نائارامی لەسیستمە رەگەزییەکانی باشور لەو ململانێ سەرتاپاگیرەدا دەردەکەوێ کەسپی پێستە دەستڕۆیشتوەکان هان دەدا بچن بەگژ خەباتو تێکۆشانی رەش پێستەکان دا لەپێناوی گۆڕینی بارودۆخی خۆیاندا.

بەهەر حاڵ، لەکاتی گفتوگۆکردن سەبارەت بەبونو نەبونی تایەفە لەئەمریکا، شتێکی گرنگە بزانرێ کەتایەفەو چین شتی واقیعیو هەستپێکراو نین تەنها بیرۆکەو چەمکنو پەیوەندیی نێوان گروپە ئاست باڵاکان لەویلایەتو هەرێمە جیاجیاکاندا لەهەڵبەزو دابەز دایەو کەوتۆتە نێوان ئاستی بەرزی نەرمو نیانو ئاستی دۆگمای سەختو دژوار. ئەگەرچی سیستمی چینایەتیی ئەمریکا برێك دۆگمای تێدایەو روخساری ژنو ژنخوازیی ناوخۆییی ناو تاکەکانی چینی تێدا بەدی دەکرێو تاکەکانی کۆمەڵیش تا ئەندازەیەك بەو سیستمە رازین، بەڵام لەهەمان کاتدا تێبینیی ئەوەش دەکرێ کەئەم سیستمە هیچ بنەمایەکی ئاینیی تێدا نیە کەبیانوو بۆ ئەم چەشنە سیستمە چینایەتییە وشكو برینگ و دۆگماتیستە بێنێتەوە. واتە سنوری جیاکەرەوەی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان زۆربەی جار سنورێکی تەمومژو ناتەبایە. زۆربەی رەش پێستەکانو ژمارەیەکی زۆری سپی پێستەکانیش بیرۆکەی((سیستمی لەئارادابوو))رەت دەکەنەوەو لەهەمان کاتیشدا زۆرێك لەرێکخراوو دەستەکان دژی ئەو سیستمەن.

دەردی بینیتو توومین گوتەنی((ئەمڕۆ رژێمی ئەمریکایی- سەرەڕای ئەوەی کەسیستمی چینایەتی زاڵە بەسەریداو سەرەڕای کۆنیی ئەو سیستمە- هەندێ لەڕواڵەتو روخسارەکانی سیستمی تایەفەی تێدا بەدی دەکرێ))[8].

---

[8]Bennet and Tumin, Op.Cit., p.274.

## سیستمی چینی کۆمەڵایەتی

لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازیی مۆدێرن و ئاسانبونی هاتوچۆو گەیاندن دا، هەندێ لەشێوەکانی جیاوازیی کۆمەڵایەتی- کەجاران لەچاو جیاوازییە رەگەزییەکان نارۆشن و نادیارو ساوا بون- بەشێوەیەکی رۆشنتر دەکەونە بەر چاوان و بەرە بەرە روخساری تایبەت بۆ خۆیان دیاری دەکەن. ئەو روخسارە تایبەتەش خۆی لەو چینە کۆمەڵایەتییانەدا دەنوێنێ کە بەهۆی پیشەو داهات و دەرامەت و دەسەڵاتەوە پەیدا دەبن. ئیتر بەم توێژە جیاوازە دەوترێ((چین))چونکە لەچەندەها ئاستی کۆمەڵایەتیی جیاواز لەسەرەوە بۆ خوارەوە پێکدێ.

ئەگەرچی سیستمی چینی کۆمەڵایەتی تا ماوەیەکی دورو درێژ لەئەوروپا زۆر لێی کۆڵرایەوە بەڵام زانا ئەمریکاییەکانی کۆمەڵناسی تا ئەم دواییە پشت گوێیان خستبوو. لەوڵاتێکدا کەقەڵەمڕەوێکی پان و پۆڕی زەوی و داهاتی سروشتیی زەمینی هەبێ و لەهەمان کاتیشدا نەریتی رێگری تێدا نەبێ و گیانی تاکڕەوی نەتەوەییشی تێدا زاڵ بێ، لەوانەیە ئەم پشت گوێ خستنە شتێکی زۆر ئاسایی بێ. لەئەمریکادا چینە کۆمەڵایەتییەکان تەنها لەپەنجا ساڵی رابردوودا بایەخیان پێ دراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ ئەوە بگوترێ کە کەموکوڕی هەیە لەگەیشتن بەپێوەرێکی مسۆگەرتر بۆ دیاری کردن و ناساندنی چینی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك کەدیاری کردنەکەو ناساندنەکە ئەوەندە بەپێزو لەبار بێ کە بەکەڵکی هەمو مەبەست و بوارەکانی شیکردنەوە بێ.

گروپی وارنەر لەم بوارەدا سێ چەمکی سەبارەت بەچینی کۆمەڵایەتی داڕشتوەو وای داناوە چین بەو مانایە دێت کە((دوو کۆمەڵە خەڵك یان زیاتر هەیە کەباوەڕیان بەچین هەیەو بەم پێیە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی

خۆیان وەك بالادەست یان پاشکۆ رێك دەخەن))[٩]. چینی کۆمەلایەتی کۆمەڵە خەڵکانێکی زۆرە کە تاکەکانی لەڕوی کۆمەلایەتییەوە لەیەکترییەوە نزیکن. هەمو چینێکیش لەچەندەها خێزانو بنەماڵەو داب‌و نەریت پێکدێو تەلاری پێکهاتەکەشی لەپەیوەندییەکانی نێوان ئەو خێزانو داب‌و نەریتانەدا پێکدێو لەجۆرەها چالاکیی نافەرمیدا دەردەکەوێ وەك سەردانی یەکتریو سازکردنی ئاهەنگ‌و پێشوازی لەیەکتری کردنو چالاکیی تری نافەرمیی لەمانە فراوانتر[١٠].

دیارە میردال رەخنەی لەو پێناسەیە گرتوە چونکە پێناسەکە زیاد لەپێویست جەخت لەسەر رۆڵی پەیوەندییە سەرتاپا کۆمەلایەتییەکان دەکاتەوەو ئەو پەیوەندییانەش ئەگەر بەپێوانەی تر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ کرچ‌و کاڵ دەردەچن. کرۆکی ئەم بۆچونە ئەوەیە کە((چینەکان))و جیاوازییە چینایەتییەکان لەئەمریکا زادەی ئەو کۆت‌و بەندەن کە لەسەر بۆڕبۆڕینی ئازاد هەیەو دوا جاریش زادەی ئەو کەموکوڕییەن کەتەواوکاریی کۆمەلایەتیی گشتلایی* بەخۆیەوەی دەبینێ[١١]. میردال وای دەبینێ کەچینە بالاکان هەندێ تایبەتمەندیی دیاریکراویان هەیە چونکە چینەکانی خوارەوە بەچەردەیەك پاوانکاریی کۆمەلایەتیی رەهاو رێژەیی، چوارچێوەی چالاکییەکانی خۆیان بەرتەسك دەکەنەوە. میردال لەم بارەیەوە دەڵێ: ((زیاد بایەخدان بەپێشینەی خێزانو فەرامۆش کردنی

---

[9] Warner, W.Lloyd and Lunt, paul S., “The Social Life of A Modren Community”(Yale, 1941),.p.82.

[10] Davis, Allison W. and Dollard. John,((Children of Bondage))(ACE, 1940),P.13.

*تەواوکاری کۆمەلایەتی گشتلایی: التکامل الاجتماعی التام.

[١١]Myrdal. Op.cit.pp.673-674.

تایبەتمەندییەکانی تر، چەشنێکە لەچەشنەکانی پاوانکاریو هۆیەکی سەرەکیشە بۆ دیاری کردنی رادەی لێك نزیکی یان وشكو برینگەی سیستمی چینایەتی، جگە لەوەی کەخاوەنێتی‌ی سامانو دەرامەتی نەتەوەیی- ئەگەر سیستمی فێرکاری بەتەواوەتی دیموکرات نەبوو و ئەگەر پۆستەکانی سیستمی هەرمیی ئەرکەکان بەپێی لێوەشاوەیی دیاری نەدەکران- هەر هەموی هۆیەکی ترن بۆ پەیدابونی پاوانکاری. ئیدی لەبەر رۆشنایی‌ی نایەکسانیی هەل بۆ بەدەستهێنانی پۆستێکی دیاریکراوو لەو روانگەیەوە کەشوێنەکانی کارکردن موچەیەکی وا نادەن کە لەگەڵ کارو خزمەتەکەدا گونجاو بێ، تارادەیەك دەکرێ چینی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بنچینەیە دەستنیشان بکرێ کە داهاتەکە یاخود پۆستەکە یەکێکە لەبەڵگە سەرەکییەکانی بونی پاوانکاریی کۆمەڵایەتی[١٢].

بەم پێیە، لەکاتێکدا میردال داهاتو پۆست دەکاتە دوو پێوەری سەرەکیی چینی کۆمەڵایەتی، گروپی وارنەر لەسەر بنچینەی((بەشداریی گشتیی تاکەکانی ناو گروپە نا ئابورییەکان))یاخود ناو گروپە ئابورییەکە((وەك گروپێکی گەورەی نافەرمی کە کەتاکەکانی بەشێوەیەکی لێکچوو لەبەر رۆشنایی‌ی چەند فاکتەرێکی ئابوریی دیاریکراوی وەك سامانو پیشە)) سەیری چینی کۆمەڵایەتی دەکا[١٣].

کۆکس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە((بەمانای بابەتی، شتێك نیە پێی بوترێ چینی کۆمەڵایەتی))بەرادەیەك کەبتوانرێ بەشێوەیەکی ماددی دیاری بکرێ. سەرەنجام لەسیستمە چینایەتییەکانی تایبەت بەشارستانێتی‌ی رۆژئاوا، هیچ ریزبەندییەکی پلە بەپلەی دیاریکراو نیە.

---

[12] Myrdal,Ibid.,p674.

[13] Davis, Allison W. and Gardner, M.R.,"Deep South" (University of Chicago Press 1941),p.237.

کۆکس ئەگەرچی پێی وایە چینە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ڕێك نەخراون و ئەم سیستمەش بریتی‌یە لەدۆخێکی بەردەوام لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە یاخود لەم ڕووەوە بەپلەیەك لە دۆخەکە باڵاترە یان نزمترە، بەڵام لەهەمان کاتدا باوەڕی بەسیستمی تایەفەکان وەك یەکێك لەبناخەکانی چینی کۆمەڵایەتی هەیە. کۆکس وەهای بۆ دەچی کەپێناسەکەی گروپی وارنەر کەدەڵێ چین((گروپێکی گەورەی خەڵکییە کەتاکەکانی بەهاوسۆزییەوە لەیەکتری نزیکن)) پێناسەیەکی ناڕۆشن‌و تەمومژاوییەو لەم ڕووەوە چاکترە بۆ مەبەستی شیکردنەوە لەوە بکۆڵدرێتەوە کەوشەی وەك چینی باڵا یان مامناوەنج یان نزم چ مانایەك دەدا.

زۆرینەی ئەو توێژینەوانەی سەبارەت بەچینە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام دراون، هەندێ دابەشبونی لاوەکی بۆ چەند مۆدێلێکی هەر سێ چین دەخەنە ڕوو. بەڵام بەچاوپۆشین لەژمارەی ئەو چینە کۆمەڵایەتییانەی کەبۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکار دێ، سەرنجی ئەوە دەدرێ کەئەو چینانە هەمیشە تێکهەڵکێش‌و تێکەڵاون. لەم بوارەدا چینە کۆمەڵایەتییەکان لەبەر ئەوەی کەسانێك هەن کەتایبەتمەندیی هاوبەشی نێوان دوو چینیان تێدا بەدی دەکرێ، تێکهەڵکێشی یەکتری دەبن. ئەو کەسانەش کەکەسانێکی بەدەستوبردو گورج‌و گۆڵن کەسانێکن سەر بەدوو جیهانی کۆمەڵایەتی‌ی جیاوازن‌و زۆرینەی جاریش بەرهەم هێنانی هاوسەرییەکی دوو چینی وای لەباوکیان کردوە مۆدیلی دژ بەیەکی چینایەتییان پێ ئاشنا بکەن. خەڵکانی ئاوا لەکۆمەڵگا ڕەش پێست‌و سپی پێستەکەی ئەمریکادا، بەڕێژە ژمارەیان زۆرە. خەڵکانی ئاوا جموجۆڵی کۆمەڵایەتییان زۆرەو((لەیەك کاتدا هەم تەماشای سەرەوە دەکەن هەم تەماشای خوارەوە دەکەن‌و هەم تەماشای سیستمی چینایەتی دەکەن))[14].

[14] Davis and Dollard, op.cit.,p.14.

بنیت‌و توومین سەرنجیان داوە کە((تێکەڵاوکردنی بونی شیکارانەو نەخشە بۆ دارێژراو* بەسیستمی راستەقینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە هەڕەشەی لێ دەکەوێتەوەو((باری ئاسۆیی))ی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان- ئەگەرچی زۆر سودبەخشە- بەڵام لەکۆتاییدا لەبیرۆکەیەکی وەهمی بەولاوە هیچی تر نیە))[١٥].

بۆیە ئێمە وای دەبینین کەچینە کۆمەڵایەتییەکان قەوارەی سەربەخۆ پێك ناهێنن بەڵکو بۆ شیکردنەوەی سایکۆلۆژییانە بەپێکهاتە یاخود بەئامرازی سودبەخش دەژمێردرێن. بۆیە لەڕوی شیکردنەوە شتێکی سودبەخشە کە((چین)) بەمانا تەواو ئابوورییەکە لە((چینی کۆمەڵایەتی)) بەمانای سام‌و شەوکەت‌و رێز(prestige)و لە(حزب) بەمانای بەدەست هێنانی هێزی کۆمەڵایەتی، جیا بکرێتەوە. لەبواری لێکۆڵینەوەدا چینی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ گروپێکی خاوەن سام‌و شەوکەت‌و رێز دەکا، واتە چینەکە کۆمەڵە خەڵکێکە بەپێی ریزبەندییەکی هەرەمییانە هەڵوێستێکی دیاریکراوی بەرامبەر بەژیان هەیە[١٦].

---

*بونی شیکارانەو نەخشە بۆ دارێژراو: الوجود التحليلي والتخطيطي.

[15] Bennett and Tumin, Op: cit., p.491.

[١٦] ماکس ویبەر ئاوەها پێناسەی چین دەکا: ((چین کۆمەڵە خەڵکێکە تاکەکانی هەمان باری ئابوورییان هەیە)). سەبارەت بەکۆمەڵە خەڵکانی خاوەن رێزو سام‌و هەیبەتیش- واتە چینی کۆمەڵایەتی- وای دادەنێ کەپێگەی کۆمەڵایەتی((رواڵەتێکە بون‌و نەبونی سەروەری‌و گەورەیی کۆمەڵایەتی ساغ دەکاتەوەو یەکێکیشە لەمەرجە بنەڕەتییەکان‌و لەرێگەی شێوازی تایبەتی ژیانەوە گوزارشتی لێ دەکرێ)).

بەلای ویبەرەوە حزبەکان سەرگەرمی بەدەست هێنانی هێزی کۆمەڵایەتین واتە سەرگەرمی ئەوەن کەبتوانن کاریگەری بخەنە سەر هەڵسوکەوتی جەماوەر. لێرەدا گۆردن باس لەوە دەکا کەپەیوەندیی نێوان جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی گروپە ئیتنیکییەکەو نێوان ریزبەندیی پلە بەپلەی چینە کۆمەڵایەتییەکان شتێکی دژوارە چ لەکاتی دەستنیشانکردنی چەمکەکەداو چ لەکاتی توێژینەوەی زانستیداو لەم بارەیەوە دەڵێ: ((لەڕوی چەمکەوە

تاکەکانی گروپە بەسامو شەوکەتەکان چ لەنێو گروپەکانی زۆرینەو چ لەنێو کەمینەکاندا هەست بەپێگەی کۆمەلاَیەتیی خۆیان دەکەن. چینی کۆمەلاَیەتیش پەیوەندیی ((بەئامانجی ژیانەوە)) هەیە (واتە: بوارە ئاوەلاَکانی بەردەم ئەو کەسەی کە تاکەکە ژیانی هاوسەریی لەگەلَدا دادەمەزرێنێ، دۆخی ئەو ئاسایشەی کەهەولَی بۆ دەدا، هەلەکانی چاککردنی سەنگی گشتیی کەسەکەو هتد).

جا ئێستا، ئایا نیشانەی چینی کۆمەلاَیەتی چیەو گروپی ئیتنیکی بە چ شێوەیەك کار دەکاتە سەر ژیانی تاکەکانی کەمینە لەکۆمەلَگای ئەمریکادا؟

دیاریکردنی رەگەز بەپێی چینی کۆمەلاَیەتی دەگۆڕێ. ریسمان وای داناوە کەئەندامی رەش پێستی چینی خوارەوە هەر لەسەرەتاوە ئامادەیی زۆرترە بۆ دیاری کردنی ناسنامەی کەسایەتیی خۆی لەسەر بنچینەی رەگەز بەرادەیەك کەئەمە وا دەکا دیاری کردن لەسەر بنچینەی چینایەتی ببێتە مەسەلەیەکی لاوەکی. بەلاَم سەرنج دراوە کەکردارەکانی دیاری کردنی کەسایەتی لەسەر بنچینەی رەچەلَەك یان چین کرداری وشكو برینگ نین چونکە فاکتەرەکانی رێزلێنانی تاك لەکەسایەتییەکان بەپێی

---

پێویستە هەردوو سیستم لێك جوێ بکەینەوە چونکە ئەگەر ئەمە نەکەین سروشتی پەیوەندییە دوقوَلێیەکان نازانین. بەکردەوەش، گرفتەکە چۆتە خانەی لێکۆلێنەوەی زانستییەوە، ئەویش بەشیکردنەوەی سیستمی چینایەتیی گروپە رەش پێستەکان بەجیا بەلاَم ئەم شیکردنەوەیە ئەوانەش دەگرێتەوە کە سەر بەگروپێکی نژادی یان رەگەزیی تری ناو سیستمی چینایەتیی ئەمریکان. بەلاَم لەراستیدا سروشتی پەیوەندیی رەش پێستەکان بەسیستمی چینایەتیی ئەمریکاوە- نەك لەرِوی چەشنەوە بەلَکو لەروی ئەندازەوە- جیایە لەپەیوەندیی گروپە ئیتنیکییەکانی تری ناو ئەم سیستمە.

ئەو هەلومەرجەی کەتاکەکە خۆی تێدا دەبینێتەوە دەگۆڕێن[17] هەروەها دەتوانرێ ئەوە بوترێ کەئەو ڕەش پێستەی لەشار نیشتەجێیەو کارێکی نزم یان پاشکەوتوو دەکا، وەك ئەو ڕەش پێستەی کە لەلادێ نیشتەجێیە، خۆی بەشتێکی جیا لەکۆمەڵ دادەنێ[18].

توێژینەوە تازەکانی تایبەت بە بەها جوڵێنەرەکان Motivated Values لەگۆشەی نیگای پەیوەندییان بەچینی کۆمەڵایەتییەوە دەچنە سەر تاوتوێ کردنی پەیوەندییە ئیتنیکییە ڕەگەزییەکان. لەم بوارەدا هەیمان Hyman وای بۆ دەچێ کە ڕاستییەکان ڕونی دەکەنەوە کە((لەنێو چینە نزمەکاندا خەبات‌و تێکۆشان بۆ وەدەست هێنانی سەرکەوتن کەم بۆتەوەو هەوڵدان بۆ قۆستنەوەی هەلەکان‌و سودوەرگرتن لەخوێندنی باڵا باوی نەماوەو هیچ کۆششێك بۆ گەیشتن بەپێگەیەکی نێودەوڵەتی نیە))[19].

---

[17] Reissman, Leonard,((Class in American Society)),(The Free Press, 1951),p.284.

ریسمان دەڵێ هەر جێیەك دوژمنایەتیی ڕەگەزایەتیی سەختی تێدا بێ، دەبێ ناسنامەی تاکەکانی تێدا دیاری بکرێ‌و ئەم دیاری کردنە پشت ئەستورە بەڕەگەز زیاتر لەوەی کەپشت ئەستور بێ بەهەر پێوەرێکی تر. بۆ نمونە، سەبارەت بەمەسەلەی تێکهەڵکێش بون لەخوێندنگەکانی ناوچەکانی باشوری ئەمریکادا، لەدیاری کردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتیدا ڕەچەڵەك کەوتۆتە پێش چین.

[18] Killian, Lewis M.and Grigg, Charles M., “Urbanism, Race and Anomia”, AJS,May 1962,pp.663-665.

[19] Hyman, Herbert H.,((The Value Systems of Different Classes: A Social Psychological Contribution to the Analysis of Statifcation))In Bendix and Lipest(eds). op.cit.,p.438.

لەم ڕووەوە دۆتیش(Deutsch) ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە((ڕەوتی زاڵ بەسەردا خوێندنگەکانماندا زۆربەی جار بەلای بەهاکان‌و شێوەی گوزەرانی چینی ناوەڕاستدا دادەشکێنێ کە زۆر جار ئەو بەهاو شێوە گوزەرانەش بەلای منداڵانی چینە نزمەکانەوە هیچ واتایەکی ماددیی هەستپێکراویان تێدا بەدی ناکرێ. بنواڕە:

لەم رووەوە منالآنی چینی ناوەڕاست هان دەدرێن بۆ تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی هەلومەرجی فێرکاریی بالآو گەیشتن بەپۆستی بەرز بۆ ئەوەی گیانی خۆسەلماندنو خۆنواندنیان تێدا دروستی ببێو لەڕوی شارستانییەوە توانای خۆڕاگرتنو نۆژەن کردنەوەیان هەبێ تاکو بۆیان بلوێ ئامانجەکانی خۆیان وەدی بێنن[20].

بەهەمان پێودانگ کۆرنهاوزەر وای بۆ دەچێ کەخەبات لەپێناوی وەدەست هێنانی ڕێزو سامو شەوکەوت لەنێو تاکەکانی چینی ناوەڕاستدا، هاوتای ترسو نیگەرانییە لەنەمانی پێگەی بەدەستهێنراوو شکست لەبەدی هێنانی ئەو دەستکەوتانەی کەتوانای گەشەکردنو بەرزبونەوە بەرهەمیان دێنێ[21].

دوو نوسەر لەلێکۆڵینەوەیەکدا بەو ئاکامە گەیشتن کەرەش پێستەکانو سپی پێستەکان بەگوێرەی((هەندێ ئامانجی تاکەکەسیو بەهاکانیان)) شیاوی لێك جیابوونەوەن. بەپێچەوانەی توێژینەوەکانی پێشترەوە،

---

Deutech. M,.Minority Group and Class Staus as Related to Secial and personality Factors in Schlastic Achievement, Society for Applied Anthropology,Monography No.2,.1960.,p.28.

هەروەها کلارك وای بۆ دەچێ کەمندالّی چینی کرێکار((رقی لەخوێندنگە دەبێتەوە)).
بنوارە:

Clark.Kenneth B.”Clash of Culutres in the class room integrate Education(IE)Aug.1963,p8.

[20] Davis,Allison. Socialization and Adolescent personality, In: New Comb Theodore and Hartley, Eugene L.(eds), Readings in Social psychology(Hoit, Rinehart and Winston. 1947).p.105.

[21] Kornhauser, Ruth R..The Warner Approach to Social Stratification.In Bendix. Reinhard Lipset. Seymour M.,Social Mobility in Industrial Society,,(Univrsity of California Press,(1929),p.242.

توێژینەوەی ئەم دوو نوسەرە رونی دەکەنەوە کەلاوی رەش پێست بەدوای ئامانجی خەیاڵیدا ناگەڕێو زیاتر هەوڵی ئەوە دەدا کەکۆسپو تەگەرەکانی بەردەم رێگای خۆی نەهێڵێت. دوو نوسەرەکە بەو ئاکامە دەگەن کەئەمڕۆ لاوانی رەش پێست-بەتایبەتی لاوانی شارەکان کەشارەزایی زانستی بەرزیان هەیە- زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەسود لەشارەزاییو تواناو بەهرەی خۆیان وەرگرن، ئەو شارەزاییو تواناو بەهرەیەی کەمامۆستاکانیان دەستێکی بالآیان لەپەیداکردنیدا هەبوو و لاوە رەش پێستەکانیش زیاتر لەباوباپیرانیان لەسالآنی پێش جەنگی دووەمی جیهان هەست بەبایەخەکەی دەکەنو زیاتریش بەتەمای بەدەست هێنانین.

لێکۆڵیارە رەش پێستەکان بایەخ بەدانانی سنورێك بۆ جیاوازی دەدەنو بەگەشبینییەوە تەماشای ئایندە دەکەن[٢٢]. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەلایەك پشت ئەستورە بەو نمونەیەی بەمەبەستی تاقیکردنەوە وەرگیراوەو بەو هەرێمەی لێکۆڵینەوەیەکی تێدا ئەنجام دراوەو لەلایەکی ترەوە پشت ئەستورە بەخەباتی تازەی رەش پێستەکان بەتایبەتی لەنێو لاواندا لەهەمو بەشەکانی ئەمریکادا.

## بایەخی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەتاووتوێ کردنی گروپە ئیتنیکییەکاندا

شتێکی سودبەخشە کە لەبەر رۆشنایی چینە کۆمەڵایەتییەکان کە بەهۆی جیاوازییە رەگەزیو کەلتوریو ئیقلیمییەکانەوە لەچەندین لاوە لێك جیاوازن، جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکا تاووتوێ بکرێن، ئەویش

[22] Lott,A.J.and Lott B.E. Negro and White Youth A psychologi-Cal Study in A Broder-State Communite''.(Holt. Reinhart and Winston, 1963)pp149-163.

لەبری پراکتیزەکردنی ئەو چەمکە تایەفەیی‌یەی کە لەمەوبەر ئاماژەمان پێدا. بەلاّم وەك وارنەر دەیبینێ، بڕی هەڵهێنجراوی ئاکامەکان بڕێکی کەمەو دەبێ ئەوەش تێبینی بکرێ کەهەلومەرجی سیستمەکە کار دەکاتە سەر شێوەی ژیانی خەڵکی بەئەندازەیەکی زۆرو لەهەمان کاتیشدا ئەو شێوە ژیانە رێك دەخا.

گرنگیی چینە کۆمەلاّیەتییەکان لەتاووتوێ کردنی گروپە نژادیەو ئیتنیکییەکاندا لەم چەند خاڵەدا دەردەکەوێ:

یەکەم: باری چینایەتی کار دەکاتە سەر پەرەسەندنی کەسایەتیی تاکەکانی کەمینە رەگەزیو ئیتنیکییەکان. توێژینەوە چەشناوچەشنەکان رونیان کردۆتەوە کە بارودۆخی چینی کۆمەلاّیەتیی پشت ئەستور بەرەگەز یان نژاد، چ لەناو کۆمەڵگا گەورەکەداو چ لەناو ئەو((جیهانە کۆمەلاّیەتییەی))کە لەڕوی رەگەزی‌یەوە یاخود لەڕوی کەلتورییەوە، کەم تا زۆر، جیاوازە، کاریگەریی رونو رۆشنو دیاری هەیە لەسەر پێکهاتنو گەلاّلەکردنی کەسایەتی.

دووەم: شیکردنەوەی چینایەتی رۆڵی هەیە لەتێگەیشتنی گروپە رەگەزیو کەلتورییەکانو رەفتارە چەشناوچەشنەکانیان. هەروەها بایەخدان بەدابەشبوونی رەش پێستەکان و تۆرەمەکان بەسەر هەمو پارچەکانی تەونی کۆمەلاّیەتیداو هەروەها بایەخدان بەجیاوازیی نێو گروپی کەمینە دەبێتە هۆی رۆشنایی خستنە سەر ئەو دامودەزگا کۆمەلاّیەتییانەی کە بەشێوەیەکی نیوەوناچلێ سەر بەو گروپانەیە، لایەنی کەم بەنیسبەت ئەو کۆمەڵگایەی کە لەڕوی رەگەزییەوە دابڕاوو گۆشەگیرە. هەروەها ئەم مەسەلەیە بەجۆرەها رەفتاری جیاواز ئاشنامان دەکا وەك دەستدرێژی، ترس، گۆشەگیری، قەرەبوو و جۆری تری رەفتاری تاك لەکۆمەڵدا.

لەڕاستیشدا ئەگەر سەرودەر لەپەیوەندیی ژیانی گروپەکان‌و پێگەیان لەناو پێکهاتەی چینایەتی دەرنەکەین، ناتوانین ژیانی گروپەکان تێ بگەین.

سێیەم: شیکردنەوەی چینایەتی بۆ زانین‌و پێشبینی کردنی هەڵسوکەوتی دیاریکراوی پەیوەندییە رەگەزییەکان بەرامبەر بەروداوێکی دیاریکراو بەکەڵك دێ. لەدوتوێی هەر هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێك فاکتەرو هۆکار هەن‌و ئەگەرچی ئەم نمونەیە نمونەیەکی دانسقەیە، ئەویش کاتێك وەردەچەرخێ‌و بەتەواوی رەفتارێکی راستەقینەی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام بەبێ شك کار دەکاتە سەر رەفتار[23]. مرۆڤ لەهەرەتی منداڵیدا لەرێی کەلتوری گشتی‌و پسپۆرییەوە، فێری ئاشنایەتی دەبێ لەگەڵ دیدی خەڵکی بۆ ئایندەی پێشبینیکراوی هەندێ کەس کەدواتر بەپێگەی کۆمەڵایەتی دەگەن. دیارە ئەو هەمو جیاوازییەش سەبارەت بەشێوەی گەیشتن بەپۆستێکی دیاریکراو، زۆر بەدەگمەن بەو رادەیە دەگات کەنەتوانرێ کاردانەوەی خەڵکی بەوردی پێشبینی بکرێ. ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرگەرمی تاووتوێ کردنی رەفتاری تایبەتی تاکەکانی گروپە رەگەزی‌و کەلتورییە جیاوازەکانەو هەروەها بایەخ بەئەگەری گۆڕانی هەڵسوکەوتیش لەم جۆرە مەسەلانە دەدا.

چوارەم: شیکردنەوەی چینایەتی رونی دەکاتەوە کەتایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی باری کۆمەڵایەتی دەگۆڕێن. بەگومانیشەوە سەیری ئەوە دەکرێ کەئەندامێتیی گروپێکی رەگەزی یان نژادی یان ئاینی ببێتە پێوانەی بنەڕەتی‌و وردی ئەو بارودۆخەی کەپشت ئەستورە بەسیستمی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان چونکە هیچ هۆیەك نیە ببێتە مایەی ئەوەی

[23] Linton, Ralph, The Study of Man''(Appelton Century, Crofts, 1936),p.253. And Merton, Robert K.,Social Theroy and Social Structure''. rev. ed.(The Free Press, 1957).pp. 195-197.

کەبگوترێ گوایە هەندێ لەتاکەکانی گروپێکی رەگەزی یان ئیتنیکی یان ئاینیی دیاریکراوی ناو کۆمەڵ ناتوانن هیچ رۆڵێکی کۆمەلآیەتیی دیاریکراو لەو کۆمەڵەدا بنوێنن. ئیتر بەپێی ئەم بۆچونە، بارودۆخی گروپی کەمینە بەپێوانەیەکی لاوەکی دەژمێردرێ کە -بۆ نمونە- جیاوازە لەپێوانەی سامان لەکاتی دیاریکردنی رۆڵی ئەرکەکانداو سەرەنجام لەکاتی دیاریکردنی پێگەی تاك لەنێو سیستمی جیاوازییە کۆمەلآیەتییەکاندا[٢٤]. تاوتوێ کردنی پەیوەندییە رەگەزیو نژادییەکان- بەشێوەیەکی گشتی- رونی دەکاتەوە کەپەیوەندیی دیاریکراو لەنێوان هەلومەرجی چینایەتیی تاکەکانی کەمینەو نێوان هەندێ کاروباری دیاریکراودا هەیە وەك نێونجی تەمەن، ئاستی زانستی، کاریگەریی ژینگەی دەوروبەر، ئەندازەی ئاسایشی ئابوری، پەیوندی لەگەڵ دامودەزگاکانی خاوەن دەسەلآتی کەمترو هتد.

پێنجەم: شیکردنەوەی چینایەتی یارمەتیی ئەوە دەدا بتوانرێ ئەندازەی تێکهەڵکێش بونی کەمینە رەگەزیو کەلتورییەکان یاخود ئەندازەی توانەوەیان لەژیانی کۆمەڵگادا دیاری بکرێ. وەك پێرسۆنز بۆی چووە، پێشبینی دەکرێ بایەخی ئیتنیکی لەکاتی دەستکاری کردنی سیستمی جیاوازییەکانی کۆمەڵگای ئەمریکادا بدات لەکزی[٢٥] . زەحمەتیشە ئەو مەودایە دیاری بکرێ کەتێیدا ئەم گۆڕانە بەکردەوە دەست پێ دەکا، ئەگەرچی ئەوەش زانراوە کەئەندازەو رادەی ئەو تێکهەڵکێشبونە(بەمانای مافە مەدەنییە یەکسانەکان تا ئەندازەیەکی زۆرتر یا کەمتر، بەتایبەتمەندییە ئابوریو فێرکارییەکانەوە)و مۆدێلی توانەوە(بەمانای تەواو

---

[24] Barber, Bernard,(Social Stratification)(Haycourt, Brace and World, 1957).

[25] Persons, Talbott, ((A Revised Analystical ; Aprpoach to the Theory of Social Stratification)), In Bendix and Lipset (eds),.Op.cit., p.118.

پەسندکردنی مۆدێلەکە لەهەمو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا) لەگروپێکی کەمینەوە بۆ گروپێکی تری کەمینە جیاوازیی رونی هەیە. رەش پێستەکان، بە بەراورد لەگەڵ کەمینەی گەلانی تردا، خاوخلیچکتر تێکهەڵکێشی کۆمەڵی ئەمریکایی بون‌و ئەوانەش کەپشتگیرییان لەداواو خواستەکانیان کردووە تاڕادەیەکی زۆر خاوخلیچکترو سستترو ناڕێکوپێکتر بون[٢٦].

---

[26] Kahl, Joseph, ((American Class Structure)) (Holt Reinhort Winston, 1927),pp.247-248.

کۆل (Kahl) دەڵێ: ((دینامیکیای فاکتەرە گۆڕاوەکانی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان بوە بەهۆی خێراکردنی پرۆسەی هەڵلوشینی تۆرەمە سپیەکان، لەکاتێکدا ئەو دینامیکیانە رێوشوێنی پێچەوانەی بۆ هەڵلوشینی رەش پێستەکان بەکار هێنا، چونکە فاکتەرە گۆڕاوە ئابورییەکان بونە مایەی چاککردنی بارودۆخی رەش پێستەکان، لەکاتێکدا کارلێکی فاکتەرە گۆڕاوەکان بەقازانج بۆ رەش پێستەکان گەڕایەوە. ولسۆن ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە ماوەی ئیکسپایەر بونی رەش پێستەکان کۆسپێك بوەو تائێستاش کۆسپێکە لەبەردەم هەڵلوشینییان لەناو نەتەوەدا. ولسۆن ئەوەشی دەخاتە سەر کەتاکی رەش پێست ناتوانێ وەك خەڵکانی تر بەئاسانی رەزامەندیی خۆی((بفرۆشێت)). بەڵام ((سەرەڕای ئەمە، پاش جەنگی(ناوخۆی)ئەمریکا، خۆشگوزەرانی ئەو دەرفەتەی بۆ پێك هێنا کەزۆر گرفت لەکۆڵ خۆی بکاتەوەو زاڵیش بێ بەسەریاندا)). بڕوانە:

Wilson,J,Q.,Negro Politics (The Free Press,1 960),pp.308-309.

# پێرست

پێشەکیی چاپی کوردی ............................................ ٣

پێشەکیی نوسەر ............................................ ٨

**بەشی یەکەم:**

چەمکە تایبەتەکانی پەیوەندیی نێوان زۆرینەو کەمینە ................ ١٥

تەوەری یەکەم: هەنجەتگەرایی ............................................ ١٧

تەوەری دووەم: ململانێوگرژییەکانی ناو گروپی کۆمەڵایەتی ....... ٢٦

تەوەری سێیەم: جیاوازی کردن ............................................ ٢٩

تەوەری چوارەم:چەوسانەوە ............................................ ٣٩

**بەشی دووەم:**

شێوازو رێوشوێنەکانی هەڵسوکەوتی نێوان زۆرینەو کەمینە ......... ٤٣

تەوەری یەکەم: هەڵسوکەوتی کەمینە لەگەڵ زۆرینەدا ................ ٤٥

تەوەری دووەم: هەڵسوکەوتی زۆرینە لەگەڵ کەمینەدا ................ ٥٢

**بەشی سێیەم:**

هۆکانی پەیدابونو پەرەسەندنی کەمینەکان ................................ ٧١

ریشە مێژوییەکانی پەیدابونی کەمینەکان ................................ ٧٣

ریشەی کەمینە نەتەوەییەکان ............................................ ٧٧

ئەو فاکتەرانەی بونە هۆی پەیدابونی دیاردەی پاراستنی مافی کەمینەکان ............................................ ٧٧

**مافەکانی کەمینە نەتەوەیی‌یەکان ............................................ ٧٩**

**مافی کەمینەکان لەسایەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ........ ٨٤**

**هەڵسوکەوتی حکومەتە نیشتمانییەکان لەگەڵ کەمینەکاندا ........ ٨٦**

**بەشی چوارەم:**

**تیڕوانین بۆ کێشەکانی پەیوەندیی نێوان زۆرینەو کەمینە ............. ٩١**

**تەوەری یەکەم: کەمینەکان لەبیری رۆژئاواییدا ............................ ٩٣**

**تەوەری دووەم: کەمینەکان لەبیری مارکسیزمدا ........................... ٩٩**

**بەشی پێنجەم:**

**دەسەڵاتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگا کەمینەکاندا ....... ١٠٩**

**تەوەری یەکەم: پەرەسەندنی بنچینە ئایدیۆلۆژییەکانی پەیوەندیی**
**نێوان کەمینەکان‌و کۆمەڵی ئەمریکایی ...................................... ١١١**

**تەوەری دووەم: پەیوەندیی نێوان بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کەمینەکان‌و**
**ژیانی سیاسیی کۆمەڵ ....................................................................... ١٣٠**

**بایەخی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەتاووتوێکردنی گروپە ئیتنیکییەکاندا ١٤٦**